دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە: ٤٤٥
هەینی ٣١ی خەرمانانی ١٣٨٥
٢٢ی سێپتامبری ٢٠٠٦
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

## درێژەدانی گوشار بۆ سەر ڕێژیمی ئێران پێویستە

جۆرج بووش، سەرکۆماری ئەمریکا کە لەگەڵ تۆڕی هەواڵ بڵاوکردنەوەی CNN وتووێژی دەکرد پاش ئاماژە بەوە کە نابێ ڕێگا بە ئێران بدرێ وتووێژە ناوکییەکان زیاد لە رادە درێژ بکاتەوە، گوتی: کات لە رووبەروو بوونەوە لەگەڵ چالاکییە ئەتۆمییەکانی تاران دا بایەخێکی چارەنووسسازی هەیەو، درێژەی گوشاری وڵاتانی رۆژئاوا بۆ سەر تاران بە مەبەستی هەڵپەساردنی چالاکییە ناوکییەکان زۆر پێویستە.

بووش وێرای نیگەرانی دەربڕین لەوە کە ئێران بە ئەنقەست وتووێژەکان درێژ دەکاتەوەو دەیەوێ کات بکڕێ، گوتی: وا دێتە بەرچاو کە سیاسەتێکی زیرەکانە نیازی درێژ کردنەوەی زەمانی وتووێژەکانی هەیە. بووش لە درێژەی وتووێژەکەیدا پاش ئاماژە بە مافی هەڵبژاردن بۆ ئێران گوتی: ناوبراو وێڕای دەربڕینی نیگەرانی لە قسەکانی ئەحمەدی نەژاد لە بارەی سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر نەخشەی جیهان گوتی: من پێم وایە دەبێ قسەی هەموو کەسێك لەم دنیایەدا بە جیددی بگرین. چونکە ناکرێ هیوادار بین کەتەنیا شتە باشەکان روو بدەن.

مالپەڕی "اخبار روز"، ٣٠ی خەرمانانی ١٣٨٥

# ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیو هێنانە سەرکاری نیزامێکی دێموکراتیك، تاقە ڕێگای بەفیڕۆ نەچوونی خوێنی شەهیدانی بێرلین



### چەوسێنەر و سەرەڕۆ بە مەیلی خۆیان دەست لە چەوساندنەوەو دیکتاتۆری هەڵناگرن

"تا کاتێك زوڵمو زۆر هەبێ، تا کاتێك چەوساندنەوەی جۆراوجۆری نەژادی، نەتەوەیی، مەزهەبیو جینسی باوبێ، تا کاتێك دیکتاتۆریو سەرەڕۆییو یەخسیریو کۆیلەتیو دیلیو ژێرچەپۆکیو هەژاری لە لایەکی دیکە لە گۆڕێ دابێ، شەڕو ناکۆکی هەر دەبێو هەر دەشبێ ببێ! چەوسێنەرو زاڵمو سەرەڕۆ هیچ کاتێك بە مەیلی خۆیان دەست لە چەوساندنەوەو زوڵمو دیکتاتۆری هەڵ ناگرن. مەگەر بە زۆریو لە ئاکامی شکست لە خەباتێکی توندوتیژدا نەبێ! کە وابوو سوڵحو ئاشتیی گشتیی جیهانیو هەر لەو کاتەدا شەڕو خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئازادیو بۆ لەنێوبردنی زوڵمو چەوساندنەوە نەك هەر لێك جیاواز نین، بەڵکوو دوو لایەنو دوو روانگە [رووکار]ی یەك مەسەلەن کە یەکیان تەواوکەری ئەوی دیکەیە. ئەو مەسەلەیەش بریتییە لە ئازادیو بەختەوەریی مرۆڤ."

وتاری "ساڵی تازەی جیهانی" نووسینی دوکتور شەرفکەندی،
"کوردستان"، ژمارە ١٤٥، بەفرانباری ١٣٦٧

## چواردەهەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی دوکتور شەرەفکەندیو هاوڕێیانی

کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆی یەکشەممە، ٢٦ی خەرمانانی ١٣٨٥، بەبۆنەی چواردەیەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی دوکتور سادق شەرەفکەندیو هاوڕێکانی لەلایەن تیرۆریستانی ڕێژیمی تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامییەوە، بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزبو کادرو پێشمەرگەکانو بنەماڵەکانیان ڕێوڕەسمێکی تایبەت لە یەکێك لە بنکەکانی دەفتەری سیاسیدا بەڕێوەچوو.

ڕێوڕەسمەکە سەرەتا بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیو دواتر راگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان بە گشتیو شەهیدانی کارەساتی میکۆنووس بە تایبەتی دەستی پێکرد.

درێژەی ڕێوڕەسمەکە بە شێوەی خوارەوە بەڕێوەچوو:

ـ نمایش کردنی کورتەفیلمێك لەسەر ژیانی سیاسیی دوکتور شەرەفکەندی لەلایەن بەشی فیلمەوە، ـ پێشکەش کردنی پەیامی دەفتەری سیاسی بەم بۆنەیەوە لەلایەن هاوڕێ کاك محەممەد نەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسی، ـ پێشکەش کردنی سروودی "شەهید" لەلایەن کۆڕی هونەرییەوە،ـ خوێندنەوەی پارچە شێعرێك لەلایەن کاك ئەفراسیاب گرامییەوە، ـ پێشکەش کردنی مەقامی "گۆڕستانی پێرلاشێز" لەلایەن کاك فەرەیدوون ئەعزەمییەوە، ـ خوێندنەوەی پارچە شێعرێك بەناوی "هێڤی" لەلایەن خاتوو مریەم حاجیپوورەوە، ـ ڕێوڕەسمەکە بە پێشکەش کردنی سروودی "سادقی شەرەفکەندی" لەلایەن کۆڕی هونەرییەوە، کۆتایی پێهات.

## به بۆنەی پێکهاتنی هەشتەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

لایەنگران، ئەندامان و کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب، سەعات ٤ی پاش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممۆ ڕێکەوتی ٢٠ی خەرمانانی ١٣٨٥ی هەتاوی بەرانبەر ١١ی سیپتامبری ٢٠٠٦ی زایینی، هەشتەمین پلینۆمی خۆی پێك هێناو پاش ٣ رۆژ کاری بەردەوام سەعات ٨ی پاش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممۆ ٢٢ی خەرمانان کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

هەشتەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی سەرەتا بە راگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد. پاشان بەرنامەو دەستووری کاری پلینۆم خرایە بەرچاوی بەشداران و بە دوای پەسندکرانی بەرنامەو دەستووری کاری پلینۆم دا، هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەر کاك مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسو لێکدانەوەیەکی سیاسیی لە پێوەندی لە گەڵ ئاڵوگۆڕەکانی نێوان دوو پلینۆمی حیزب لە ناوچەو ئێرانو کوردستان دا پێشکەشی پلینۆم کرد.

ئەو لێکدانەوە سیاسییە لە چەند دانیشتنی پلینۆم دا کەوتە بەرباسو پاش نەزەردانی بەشداران، لە پێوەندی لە گەڵ هەرکام لە باسەکان دا پەسند کرا.

لەم لێکدانەوەیەدا شەڕی نێوان حیزبوڵڵای لوبنان و ئیسرائیلو، ئامانجو ئاکامەکانی ئەو شەڕە بە وردی ئاماژەیان پێکرابوو، لەو بارەوە پلینۆم هەڵگیرسانی ئەو شەڕەی بە ئاکامی هاندانی حیزبوڵڵا لوبنان لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە زانی کە بۆ جارێکی دیکە پشتیوانیی ئەو ڕێژیمەی لە دەستەو تاقمە توندڕەوە تیرۆریستییەکان خستە بەرچاوی بیروڕای گشتی و ئاشکراتر لە پێشوو ئاژاوەگێری و دەخالەت و دەستتێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری نێوخۆی وڵاتان بە مەبەستی شێواندنی ئارامی و وەزعی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەرخست و جارێکی دیکە ئەو راستییەی نیشان داوە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو سیاسەت و کردەوانەیەوە دەستی وە چەکی ناوکی رابگا، دەتوانێ چ مەترسییەکی گەورەبێ بۆ سەر ئاسایش و ئارامیی ناوچەکە.

لە لێکدانەوە سیاسییەکەدا هەروەها ئاماژە بە وەزعی عێراق بە گشتیو کوردستانی عێراق بە تایبەتی کرابوو، لەو پێوەندییەدا پلینۆم پاش قامك دانان لە سەر ئاڵۆزییەکانی ناوچەکانی ناوەندو باشووری عێراق، خۆشحاڵیی خۆی لە پێکهاتنی حکوومەتی یەکگرتووی کوردو یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەربڕی و هەڵوێستی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی لە پێوەندی لە گەڵ بەکارنەهێنانی ئاڵای عێراقی سەردەمی بەعس لە کوردستان بە هەنگاوێکی نەتەوەیی داناو پشتیوانی لێکرد.

پلینۆم لە پێوەندی لە گەڵ وەزعی ئێران دا ئاماژەی بە کێشە ئەتۆمییەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گەڵ کۆمەڵگای جیهانی کردەوەو ئاکامی هەر دژ کردەوەیەکی ئەنجومەنی ئاسایش و کۆمەڵگای جیهانی بەرانبەر بە لاسارییەکانی کۆماری ئیسلامی خستە ئەستۆی ئەو ڕێژیمە.

پلینۆم بە چاوی ڕێزەوە روانییە حەرەکەتە ئیعترازییەکانی تورکە ئازەربایجانییەکانی ئێران کە لە مانگی بانەمەڕی ئەمساڵ دا بەڕێوەچوو و ئەو بزوتنەوەیەی بە بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی دانا کە لە حاڵی پەرەگرتن دایە.

پلینۆم بە چاوی ڕێزو بایەخەوە روانییە حەرەکەتە ئیعترازییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانو، بە دەنگی حیزبەوە هاتنی خەڵك لە موناسبەتی ٢٢ی پووشپەڕ ساڵڕۆژی تێرۆرکرانی دوکتور قاسملووی نەمرداو باقیی حەرەکەتە ئیعترازییەکانی لە سەرانسەری کوردستان.

پلینۆم پێی لە سەر گرینگی بەهێزکردنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ داگرتەوەو پەرەپێدانو چوونە پێشی رەوتی کاری ئەو کۆنگرەیەی وەك عامیلێکی موناسب بۆ بەرەو پێش بردنی چارەسەری کێشەی نەتەوەکانی ئێرانی لە ئێران دا زانی.

پلینۆم پاش ئاوڕدانەوەیەك لە کاروباری تەشکیلاتی لە دەرەوەی وڵات، تەوسییەی کرد کە سەرنجی زیاتر بدرێتە کاری ڕێکخستن لە ئوسترالیاو ئەمریکا.

پلینۆم بە لەبەرچاوگرتنی زیادبوونی دەزگاکانی راگەیاندنی حیزبو بۆ هەماهەنگی پێك هێنان لە بڵاوکردنەوەی خەبەرەکاندا، دەفتەری سیاسی راسپارد تا بۆ پێك هێنانی ناوەندێکی خەبەری هەوڵ بدا.

پلینۆم لە پێوەندی لە گەڵ گیروگرفتە نێوخۆییەکانی حیزب دا تەوسییەی بە دەفتەری سیاسی کرد کە جارێکی دیکە هەوڵەکانی خۆی لە چوارچێوەی ئوسووڵ و پرنسیپەکانی حیزب و پێرەوی نێوخۆی حیزب دا بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتە درێژە بداو راپۆرتی خۆی لەو پێوەندییەدا بداتەوە بە پلینۆمی داهاتووی کۆمیتەی ناوەندی.

پلینۆم پاش ٣ رۆژ کاری بەردەوام هەروەك ئاماژەی بۆ کرا سەعات ٨ی دوای نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممۆ کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٣٨٥/٦/٢٣ی هەتاوی ـ ٢٠٠٦/٩/١٤ی زایینی**

## سەردانی شاندێکی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی تورکیە لە دەفتەری سیاسیی حیزب

بەیانیی رۆژی دووشەممۆ ڕێکەوتی ١٣٨٥/٦/٢٧ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٠٠٦/٩/١٨ی زایینی، هەیئەتێکی پایەبەرز لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی تورکیە (بەرەی هاوبەشی خەبات) کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان کاك مەسعوود تەك، سکرتێری گشتیی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان P.S.Kو هەڤاڵ سیدار بینگوڵ، ئەندامی سەرکردایەتیی P.S.Kو بەڕێز رۆژهات ئامەدی، سکرتێری پارتی دێموکراتی کوردستان (باکوور)و مامۆستا سەعید، ئەندامی سەرکردایەتیی P.D.Kی باکوورو بەڕێز بۆتان رۆژهەڵات، سکرتێری پارتی وڵاتپارێزی دێموکرات P.W.Dو هەڤاڵ سەرحەد دەرسیمی ئەندامی سەرکردایەتیی P.W.D، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کردو لە لایەن هاوڕێی بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو هاوڕێیان عەلی مێهرپەروەرو محەممەد نەزیف قادری، ئەندامانی دەفتەری سیاسیو ڕۆستەم جەهانگیری ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا هەیئەتی سیاسیی کوردستانی باکوور، مەبەست لە سەردانەکەیان بایەخدان بە پێوەندییە سیاسیو نەتەوەیییەکانیان دوای ئەو یەکگرتنەیان بۆ خەباتی هاوبەش لە کوردستانی باکوور ئاماژە پێکردو بەرنامەو سیاسەتەکانی خۆیانیان باس کرد. بەتایبەت باسیان لە سەر رەوشی کوردستانی باکوورو هەڵوێستی یەکیەتیی ئورووپاو ئەمریکا، بە نیسبەت مەسەلەی کورد لە تورکیە باس کردو ئاماژەیان بە زەرووڕەتی ئەو یەکگرتنە کرد.

پاشان هاوڕێی بەڕێز کاك مستەفا هیجری خۆشحاڵیی خۆی بۆ ئەو سەردانەیان لە حیزب دەربڕیو لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە پیرۆزبایی ئەو یەکگرتنەی لێکردنو ئاواتی سەرکەوتنی بۆ خواستنو باسی لە سەر رەوشی کوردستانی ئێرانو ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان بە نیسبەت مەسەلەی کوردو هەروەها ئەو قەیرانانەی ئێستا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بواری نێوخۆییو نێونەتەوەیی لەگەڵی رووبەڕوو بووە کرد. پاش ئەو باسە سیاسییە ئاڵوگۆڕی نەزەر کراو هەردوو لا هاوکاریو خەباتیی پارتە سیاسییەکانی کوردستانیان بە زەرووریەتێکی سیاسیو ئەرکێکی نەتەوەییو نیشتمانی لەم قۆناغەی جووڵانەوەی رزگاریخوازیی کورددا زانیو لە سەر بەرینتر کردنی پێوەندییەکانیان پێیان داگرتەوە.

قسەکانی کاك محەممەد نەزیف قادری لە ڕێورەسمی چواردەهەمین ساڵڕۆژی شەهید بوونی دوکتور سادق شەڕەفکەندیو هاوڕێیانیدا ٢
هەواڵەکانی کوردستان ٣
پرۆژەی ناوکی، چارەنووسی ڕێژیم بەرەو کوێ دەبا؟ ٤
هێرش بۆ سەر ئازادی لە ١١ی سێپتامبردا ٥
سێهەمین فستیڤاڵی منداڵانی کوردستان ئێران لە تاراوگە ٨
"دوکتور شەرەفکەندی، مرۆڤێکی بەرزو مودیرێکی لێهاتوو..." ٩

## باسێك سەبارەت بە هێندێك لە روانگەو بۆچوونەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی



پێشمەرگەکانی حیزبو چەند کەس لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزب بەشدار بوون.

لەبەرەبەری چوادەیەمین ساڵیادی شەهید بوونی د. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا، پێش نیوەڕۆی رۆژی شەممە ٢٥ی خەرمانان لە کۆڕێك دا کە کۆمسیۆنی فێرکردنو لێکۆڵینەوەی حیزب پێکیهێنا بوو، هێندێك لە روانگەو بۆچوونەکانی ئەم ڕێبەرە تاوتوێ کرا.

لەم کۆڕەدا کە بۆ هاوڕێی بەڕێز کاك سمایل بازیار ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب پێك هاتبوو، ناوبراو لە سێ تەوەردا باسی لە بیروبۆچوونو ڕێبازی هزریی د. شەرەفکەندی کردو روانگەو بۆچوونەکانی ئەوی سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتیو هەروەها توانای ئەو بۆ خۆنوێکردنەوەو خۆگونجاندن لە گەڵ دۆخی نوێی جیهانیو ناوچەیی هێنایە بەرباس.

شایانی گوتنە لەم کۆڕەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە کادرو

کوردستان نێت
Kurdistannet کوردستان نێت

# دەقی قسەکانی کاک محەممەدنەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ١٤ ساڵەی یادی کارەساتی میکۆنووس دا

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**
**خوشك و برایانی خۆشەویست!**
**کادرو پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**
**میوانە بەڕێزەکان!**

ئیزنتان لێ دەخوازم لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، بەخێرهاتنتان بکەم و سوپاسی هەستی بەرزو ئەمەگناسیتان بکەم کە لە ڕێوڕەسمی چواردەهەمین ساڵیادی ڕێزگرتن لە شەهیدانی کارەساتی میکوونوسدا بەشداریتان کردوە، بێ گومان بەشداریی ئێوە لەم کۆڕەدا نیشانەی وەفاداریتانە بە ڕێبازی پیرۆزی حیزبە تێکۆشەرەکەمان و خەبات و تێکۆشانی شەهیدانی نەمرو ئاسوودەیی گیانی پاکیانە.

خوشك و برایانی بەڕێز!

١٤ ساڵ لەمەوبەر، لە ئێوارەی ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی، بەرامبەر بە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ی زایینی، هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەر کاك د. سادق شەرەفکەندی، ناسراو بە کاك د. سەعید، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و، کاك فەتاح عەبدولی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵاتو، کاك هومایون ئەردەڵان، کادری بەوەجی حیزبەکەمانو نوێنەری حیزب لە ئاڵمان و ئاغای نووریی دیهکوردی، تێکۆشەری ڕێگای ئازادی و دۆستی لەمێژینەی حیزب بە پێی پیلانێکی لە پێشدا داڕێژراوی خائینانەو تیرۆریستیی ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە لایەن تاقمە تیرۆریستەکانیانەوە لە ریستورانی میکوونوس لە شاری بێرلینی ئاڵمان دەستڕێژیان لێ کراو شەهید کران، و جارێکی تر گەلی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان تووشی ڕووداوێکی دڵتەزێن و بەژان کرد.

ئەم کردەوە تیرۆریستییە لە کاتێکدا لە لایەن تیرۆریستەکانەوە بەڕێوە چوو، کە کاك د. سەعید پاش تەواو بوونی کۆنگرەی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست لە گەڵ بەشێك لە تێکۆشەرانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بە مەبەستی دیالۆگ و ئاڵوگۆڕی نەزەر بۆ گەیشتن بە بەرنامەیەکی سیاسیی هاوبەش و چالاککردنی جووڵانەوەی ئازادیخوازیی ئێران دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ریستورانی میکوونوس لێك کۆبوونەوە. پاش ماوەیەکی کورت لە پێکهاتنی کۆبوونەوەکە، تیرۆریستەکانی ڕێژیم کە ئاگاداری شوێنی کۆبوونەوەکە بوون دەرفەتیان لێهێنان و شەهیدیان کردن. بەم چەشنە خیانەتێکی دیکەشیان دەرحەق بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو ئۆگرانی ئازادی و دێموکراسی و مرۆڤایەتی لە سەرتاسەری دنیادا کردو، لاپەڕەیەکی ڕەشی دیکەیش چووە سەر کارنامەی پڕ لە ریسوایی و شەرمەزاریی ڕێژیمی کۆنەپەرست و تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی ئێران.

ڕێبەرانی ڕێژیمی تیرۆرو تاوان، لە کاتێکدا کاك د. سەعید و هاوڕێیانیان شەهید کرد، کە گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هێشتا برینی قورسی شەهید بوونی ڕێبەری گەورەمان کاك د. عەبدولرەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان سارێژ نەکردبوو، بۆ ئەوە بە خەیاڵی خاوی خۆیان بتوانن قامەتی بە هەیبەتی حیزبەکەمان بچەمێننو جووڵانەوەی میللی ـ دێموکراتیکی کوردستان تووشی کارەسات و شکستو تێکۆشەرانی گەلی کوردیش تووشی نائومێدی و ناکامی بکەن. بەڵام دیاربوو لە مێژوو دەرسیان وەرنەگرتبووو نەیاندەزانی ڕۆڵەکانی کورد دەرسی خۆڕاگری و گەل دۆستی لە پێشەوای نەمر قازی محەممەدو د.قاسملووی هەمیشە زیندوو فێر بوونو لە بەرانبەر ئەو جۆرە کارەساتانەدا قاڵتر دەبنو پاش شەهید بوونی کاك د.سەعیدیش لە خەبات و تێکۆشان دا بەردەوام دەبن و شێلگیرتر لە جارانیش ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەری بەجێ دەگەیەننو بە ڕێبەرانی تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی دەسەلمێنن کە ڕۆڵەی ڕۆژی تەنگانەن و تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد و ڕێبەرانی شەهیدیان لە سەنگەری خۆڕاگری دا دەمێننەوەو سەربەرزانە ئاڵای حیزبەکەیان بەرز رادەگرن و ڕۆحی شەهیدەکانیش شاد دەکەن.

هاوڕێیانی خۆشەویست!

قسە کردن لە سەر کەسایەتیی کاك د. سەعید و باس کردن لە خەبات و تێکۆشانی و ئاماژە کردن بە لێهاتوویی و دەوری شۆڕشگێرانەی کاتێکی زۆری دەوێ و دەیان کۆڕو کۆبوونەوە هەڵ دەگرێ. بۆیە ئەگەر بە کورتیش بێ بە پێویستی دەزانم گۆشەیەك لە ژیان و بەسەرهاتی ئەم ڕێبەرە هەڵکەوتووەی گەلەکەمان ئیشارە پێ بکەم و ڕێز لە سەروەری و شانازییەکانی بگرین و لە ئەزموونە بەنرخەکانی دەرس وەربگرین.

تێکۆشەری گەورەی گەلەکەمان کاك د. سادق شەرەفکەندی لە ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی ئازادیخوازو نیشتمانپەروەری کورد لە ئاوایی تەرەغەی شاری بۆکان، لە دایك بووە. هەر لە تەمەنی منداڵیدا لە گەڵ ناهەمواریی ژیان ڕووبەڕوو بووەو باوکی لە دەست داوە. ئەرکی سەرپەرەستیی کردنی دەکەوێتە سەرشانی برا گەورەکەی، مامۆستا هەژار، زانای ناودارو شاعیری نیشتمانپەروەری گەلەکەمان. خوێندنی تا تەواو کردنی قۆناغی دیپلۆم وەك قوتابیەکی بلیمەت و زیرەك لە شارەکانی بۆکان و مەهابادو تەوریز تەواو کرد.

پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن چووە دانیشسەرای عالیی تاران، لە ساڵی ١٣٣٨ لیسانسی شیمیی وەرگرت، وەك مامۆستا گەڕایەوە کوردستان و لە شارەکانی مەهاباد و ورمێ خەریکی ئەرکی پیرۆزی مامۆستایەتی بوو. بە هۆی لێهاتوویی و زانایی و خۆشەویستیی لە نێو قوتابییەکاندا بوو بە خاوەنی پێگەیەکی تایبەتی و لە لایەن دەزگای جاسووسیی ڕێژیمی پاشایەتیی حەمەڕەزا شاوە کەوتە ژێر چاودێری و پاش ماوەیەك لە گەڵ چەند کەس لە هاوڕێیان و هاوبیرانی بۆ شارەکانی ئەراك و کەرەج دوور خرایەوە. لە ساڵی ١٣٥١ دا توانیی لە بورسی خوێندنی وەزارەتی علووم بۆ درێژەدان بە خوێندن کەڵك وەربگرێ و بۆ وەرگرتنی دوکتوراکەی بچێتە فەرانسە. لە ساڵی ١٣٥٢ لە ڕێگەی ڕێبەری گەورەمان کاك د. قاسملوو لە گەڵ بەرنامەو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئاشنا دەبێو پەیوەندیی تەشکیلاتی و خەباتی سیاسی لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا دەست پێ دەکاو پاش تەواو کردنی خوێندن لە فەرانسە و وەرگرتنی دوکتوراکەی لە ساڵی ١٣٥٥ دەگەڕێتەوە وڵات و لە شاری تاران دەبێتە مامۆستای زانکۆ.

کاك د. سەعید وێڕای کاری مامۆستایی کاری سیاسی و تەشکیلاتیی کردووەو توانیویەتی لە نێو مامۆستایانی زانکۆو قوتابییانی زانکۆکان و لە نێو کۆڕو کۆمەڵە کوردییەکانی تاران بەرنامەو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان باس بکاو، بە ئامانجەکانی حیزبیان ئاشنا بکاو لە گەڵ تەشکیلاتی حیزبیش، بە تایبەت لەگەڵ د. قاسملووی نەمر پەیوەندییەکی ڕێکو پێك دامەزرێنێ.

بە هۆی لێوەشاوەیی و لێهاتوویی لە ساڵی ١٣٥٨ دا پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی بوو بە موشاویری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و لەو کاتەوە تا شەهید بوونی پلەکانی سیاسی و تەشکیلاتی و بەرپرسایەتیی حیزبی تا سکرتێری گشتیی حیزب وە دەست هێناو لە هەموویانیش بەوپەڕی لێوەشاوەیی و لێزانیەوە ئەرکی خۆی بەڕێوە بردو بوو بە نموونەی تێکۆشەرێکی نیشتمانپەروەرو شۆڕشگێری حیزب و گەلەکەمان.

کاك د. سەعید، خاوەنی زۆر تایبەتمەندیی بەرز بوو، ئینسانێکی مرۆڤدۆست بوو شۆڕشگێرێکی خەڵکی و خاکی بوو. سادقو دڵپاك بوو. ئاکارو کردارێکی بەرزو شایستەی بوو، لە کاری حیزبیدا مودیرو بەڕێوەبەرێکی لێهاتوو بوو. لە گەڵ بێ ئوسوڵی و تەمبەڵی و فرسەت تەڵەبی بەربەرەکانی دەکرد. ئینسانی بە تواناو خەباتگێری خۆش دەویست، لە هەر دەرەتانێك دا هەوڵی دەدا کادری لێهاتوو و بە توانا بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی حیزبی پێ بگەیەنێ. لە کاردا بە بەرنامەو شێلگیر بوو. باوەڕی بە تەشکیلات و ڕێکخستنی چالاك بوو، هەوڵی دەدا بە شێوەیەکی ڕێکو پێك و ئۆرگانی باس و بابەت و سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب بە ئەندامانی حیزبی بگەیەنێت و راو بۆچوونەکانی ئەوانیش وەربگرێ. لە بواری ڕاگەیاندن دا، نووسەرێکی بە تواناو بە بڕشت بوو، خاوەنی بەهرەیەکی زۆر بوو، خزمەتەکانی کاك د. سەعید لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان و ڕۆژنامەی کوردستان بەشێکی بەرچاون لە سەروەرییەکانی ئەم تێکۆشەرە سەربەرزە.

لە بواری سیاسی و دیپلۆماسیدا ئینسانێکی وریاو زاناو ئاشنا بە فەرهەنگی دیپلۆماسی بوو، لە بەرانبەر ڕووداو مەسەلە سیاسییەکاندا هەڵوێستی ڕوون و دروستی هەبوو. لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان لە سەر بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی دۆستایەتی و هاوکاریی دەکردو لە گەڵ هێزە ئێرانییەکان لە سەر هەوڵدان بۆ دابین کردنی ئوسوڵی دێموکراسی و پشتیوانی کردن لە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێران و بە تایبەت گەلی کورد ئەساسی پێوەندی و هاوخەباتی دادەمەزراندو لە گەڵ هێزە خاریجییەکانیش لە سەر ئەساسی پشتیوانی لە مافە سیاسی و ئینسانی و نەتەوەیییەکانی گەلی کورد پەیوەندییە سیاسیو دیپلۆماسییەکانی دادەمەزراند.

هەر ئەم ڕەوشتە شۆڕشگێرانە بوو، کاك سەعیدی کردە ڕێبەرێکی لێهاتوویییەوەو سیمایەکی ناسراو. بەو لێهاتوویییەوە دوای شەهید بوونی ڕێبەری گەورەمان، کاك د. قاسملوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە دژوارترین هەلومەرج دا ڕێبەری کردو نیشانی دا، یادگارێکی بەوەجی دوکتور قاسملوویە. هەر ئەم زیرەکی و لێهاتوویەشی بوو کە ئۆقرەی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بڕیو کەوتە فیکری پیلانی شەهید کردنی و سەرەنجام کەوتە داوی ناجوامێرانە شەهیدی کرد.

بە هەزاران ئاوات و ئارەزووە ماڵئاوایی لە گەلی کوردو حیزبەکەی و ڕۆڵە شۆڕشگێرەکانی کورد کردو ئەرکی درێژەدان بە خەباتی بە هاوڕێیانی و هاوسەنگەرانی سپارد.

بەڕێزان!

تێکۆشەرێکی دیکەی حیزبەکەمان کە لەم کارەساتە دڵتەزێنەدا، شەهید بوو هاوڕێ فەتاح عەبدولی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات بوو، کاك فەتاح یەکێك لە کادرە خەباتگێرەکانی حیزب بوو کە لە کاتی پەیوەندی گرتنی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان تا کاتی شەهید بوونی بەوپەڕی دڵسۆزییەوە خەبات و تێکۆشانی دەست پێ کردو لە ماوەی تێکۆشانیدا بە لێهاتوویییەوە ئەرکی شۆڕشگێری و نیشتمانپەروەری خۆی بەڕێوە بردوەو پلەکانی تەشکیلاتیی تا ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی بە سەرکەوتنەوە تێپەڕاندو بە شانازییەوە گیانی لە پێناو ئامانجەکانی گەلی کورددا بەخت کرد.

شەهیدێکی دیکەی کارەساتی میکوونوس کاك هومایون ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە وڵاتی ئاڵمان بوو، کاك هومایون ئەردەڵانیش، یەکێکی دیکە لە کادرە فەعالەکانی حیزب بوو لە ماوەی خەباتی سیاسیدا دڵسۆزانە خزمەتی بە حیزب و گەلەکەی کردو بە سەربەرزییەوە چووە ڕیزی شەهیدانی کوردستان.



قوربانیەکی دیکەی ئەو جینایەتە سامناکە، ئاغای نووری دیهکوردی خەباتگێری ڕێگای ئازادی و دێموکراسی بوو کە بێبەزەیییانە کەوتە بەر دەستڕێژی تیرۆریستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و گیانی لە ڕێگای ئازادیدا پێشکەش کرد.

خوشك و برایانی خۆشەویست!

شەهید بوونی ڕێبەرێکی هەڵکەوتووی وەك کاك د. سەعید و هاوڕێیانی بۆ جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بنەماڵەی نیشتمانپەروەریان، خەسارەتێکی گەورەو ڕوداوێکی دڵتەزێن و چاوەڕوان نەکراو بوو. هەر بۆیە لە لایەن کۆڕو کۆمەڵە سیاسی و مرۆڤدۆستەکانەوە ئەم کردەوە تیرۆریستییە مەحکووم کراو لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان هاودەردیان کرد. هەر لەو کاتەیش دا داوایان لە دەوڵەتی ئاڵمان و دەزگای ئەمنییەتی و قەزایی ئەو وڵاتە کرد لە سەر ئەم کردەوە تیرۆریستییە لێکۆڵینەوە بکەن و قاتڵانی ئەم جینایەتە بە سزای ئەو تاوانەیان بگەیەنن و بە بیروڕای نێودەوڵەتییان بناسێنن.

ڕێبەران و بەناو نوێنەرانی سیاسی و دیپلۆماسیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش هەوڵێکی چروپڕیان دا تا بەڵکوو ڕەوتی هەنگاوەکانی دەوڵەت و دەزگا پەیوەندیدارەکانی ئاڵمان بۆ شناسایی و ئاشکرا کردنی تاوان بارانی ئەم کارەساتە دا بە لارێ دا ببەنو بە تایبەت لەو مەسەلەیەدا زۆر هەوڵیان دا لە ئەزموونی کارەساتی ڤییەن و شەهید کردنی ڕێبەری گەورەمان کاك د. عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی کەڵك وەربگرن و بە ساتو سەودای بازرگانیی دەوڵەتی ئاڵمانیش ڕازی بکەن. بەڵام هەست بە بەرپرسیاریی دەوڵەت، سەربەخۆیی دەزگای قەزایی و وریایی پۆلیسی ئاڵمان هەموو هەوڵەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان یان نەزۆك هێشتەوەو بە پێچەوانەی ویستەکانی ئەوان تەواوی هەوڵو توانای خۆیان بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەم لێکۆڵینەوەیە وەکار خست بۆ ئەوەی ئەو دەستە ڕەشە لە پشتی ئەم تاوانەوەیە ئاشکرا بکەن. و لە نێو کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان ریسوای بکەن.

ئەوەبوو پاش زیاتر لە ٣/٥ (سێ ساڵ و نیو) لێکۆڵینەوەی بەردەوامی کۆمیسیۆنی تایبەت و دادگای ئاڵمان سەرەنجام لە ڕێکەوتی ٢٣ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ی زایینی، دەزگای قەزایی ئاڵمان، بڕیاری ئازایانەو دادپەروەرانەی خۆی ڕاگەیاند و ئاشکرای کرد. ئەم تاوانە لە لایەن ڕێبەرانی ڕێژیمەوە لە بەرزترین پلەی بەرپرسایەتیدا بڕیاری لە سەر دراوە. ئەم هەوڵە مرۆڤدۆستانەی دەزگای قەزایی ئاڵمان تەواوی کۆروکۆمەڵە نێودەوڵەتییەکانی هەژاندو بوو بە باسی تەواوی ناوەندە سیاسی و ڕاگەیەنە گشتییەکانی جیهان و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرانی تیرۆریستپەروەری ئەم ڕێژیمەیان مەحکووم کردو لە لایەن وڵاتانی دێموکرات و پێشکەوتووە هەڵوێستی لەسەر گیرا.

لە سەر ئەم کردەوە تیرۆریستییە بێجگە لە دەزگای قەزایی ئاڵمان، دەوڵەتی ئاڵمانیش ڕەسمەن لە بەیاننامەیەکدا ئەم کردەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی مەحکووم کردو ڕای گەیاند دەخالەتی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە مەسەلەی تیرۆری میکوونوسدا پێشێل کردنی ئاشکرای یاساکانی نێونەتەوەیییە و ئاڵمان ناتوانێ کردەوەی وا قبووڵ بکا و فەورەن سەفیری خۆی لە ئێران بانگ کردەوە. وازی لە سیاسەتی دیالۆگی ڕەخنەگرانە لە بەرامبەر ڕێژیمی ئێراندا هێناو. چوار کەس لە بەناو دیپلۆماتەکانی ئێرانی لە ئاڵمان دەرکرد.

هەر بە دوای ئەم هەڵوێستەی دەوڵەتی ئاڵمان بوو، یەکیەتیی ئورووپاش هەڵوێستی گرت و پشتیوانی لە هەنگاوەکانی دەوڵەتی ئاڵمان کرد و ڕەخنە لە سیاسەتی تیرۆریستیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گرتو مەحکوومیان کرد. لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی یەکیەتیی ئورووپا دا کە لە ٢٩ی ئاوریلی ١٩٩٧ی زایینی لە لۆکزامبۆرگ پێك هات، زۆربەی وڵاتانی ئورووپایی سەفیرەکانی خۆیان بانگ کردەوەو بڕیاریان دا ویزا بەو کەسانە لە ئێران نەدەن لە کاری تیرۆریستی و جاسووسیدا دەستیان هەیە.

دەوڵەتی ئامریکاش دوای هەڵوێستی دەوڵەتی ئاڵمان و یەکیەتیی ئورووپا، حوکمی دادگای میکوونوسی بەرز نرخاندو خۆشحاڵیی خۆی لە ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوەیە دەربڕی و پشتیوانیی کرد لەو سزایانە کە لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاوە بە سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەیاندو بە هەڵوێستێکی واقیعبینانەی زانیی، و بە سنووردانانێکی ناوبرد کە دەتوانێ پێشی سیاسەتی سەرەڕۆیی و تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەرەوە بگرێ.

بە گشتیی حوکمی دادگای میکوونوس و هەوڵ و تەقەلای دەزگای قەزایی ئاڵمان شانازییەکی گەورە بوو بۆ ئەم وڵاتەو بۆ ئەو کەسانە کە لە ئاشکرا کردنی ئەو تاوانەو ناساندنی تاوانبارەکانیدا دەستیان بووە.

هاوڕێیانی بەڕێز!

پاش ٢٧ ساڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، نەیتوانیوە هیچکام لە داخوازییە ئەساسییەکانی گەلانی ئێرانو کۆمەڵانی خەڵك دابین بکا. ئەم ڕێژیمە عەمەلەن بە ڕێڕەوێکدا دەڕوا وڵات زیاتر تووشی دەردو ڕەنجو مەینەت بکاو لە کاروانی پێشکەوتنی وەدوابخا. ڕێژیم لە سەر سیاسەتی زەبرو زەنگی لە بواری نێوخۆییدا بەردەوامە.

ـ پێشێلکارییەکانی لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و ئازادییە دێموکراتیکەکان

ـ داخستنی ڕۆژنامەکانو گرتنو زیندانی کردنی ڕۆژنامەنووسانو فەعالانی سیاسی

ـ بێحورمەتی کردن بە ژنانو سەرکوت کردنی خەباتی ئازادیخوازانەیان

ــ گیرۆدە کردنی لاوان بە "مەوادی موخەدیر"و زۆر دیاردەی ناحەزی کۆمەڵایەتی دیکە

ــ درێژەدان بە سیاسەتی توندوتیژی بەرامبەر نەتەوەکانی ئێرانو سەرکوت کردنی سەرهەڵدانە ئاشتیخوازانەو ئازادیخوازانەکانیان لە سیاسەتە نەگۆڕەکانی ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامین.

لە بواری نێودەوڵەتیشدا:

ـ درێژە بە سیاسەتی دەستتێوەردان لە کاروباری وڵاتان ئەداو یارمەتیی بە تاقمە تیرۆریستییەکانی ناوچە دەدا.

ـ دنەدانی حیزبوڵڵای لوبنان بۆ تەحویل نەدانەوەی سەربازە ئیسرائیلییەکانو هەڵایسانەنی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل کە بوو بە هۆی وێرانیو زیانو خەسارەتێکی زۆری گیانیو ماڵیی لایەنەکانی ئەو شەڕە

ــ هەوڵدان بۆ پەکخستنی پرۆسەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستداو شەڕو ئاژاوە نانەوە لە نێوان لایەنە فەلەستینەکان

ـ بەردەوامبوونی لە یارمەتی کردنی تاقمە تیرۆریستییەکانی عێراقو ئەفغانستانو حەشاردانیان لە ئێران بۆ دژایەتیکردن لەگەڵ دەسکەوتە سیاسییەکانیانو تێکدانی باری ئاسایشی ڕێژیمە تازەکانیان، سوور بوونی ئەم ڕێژیمەیە لە سەر سیاسەتی پشتیوانیکردن لە تیرۆریزم

ـ مەسەلەی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە چەکی ئەتۆمی، درێژەدان بە سیاسەتی یاساشکێنی نێودەوڵەتیو لاسارییەکانی لەگەڵ کۆڕوکۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان ئێستا بۆتە باسێکی سیاسیو دیپلۆماسی لە ئاست نێودەوڵەتیداو چارەنووسی وڵات بەرەو ئاقارێکی نادیارو مەترسیدار دەبا.

لە بەرانبەر ئەم سیاسەتە تیرۆریستانەی ڕێژیمدا حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای شەهیدبوونی خەباتگێڕی هەڵکەوتووی گەلەکەمان کاك د. سەعید لە هەموو بوارێکەوە نیشانیدا دەتوانێ هەروا سوارچاکی مەیدانی خەباتو تێکۆشان بێ. هەر ئەو هێزو تواناو خۆڕاگرییەی بوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی تاساندو پێی نیشان دا ناتوانێ بە شەهیدکردنی ڕێبەرانی، بە ئاواتەکانی بگات.

ـ هەروەك کە دەبینین ئێستا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەکەوە لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ئێرانی، بەتایبەت هێزە سیاسییەکانی نەتەوەکانی ئێران خەباتو تێکۆشانی هاوبەشو چالاکی هەیە.

ــ لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ لایەنە سیاسییە مرۆڤدۆستەکان لە بواری نێودەوڵەتیدا پێوەندیی سیاسیو دیپلۆماسیی هەیە.

ـ هەروەها لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی کوردستانیش دۆستایەتییو پێوەندییەکی بەرینی نەتەوەییو نیشتمانیی هەیەو بە شانازییەوە بەرژەوەندییە نەتەوەیییەکانی کوردی پاراستوەو لە سەر ئەو سیاسەتەشی بەردەوامە.

خۆشكو برایانی بەڕێز!

هەروەك دەبینن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرچاوەی تەواوی ئەو مەینەتییانەیە کە ئاماژەمان پێکرد. ڕێژیمێك کە ڕێبەرەکەی بڕیاردەری تیرۆری میکۆنۆس بێو سەرکۆمارەکەی یەکێك لە تیرۆریستەکانی عەمەلییاتی تیرۆریستی ڤییەن بێ، دەتوانێ چ خزمەتێك بە گەلانی ئێران بکات؟ بۆ هیچ لایەنێکی بەرپرس گومان نەماوە کە ئەم ڕێژیمە ناتوانێ سیاسەتەکانی خۆی لەگەڵ پرۆسەی ئاشتیو ئازادیو دێموکراسی ڕێك بخا. هەر بۆیە پێویستە لێبڕاوانەتر لە جاران بە هاوکاریو هاوخەباتی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی وڵاتەکەمان بۆ ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران خەبات بکەینو گەلی کوردو گەلانی تینووی ئازادیی ئێرانو هەموو ئۆگرانی ئاشتیو دێموکراسی لە چنگ ئەم ڕێژیمە دیکتاتۆرە ڕزگار بکەین تا ئاسایشو ئاسوودەیی باڵ بە سەر وڵاتەکەماندا بکێشێو ڕوحی شەهیدانی کارەساتی میکۆنووسو هەموو شەهیدانی کوردستانو ئێران ئاسوودە بکەین.

با لە چواردەیەمین ساڵڕۆژی شەهید کرانی کاك د. سەعیدی نەمرو هاوڕێیانیدا جارێکیتر بەڵێنو پەیمان نوێ بکەینەوە کە تا وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانیان درێژەدەری ڕێگاو ڕێبازی پڕ لە سەروەرییان بینو ڕێز لە خەباتو تێکۆشانیان بگرین.

ـ سلاو لە گیانی پاکی شەهیدانی کارەساتی میکۆنووس

ــ بڕووخێ ڕێژیمی تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامیی ئێران

ـ سەرکەوێ خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتیكو فیدراڵ

ـ سلاو لە ئاڵاهەڵگرانی ڕێبازی قازیو قاسملوو و شەرەفکەندی

سوپاستان دەکەم

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

# هەواڵەکانی کوردستان

## ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، ناوو یادی د.شەرەفکەندی و هاوڕێکانی بەرز رادەگرن

بەبۆنەی ٢٦ی خەرمانان، چواردەهەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوێکانی بەدەستی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی لە ریستورانی میکۆنووس لە وڵاتی ئاڵمان، ئەندامان و لایەنگرانی نهێنیی حیزبەکەمان لە سەرجەم شارو ناوچەو گوندەکانی کوردستاندا بە وەڕێخستنی چالاکیی بەرینی تەبلیغاتی و بەشێوەی جۆراوجۆر، ئەو جینایەتەی کۆماری ئیسلامییان ریسواو مەحکووم کردو وەفاداریی خۆیان بە رێبازی سکرتێری بەوەجی حیزب دووپات کردەوە، ئێمە لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە ناوی ئەو شار، شارۆچکەو ناوچانە دەکەین تیایدا چالاکیی تەبلیغاتی بەڕێوەچووە:

کرماشان ـ ناوچەی هەوشار ـ مەهاباد و ناوچەکانی دەوروبەری ـ سەرپێڵزەهاو ـ ورمێ ـ سەقز ـ بۆکان ـ سەلاس و باوەجانی ـ دیواندەرە ـ شنۆ ـ بانە ـ کامیاران ـ مەریوان ـ سنە ـ سەردەشت.

"کوردستان" وێڕای دەستخۆشی و ماندوو نەبوونی لە ئەندامان و لایەنگرانی دڵسۆزی خەباتی میللی ـ دێموکراتیکی نەتەوەکەمان بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنی هەرچی زیاتریان لە پێناوی سەرخستنی ئامانجە بەرزو مرۆڤانییەکانی نەتەوەکەماندا، بۆ دەخوازی.

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ماڵپەڕی **www.kurdistanmedia.com** بکەن.

## ماکۆ

### ئازارو ئەزییەتکردنی خەڵك لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە

ماوەیەکە ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزەکانی سوپای پاسداران و بەسیج کە لە شارەکانی تەوریزو مەرەندەوە هێنراون، لەنێو شاری ماکۆو دەوروبەریدا جێگیر کراون. ئەم هێزانە بە مەبەستی چاوترسێن کردنی خەڵك بە چەکەوە لەنێو شاردا دەگەڕێن و چەك لە خەڵك دەکێشن و لەسەر رێگای هاتوچۆیان تەنگوچەڵەمە پێك دێنن. هەروەها بە بیانووی مانۆڕدان رێگای هاتوچۆی بازرگانەکان دەبەستن و چیاکانی دەوروبەری شار تۆپباران دەکەن. ئەم هێزانە لەسەر رێگاکان چادریان هەڵ داوەو بەشێوەی جۆراوجۆر گیروگرفت بۆ هاتووچۆکەران پێك دێنن و هەڕەشەیان لێ دەکەن.

### دەستبەسەرکردنی لاوێك لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە

لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی ماکۆوە لاوێك بەناوی ئیسماعیل رەهبەری، کوڕی عەلی، خەڵکی گوندی "قەرەقویوون" ماوەی زیاتر لە ٢٠ رۆژە دەستبەسەرکراوە.

ناوبراو بۆ ماوەی ساڵێك لە کوردستانی عێراق دا خەریکی کاسبی بووە کە دواتر بەهۆی نەخۆشییەوە گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەی. بەڵام پاش گەڕانەوە، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە بەوە تۆمەتبار کراوە کە لەم ماوەیەدا لە ریزی حیزبە کوردستانییەکان دا بووە.

بنەماڵەی ئیسماعیل رەهبەری لە چارەنووسی کوڕە نەخۆشەکەیان ئاگادار نین و سەرەڕای چەندین جار سەردانی ئیدارەی ئیتلاعات بۆ ئازادکردنی کوڕەکەیان، بەڵام هیچ وەڵامێکیان پێ نەدراوەتەوە.

### گرتنی ٢ کەس لەلایەن هێزی ئینتیزامییەوە

رۆژی شەمە، ٢٥ی خەرمانانی ١٣٨٥، دوو کەس بە ناوەکانی ئارخا، کوڕی تاجەدین و عەلی، کوڕی سەعید، هەردووکیان خەڵکی گوندی "بەهلولوخولە" لەلایەن ئیتلاعاتی هێزی ئینتیزامیی هەنگی سنووری ماکۆوە گیران و تا ئێستا هیچ هەواڵێك لە چارەنووسیان نیە.

### کوژرانی کچێك

ئێوارەی رۆژی ٢٧ی خەرمانانی ١٣٨٥، کچێکی کورد، کچی ئیسماعیل محەممەدی، خەڵکی ئاوایی شاتریی ماکۆ بەهۆی بەرکەوتنی گوللەوە کوژرا.

جێی باسە روون نەبۆتەوە لەلایەن چ کەس یان کەسانێکەوە ئەم کردوەیە بەڕێوەچووە

## مەهاباد

کاتژمێر ٧:٣٠ی رۆژی یەکشەممە، ١٣٨٥/٦/١٢، ژمارەیەك لە جاشەکان لە گەڕەکی گومرکی مەهاباد دا کەوتنە جنێودان و شەڕفرۆشتن بە خەڵکی مەهاباد بە گشتی و لە ئاکامدا لە نێوان جاشەکان و چەند لاوی ئەم گەڕەکەدا پێك هەڵپڕژان سازبوو. جاشەکان پاش سووکایەتی کردنێکی زۆر بە خەڵك گەڕانەوە بنکەکانیان. بەڵام پاش چەند کاتژمێر هێرشیان کردە سەر گەڕەکی گومرك و بە دارو بەردو چەقۆ کەوتنە گیانی ئەندامانی بنەماڵەیەك کە چەند کەسیان بە ناوەکانی سدیق مەولوودی (شانی راست و دەستی چەپی بریندار کراون)، مەسعوود رەزمگە، تەمەن ١٢ ساڵ (بە توندی بریندار کراوە)، ئەنوەر مەولوودی (دەم و چاوی زەبری دیوەو چەناکەی شکاوە) و ساڵح مەولوودی (دەستی شکاوە)، بریندار بوون.

ئەم هێرشە دڕندایە لە کاتێکدا بووە کە هێزی بە ناو ئینتزامی لە شوێنی رووداوەکەدا بوو، بەڵام پێشیان بە جاشەکان نەگرتووە.

شیاوی باسە کە شەوێك پێشی ئەم کردەوەیە ١٠کەس لە گەورە جاشەکان سەردانی ئەحمەدی نەژاد یان لە ناوەندی ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا کردوە و ئەویش پشتیوانیی خۆی لێیان دووپات کردۆتەوە.

هەروەها ئەمە چەندەمین کەڕەتە کە جاشەکان لە نێو شاری مەهاباددا هێرش دەکەنە سەر خەڵك و سووکایەتییان پێ دەکەن. لە ماوەی یەك ساڵی رابردوودا چەند نموونەی لەم بابەتە لە جاشە خۆفرۆشەکان بینراوە.

## راگەیەندراو

### کردەوەی تیرۆریستیی شاری ئامەد مەحکووم دەکەین

رۆژی سێشەممۆ، رێکەوتی ٢٠٠٦/٩/١٢ی زایینی بەرانبەر بە ١٣٨٥/٦/٢١ی هەتاوی، کاتژمێر ٢١:٣٠ی ئێوارە لە کردەوەیەکی تیرۆریستی و نامرۆڤانەدا لە تەنیشت پارکی کوشیولو (kosuyolu) لە شاری دیاربەکر (ئامەد)ی کوردستانی تورکیە بۆمبێك تەقیەوە. بەداخەوە لە ئاکامدا ١٠ هاووڵاتیی کورد کوژران و بە دەیان کەسیش برینداربوون. لە نێو کوژراوەکاندا ٧ منداڵی ساواو ژنیش دەبیندرێن.

ئەو رووداوە دڵتەزێنە بووە هۆی خەم و پەژارەیەکی زۆر لە شاری ئامەدو خەڵکی ئەو شارە بۆ ماوەی سێ رۆژ دوکان و بازاڕەکانیان بە نیشانەی ناڕەزایەتی داخست.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ دەربڕینی داخ و پەژارەو هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی کوژراوو برینداەکان، ئەو کردەوە تیرۆریستی‌یە لە لایەن هەرکەس یان لایەنێکەوە بووبێ مەحکوومی دەکاو بە کارێکی دزێوو دژی مرۆڤایەتی دەزانێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
١٣٨٥/٦/٢٧
٢٠٠٦/٩/١٨

## سەڵماس

### کوژران و برینداربوونی دوو کەس

رۆژی ١٥ی خەرمانانی ١٣٨٥، دوو کەس بەناوەکانی عیسمەت دەربازی و جاوید، هەردوو خەڵکی گوندی "هێشتراك" لە ناوچەی شپیرانی سەڵماس لە نزیك گوندی ناوبراودا کەوتنە بەر دەستڕێژی کوێرانەی هێزە دژیگەلییەکانی رێژیم و بەم هۆیەوە عیسمەت گیانی لەدەست داو جاویدیش بە توندی بریندار بوو.

### بێسەروشوێن بوونی کەسێك

١٥ رۆژ لەمەوبەر کەسێك بەناوی عەلادین شێخ کانلوی میلان، کوڕی حوسێن، خەڵکی ئیسلام ئابادی سەڵماس، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی رێژیمەوە گیراو تا ئێستا بێسەروشوێنە.

جێی باسە ئەم هێزانە لەماڵی ناوبراودا دەستیان بەسەر دەزگایەکی ماهوارە، دەزگایەکی کامپیوتێرو زەبتێك دا گرتوە.

## مەریوان

### گوشاری هێزەکانی رێژیم بۆ سەر کاسبکارانی سەر سنوور

ماوەیەکە هێزە ئینتیزامییەکانی رێژیم لە سنووری ساوجی سەر بە شاری مەریوان دا زەخت و گوشارێکی زۆریان بۆ کاسبکاران و کاروانچییەکانی ئەم ناوچەیە هێناوەو لەم پێوەندییەدا رۆژانە جیا لەدەستگرتن بەسەر ئەموالی کاسبکاران دا هەڕەشەی کوشتنیان لێ دەکەن و هەروەها لەپێش چاویان ئەو ولاخانەی کە کاسبییان پێ دەکەن دەدەنە بەر رێژنەی گوللە.

جێی باسە لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا زیاتر لە ٩ ولاخی کاروانچییەکانیان کوشتوە.

### کوژرانی کاسبکارێك لەلایەن هێزی ئینتیزامییەوە

شەوی ٢٠ لەسەر ٢١ی خەرمانانی ١٣٨٥، کاسبکارێك بە ناوی کەماڵ، کوڕی مامەرەشە خەڵکی ئاوایی دەرەتفێ، نیشتەجێی گەڕەکی ئیستادیۆمی مەریوان لە سنووری باشماخ دا کەوتە بەر دەستڕێژی بێ بەزییانەی هێزە ئینتیزامییەکانی رێژیم و لە ئاکام دا گیانی لەدەست دا.

## رێژیم خەریکی لەناوبردنی شوێنەوارە نەتەوەیی‌یەکانی کورد لە شاری خۆی دایە

ماوەیەکە رێژیم لە شاری خۆی‌دا دەستی کردوە بە لە ناوبردنی شوێنەوارە نەتەوەیی‌یەکانی کوردو لەم پێوەندییەدا دەیەوێ "پۆلی خاتوون" لە ناو ببا. پۆلی خاتوون، پردێکی ٦ چاویەو لە ساڵی ١١٧٠ی کۆچی مانگی‌دا بە فەرمانی ئەحمەدخانی دۆنبەلی لە ئاجۆرو لەسەر چۆمی قوتوور لە ٣ کیلۆمیتری باشووری خۆی‌دا سازکراوە. بە وتەی خەڵکی ناوچە، حەسەنی، ئیمام جومعەی ورمێ لەم کردەوەیەدا دەستی هەیە.

جیا لەمە شوێنەوارەکانی دیکەی شاری خۆی وەك دەروازەی "تخت سنگی"، دەروازەی کۆنی خۆی، کانی خان، قەڵاو بازاڕی خۆی کە تەواویان لە شوێنەوارە نەتەوەیی‌یەکانی کوردن خەریکە لە نێو دەچن و رێژیم هیچ هەنگاوێك بۆ پاراستنیان ناهاوێژێ.

## نەغەدە

### گیان لەدەستدانی کەسێك لەبەندیخانەدا

ماوەیەك لەمەوبەر کەسێك بە ناوی بێهروز ئابی‌زاد، کوڕی عەلی، خەڵکی ئاوایی فەرۆخزادی نەغەدە کە بە هۆیەکی ناڕوونەوە گیرابوو، لە بەندیخانەدا گیانی لەدەست دا.

جێی باسە هۆی مەرگی ناوبراو روون نەبۆتەوە. بەڵام گومانی ئەوە هەیە کە لە ژێر ئەشکەنجەی بەکرێگیراوانی رێژیم دا گیانی لەدەست دابێ.

### ئازادکردنی بەندکراوێك پاش ئەشکە نجەکێشانێکی زۆر

ماوەیەك لەمەوپێش لە کاتی سەفەری ئەحمەدی‌نەژاددا بۆ نەغەدە کەسێك بەناوی حوسێن عەزیزی، خەڵکی نەغەدە بە تۆمەتی نووسینی دروشم لە دژی رێژیم لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە گیرا. ناوبراو پاش حەوتوویەك لە زیندان ئازاد کرا.

شیاوی باسە ناوبراو لەو ماوەیەدا لەژێر توندترین ئەشکەنجەدا بووەو لە کاتی ئازادکردنی‌دا هەڕەشەیان لێ‌کردوە کە نابێ باسی ئەشکەنجەدانی بکا.

## لە ستۆکهۆڵم یادی شەهیدانی میکۆنۆس بەرز راگیرا

لە یادو بیرەوەریی ١٤ ساڵەی شەهیدانی میکۆنۆس‌دا، کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ستۆکهۆڵم، رۆژی یەکشەممە، ١٧ی سێپتامبری ٢٠٠٦ی زایینی، بەرانبەر بە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٨٥ی هەتاوی لە کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆوە بەرنامەیەکی تایبەتی بەڕێوە برد کە پتر لە ٣ کاتژمێری خایاند.

سەرەتا رێوڕەسمەکە بەخوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" دەستی پێکرد. پاشان خولەکێك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە شەهیدانی کارەساتی میکۆنووس و سەرجەم شەهیدانی رێگای ئازادیی کوردستان راگەیەندرا. بە دوای ئەوەدا، لەلایەن کومیتەی ستۆکهۆڵمەوە بەخێرهاتنی بەشدارانی رێوڕەسمەکە کراو ئینجا بەڕێوەبەری بەرنامە، کاك ئاسۆ موکریانی، ریزبەندیی ناوئاخنی بەرنامەکەی خوێندەوە کە لە درێژەدا بەرنامەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بەڕێوەچوو:

١ - پەیامی کومیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە لە لایەن کاك ناسر فەیزوڵابێگی‌یەوە خوێندرایەوە.

٢ -پەیامی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ــ سوئید، کە لەلایەن کاك سۆران سەقزی‌یەوە پێشکەش کرا .

٣ - پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران — کومیتەی ستۆکهۆڵم کە لەلایەن خوشکە مەستوورە سوڵتانی‌یەوە خوێندرایەوە .

٤ — پێشکەش‌کردنی وتەیەك لەسەر شەهید دوکتور سەعید لەلایەن کاك قاسمی قازی‌یەوە

٥ — کاك عەلی فەتحی کۆمەڵێك لە بیرەوەری‌یەکانی خۆی لەگەڵ شەهیدی هەمیشە زیندوو کاك دوکتور سەعید بۆ بەشداران گێڕایەوە.

٦ — کاك ئاسۆ حەسەنزادە وتەیەکی لەسەر کەسایەتیی شەهید دوکتور شەرەفکەندی پێشکەش کرد.

٧ — کاك هەواڵ ئەحمەدی بە هەڵبەست و سروودی شۆڕشگێڕی بەشداریی رێوڕەسمەکەی کرد

٨ — لە دوا بەشی پەیامەکاندا کاك ئەحمەد کاکەمەمی وتەی خۆی بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد .

دەبێ بگوترێ کە لە درێژەی رێوڕەسمەکەدا فیلمێك لەسەر شەهیدانی میکۆنۆس، کە لەلایەن کاك ئاسۆ موکریانی ئامادە کرابوو، پێشکەش کرا. جێی ئاماژەیە کە سەکۆی رێوڕەسمەکە بە وێنەی شەهیدانی رێبەر قازی، قاسملو و شەرەفکەندی رازابووەوە.

## بەڕێوەچوونی رێوڕەسمێك لە بلژیك بەبۆنەی ١٤یەمین ساڵیادی شەهیدانی میکۆنووس

ڕۆژی یەکشەممە، رێکەوتی ١٧ی سێپتامبری ٢٠٠٦ لە شاری لۆڤنی وڵاتی بلژیك کۆڕێك لە لایەن کومیتەی بلژیکەوە و بە بەشداریی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو. بەرنامەکە بە راگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی رێگای رزگاریی کوردستان و شەهیدانی میکۆنووس دەستی پێکرد و نزیك بە ٢ کاتژمێری خایاند.

## کۆبوونەوەی ئەندامانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لە بریتانیا

رێکەوتی ٢٠٠٦/٩/١٧ (١٣٨٥/٦/٢٦)، ئەندامانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، لقی وڵاتی بریتانیا کۆبوونەوە. لەم کۆبوونەوەیەدا ٧ ئەندامی کۆنگرە بەشدار بوون کە بریتی بوون لە:

١ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢ـــ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٣ـــ حیزبی خەڵکی بەلووچستان (ئێران)

٤ـــ حیزبی هاوپێوەندیی دێموکراتیکی ئەهواز

٥ـ بەرەی یەکگرتووی بەلووچستان

٦ـــ بزووتنەوەی نەتەوەیی بەلووچستان

٧ـ بەرەی یەکگرتووی بەلووچستان (کۆماریخوازەکان)

لە دانیشتنەکەدا بە گشتی لەسەر کۆبوونەوەی داهاتووی سۆئیدو چۆنیەتیی کارەکانی داهاتووی باس و راوێژ کرا.

هەروەها لەسەر چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی سیمیناری لەندەن لە مانگی داهاتوودا باس کراو لەسەر ئامادەکاری بۆ دانانی دەفتەری کار لە لەندەن جەخت کرایەوە.

## کۆچی دوایی باوکی شەهیدێکی حیزب لە ناوچەی ژاوەرۆ

رۆژی ٢٢ی خەرمانانی ١٣٨٥، کاك قوربانی ئەمینی، خەڵکی ئاوایی گوازی سەر بە ژاوەرۆو باوکی شەهیدی سەربەرزی حیزب، شەهید بەرزان ئەمینی، کۆچی دوایی کرد.

کاك قوربان، یەکێك لە ئەندامانە تێکۆشەرو خەباتگێڕەکانی حیزب بوو کە ماوەیەکی زۆر لە بەندیخانەکانی رێژیم دا ئازارو ئەشکەنجەی کێشا.

بەم بۆنەوە پرسەو سەرەخۆشیی خۆمان بە بنەماڵەی کاك قوربان، رادەگەیەنین و خۆمان لە خەم و پەژارەیان دا بە بەشدار دەزانین.

رۆحی شادو رێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی پڕ رێبوار بێ.

**بۆ خوێندنەوەی هەواڵانەی دیکە چاو لە ماڵپەڕی www.kurdistanmedia.com بکەن**

# پرۆژەی ناوکی، چارەنووسی ڕێژیم بەرەو کوێ دەبا؟

جەمیل کولاهی

دوسیەی ناوکیی ئێران، بۆ ماوەی چەند ساڵە بۆتە یەکێك لە گەورەترین کێشە نێونەتەوەیی‌یەکان. لەو بارەیەوە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە زۆر دانیشتنو وتووێژ کراوەو چەندجاریش لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاوایی‌یەوە، زۆر بەڵێنو پێشنیاری ئابووریو سیاسی بە ئێران دراون، کە تا ئێستا ڕێژیمی ئێران هەموویانی ڕەد کردونەتەوە. هەروەك پێشوو پێی لەسەر پیتاندنی ئورانیوم دادەگرێو بە مافی بێئەم لاو ئەو لای خۆی دەیزانێ. وڵاتانی ڕۆژئاوایی کێشەیەکیان لە سەر ئەو مافە نیە، بەڵکوو کێشەکە لەسەر ئەوەیە کە ئەو وڵاتانە بە هۆی ئەوەوە کە ڕێژیمی ئێران پێشتر بۆ ماوەی نێزیك بە دوو دەیە لەو بارەیەوە نهێنی‌کاری کردووەو بە دوور لە چاودێریی IAEA، خەریکی سازکردنی دامەزراوە ناوکییەکان بووەو هەروەها ڕێژیمی زاڵ بەسەر ئێراندا وەك گەورەترین پشتیوانی تیرۆریزمو پێشێلکەری مافەکانی مرۆڤ ناسراوەو پەیتا پەیتا هەڕەشەی سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر نەخشەی جیهان دەکا، متمانەی پێناکەنو لەوە دەترسن کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ژێر پەردەی بەقەولی خۆی بەرنامەی ئاشتییانەی ناوکیدا دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگا. هەروەك گوترا وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ پێشگرتن لە بە دەست پێ ڕاگەیشتنی ڕێژیمی ئێران بە تیکنۆلۆژیی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی، گەڵاڵەو پێشنیاری زۆریان پێشکەشی ئەو ڕێژیمە کردون، کە لەگەڵ وەڵامی نیوەناتەواوی ڕێژم بەرەوڕوو بوون، کە دوایین پێشنیاری ئەو دەوڵەتانە، ڕیزە پێشنیارییەکی ڕۆژئاوایی‌یەکان کە هەڵگری کۆمەڵێك پێشنیاری ئابووریو زانستیو تەنانەت سیاسی بوون، بوو کە ڕێژیم وەڵامێکی ناڕوونی بە نیسبەت ئەو ڕیزە پێشنیارانەوە، داونەتەوە . بە گشتی ڕێژیم چەندین مەبەستی لە دانەوەی ئاوەها وەڵامگەلێك هەیە وەك:

١ـ نانەوەی دووبەرەکی لە نێوان دەوڵەتانی بڕیار بەدەستو زلهێزی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، بۆ ئەوەی کە توانای دەرکردنی بڕیارنامەیەکی ئەوتۆیان کە هەڕەشەی نیزامی یان گەمارۆی ئابووری بخاتە سەر ئێران، نەبێ.

٢ـ کڕینی کات بۆ ئەوەی کە دەستی بە بەرنامە ناوکییەکانی ڕابگا.

ئەگەر بەوردی سەرنجی کێشەکە بدەین دوولایەنی سەرەکیی ئەم کێشەیە ئێرانو ئەمریکان، کە هەر دوو حکوومەت کێشەی قووڵی سیاسییان پێکەوە هەیە. بۆ گەیشتن بە بنچینەی کێشەکە دەبێ هەندێك قووڵتر بچینە ناخی مەسەلەکەوە تا بزانین دوو لایەن "ئێرانو ئەمریکا" چییان لەیەکدی دەوێ؟

ئابووری ئەمریکا تا ئێستا لە نێو ڕکەبەرکانیدا باندەست بووە بەڵام لەم دواییانە بە هۆی گەشەکردنی ئابووریی ئەو وڵاتانە، لە داهاتوویەکی نێزیکدا جێگای ئەمریکا لە بازاڕی جیهانیدا بەرتەسك دەبێتەوە، بۆیە لەو ماوەیەدا دەیەوێ لە هێزی نیزامیی خۆی کە لە باری هێزو تیکنۆلۆژییەوە پێشکەوتووترینو بە تواناترین هێزی نیزامی هەیە، ئەوپەڕی کەڵکی خۆی لێی وەرگرێ تا بەم شێوەیە پێش بە لاواز بوونەوەی خۆی لە ئاستی جیهانیدا بگرێ، بۆ گەیشتن بەم مەبەستە ئەمریکا دوو بەرنامەی گرتۆتە پێش تا دەسەڵاتی خۆی بەسەر جیهاندا ڕابگرێ کە بریتین لە:

١ـ کۆنتڕۆلی ناوچە ئیستراتێژیکەکانی جیهان بە کەڵك وەرگرتن لەهێزی نیزامی

٢ـ دەست گرتن بە سەر سەرچاوەی وزەی جیهاندا.

پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی گەورە کە لە لایەن ئەمریکاوە هاتە ئاراوە، هەر لەم پێناوەدا بوو، چوونکە ڕۆژهەڵاتی ناڤین ناوچەیەکی ئیستراتێژیکی جیهانە. جیا لەوە کە ئەو ناوچەیە پردی نێوان سێ قاڕەی ئاسیا، ئورووپاو ئەفریقایە، هەروەها ئەو وڵاتانەی کە لەو ناوچەیەدا هەڵکەوتون نێزیك بە ٦٠٪ی نەوتو گازی جیهان دابین دەکەن. ئەم تایبەتمەندییە گرینگانە وایان کردوە کە ڕۆژهەڵاتی ناڤین تا ساڵانێکی دوورودرێژ هەروها وەك ناوەندی ململانێی وڵاتانی سەنعەتیو زلهێزی جیهان بمێنێتەوە. ئێستا ئابووریی وڵاتانی سەنعەتی جیهانو ئەو وڵاتانەی کە روو لە گەشەکردنن بە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناڤینەوە بەستراوەتەوە. بۆ وێنە وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا، چینو ژاپۆن

بە دوای ڕووداوی تیرۆریستی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١و هێرشی نیزامیی ئامریکا بۆ سەر ئەفغانستانو عێراق تا ڕادەیەکی هەرەزۆر ئەو مەبەستەی ئەمریکا دەرکەوت. ئێستا ڕێژیمە زاڵەکان بەسەر وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا، بە تایبەت ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە وەك "بانکداری تیرۆریزم" لە جیهاندا ناسراوە هەستیان بەو مەترسییە کردوە. چوونکە لەو پرۆژە نوێیەی کە ئەمریکا بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی دایڕشتوە ڕێژیمە دیکتاتۆر، توتالیترو تیرۆریست پەروەرەکان جێگایەکیان نیە، چوونکە ئەو پرۆژە نوێیەی ئەمریکا، هەڵگری کۆمەڵێك گۆڕانکاریی سیاسی، فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی لەو ناوچەیەیەو خوازیاری جێگیربوونی ئازادییە سیاسی، فەرهەنگیو کۆمەڵایەتییەکانە کە لەگەڵ ناوەرۆکی ئەو ڕێژیمانەی ناوچە یەك ناگرێتەوە، بۆیە ئەمریکا دەیەوێ وێڕای کونترۆڵی ئەو ناوچەیە ڕێژیمگەلێکی دێموکراتیك بێنێتە سەرکار، کە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە ڕێژیمگەلی دێموکراتیك وێڕای پاراستنی مافی مرۆڤ پشتیوانی لە تیرۆریزم ناکەنو باشتریش بەرژەوندی ئەمریکا دەپارێزن. هەر لەبەر ئەمەیە کە ئەو ڕێژیمانە لەگەڵ ئەو پرۆژەیە دژایەتی دەکەن.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەو بەرنامەیەی ئەمریکای بە تەواوی بۆ دەرکەوتووەو ترسی ئەوەی لێ نیشتوە کە شەپۆلی ئەو گۆڕانکارییانە کە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی گرتۆتەوە، دێر یان زوو بگاتە ئێرانو تاجو تەختی ڕێژیم تێك بشکێنێ. بۆیە ڕێژیم کەوتۆتە خۆیو بەرنامەیەکی بەربڵاوی گرتۆتە پێش کە تەنیا مەبەستی پاراستنی ڕێژیمە. ڕێبەرانی ڕێژیم بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ڕێژیمەکەیان بیریان لە بەدەستهێنانی تێکنۆلۆژیی دروست کردنی چەکی ناوکی کردۆتەوە. کە ئەمە لەگەڵ دژایەتی توندی ڕۆژئاوا بە تایبەت ئەمریکادا ڕووبەروو بۆتەوە. چوونکە ڕێژیم ڕابردوویەکی خاوێنی لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤو بەرچاوگرتنی پێوانە نێونەتەوەیی‌یەکان نیەو بە توندی دژایەتی بایەخە مرۆڤانیو سەردەمییانەکان دەکاو گەورە پشتیوانی تیرۆریزمە، بۆیە ئاوەها ڕێژیمێکی تەیار بە چەکی ناوکی، هەڕەشەیەکی گەورەیە لە سەرکۆمەڵگای نێونەتەوەیی. بەم بۆنەوەیەیە کە ڕێبەرانی ڕۆژئاوا دەڵێن ئێرانێکی تەیار بە چەکی ناوکییەوە تەحەمول ناکرێ.

کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە چەکی ناوکی، دوو بەرنامەی گرتۆتە بەر، یەکەم ئەوەی کە، ئێستا دەزانێ هێزێکی گەورەی نیزامیی ئەمریکا لە ناوچەیە، ئەو پەڕی هەوڵی خۆی بۆ گردەنشین کردنی ئەو هێزانە لە عێراقو ئەفغانستاندا دەدات بۆ ئەم مەبەستە جیا لە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئەفغانستانو یارمەتی بە تیرۆریستانی ئەو وڵاتە، لەم لایشەوە بێوچان خەریکی پەروەردەو بارهێنانی هێزە تیرۆریستییەکانی نێو عێراقەو دەیەوێ شەڕێکی نێوخۆیی لە عێراق ساز بکا. بە پێی ڕاگەیاندراوی خۆیان سوریە هاوپەیمانی ئیستراتێژیکی ڕێژیمە، لە تەنیشت سووریەشەوە یارمەتیی لوجێستیکی دەگەیەنێتە حیزبوولڵای لوبنانو لە حەماسو تاقمە تیرۆریستییەکانی فەلەستینی پشتیوانی دەکا.مەبەستی ڕێژیم لەم کارە، سازکردنی هاوپەیمانی ئیدئولۆلۆژیك لەو کەوانە شێعە نشینەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین واتە لوبنان، سووریە، عێراقو ئێرانە. بەم شێوەیە دەیەوێ شەڕەکە بخاتە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانو بە سەرقاڵکردنی ئەمریکا بە وڵاتانی ناوچەکەوە، ئەو وڵاتە دەرفەتی هێنانی گوشاری بۆ سەر ئێران نەبێ. بەرنامەی دووهەمی کۆماری ئیسلامی درێژکردنەوەی وتووێژەکانە. کۆماری ئیسلامیی کە ئێستاکە خەریکی تاقیکارییە ناوکییەکانیەو خەریکی پیتاندنی ئوورانیۆمە دەیەوێ بەدرێژکردنەوەی وتووێژەکانو دانەوەی وەڵامی ناروون بە داخوازی وڵاتانی ١+٥ کاتی زیاتر بۆ گەیشتن بە بەرنامە ناوکییەکانی بەدەست بێنێ. کۆماری ئیسلامی ئەو دوو بەرنامەیە شان بە شانی یەکدی دەباتە پێش، تا بە ئامانجەکانی خۆی بگا.

کۆماری ئیسلامی چەکی ناوکیی بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی دەوێ. بۆیە لە وەڵامە ٢١ لاپەڕەیەکەی ، بەڕیزە پێشنیارەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی دا دەردەکەوێ بە دوای بەدەستهێنانی تەزمینی ئەمنییەتییەوەیە، کە ئەمە لەگەڵ ئەو پرۆژەیە کە ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا خەریکی جێبەجێ کردنیەتی یەك ناگرێتەوە، ئەو پرۆژەیە تووشی شکست دەکا. ئەمە شتێکە کە لە وتەکانی جۆرج بووش سەرکۆماری ئەمریکا کە چەند مانگی پێش وتی کە "ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بە ئازادی لە ئێران بەستراوەتەوە". دەردەکەوێ تەنانەت ئەگەر کۆماری ئیسلامی لەسەر بەرنامە ناوکییەکە دەست هەڵبگرێ، ئەوەندە پەرەوەندەی ڕەشەو کێشە خولقێنە کە بە سانایی ئەمریکاو ئێران پێکەوە نێزیك نابنەوە، چوونکە ناوەرۆکی کۆماری ئیسلامی کێشە خولقێنەو دەبێ قەیران بخولقێنێ تا بژی. کە ئەمە دژی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوایە بۆیە نەمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی گەورەدا بە مانای سەرکەوتنی پرۆژەکەیە. ئەگەر وڵاتانی ١+٥ لەسەر فشار خستنە سەر کۆماری ئیسلامی ڕێك نەکەون، ئەمریکا ڕێگایەکی نیە بێجگە لەوە کە خۆی یەکلایەنە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەرەو روو ببێتەوە، چوونکە ئەگەر کۆماری ئیسلامی هەر بەو جۆرە درێژە بە کارەکانی بداو هیچ هەڵوێستێك لە بەرامبەریدا نەگیردرێ، کۆماری ئیسلامی بە زوویی دەستی بە چەکی ناوکی دەگاو دەبێ وەك زلهێزێك حیسابی لەسەر بکرێ، کە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بکەوێتە ژێر فشاری ئێرانو تاقمە تیرۆریستییەکانو بە ناچاری هەنگاو بە هەنگاو لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین پاشەکشە بکا کە ئەمە شکستێکی گەورەیە بۆ ئەمریکا کە ڕەنگە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی چەند جەمسەری دیکە لە جیهاندا. کە بە پێی قسەی ڕێبەرانی ڕێژیم، ئێران بە پیتاندنی ئوورانیوم درێژە دەدا، بۆ وێنە خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم بە ڕاشکاوی ڕای گەیاند کە "پیتاندنی ئورانیوم بۆ ئێران لە دەرهێنانی نەوتیش گرینگترە." بۆیە دەس هەڵگرتنی ئێران لە پیتاندنی ئوورانیوم بە بێدانی تەزمینی ئەمنییەتی بە ڕێژیم، چاوەڕوان ناکرێ. بەم پێیە ئەگەری دەرگیری نیزامی لە نێوان ئەمریکاو کۆماری ئیسلامیدا لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا بە دژوار نازانرێ، چوونکە وڵاتانی ١+٥ بە تایبەتی ڕووسیەو چین بە هۆی هەبوونی پێوەندیی ئابووری لە گەڵ ئێرانو هێندێك تێبینی سیاسی زۆر لە سەر سزادانی ئێران کۆك نینو خوازیاری چارەسەری کێشەکە لە ڕێگای دیپلۆماسیو دیالۆگەوەن کە لە سەرەوە بە مەبەستی ڕێژیم لە درێژەدانی دیالۆگ ئاماژە کرا. کە ئەم هەڵوێستانەی ڕووسیەو چین بۆتە هۆی ئەوەکە ڕێژیم پڕکێشیی ئەوە بکا کە مل بۆ بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان را نەکێشێ. بۆیە ئەگەر ڕووسیەو چین دەست لە پشتیوانی لە ئێران هەڵ نەگرن ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەمریکا لەدەرەوەی چوارچێوەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پێکهێنانی بەرەیەك دژی ئێران هەوڵەکانی خۆی بخاتە گەڕو لە بەرامبەر ئێران دا هەڵوێستی توند بگرێ. نیشانەکانی پێکهێنانی ئەم بەرەیە لەوە دەردەکەوێ کە ڕامسفێلد، وەزیری بەرگری ئەمریکا، چەند ڕۆژ لەوەو پێش وتی کە "بە پێچەوانەی بۆچوونی کارناسان ئەمریکا جیا لە ئەفغانستانو عێراق توانایی کردنەوەی بەرەیەکی دیکەی دژی وڵاتێکی دیکە هەیە". کە ئەمە سوور بوونی ئەمریکا لەسەر جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، دەگەیەنێو هاوکات هەڕەشەیەکە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ئەو هەڕەشەیە بە دوو شێوەیە: ١ـ گەمارۆی ئابووریی، ٢ـ هێرشی نیزامی. ئەگەر کۆماری ئیسلامی گەمارۆی ئابووری بدرێ بە هۆی ئەوەوە کە ئابووریی ئێران بەستراوە بە داهاتی نەوتە ئێران تووشی قەیران دەبێ، ڕێژیمی ئێران پەرەوڕووی ئاستەنگی زۆر دەبێتەوە. گەمارۆی ئابووری دەتوانێ وەك کاتالیزۆرێك خێرایی بە سەرهەڵدانی نەتەوەییو ئازادیخوازیو کۆمەڵایەتییەکانی نێو ئێران بدا. بەڵام بە هۆی پێداگریی کۆماری ئیسلامی لەسەر بەرنامەکانی ئەگەری پێکهێناتنی شەڕێك لە نێوان ئەمریکاو ئێراندا، چاوەڕوان دەکرێ، چوونکە ئەمریکا خوازیاری شتێکە، (جێبەجی بوونی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی گەورە) کە ئەگەر بێتە دی ڕێژیم لەبەرەیەك هەڵدەوەشێتەوە، لە بەرامبەردا ڕێژیمی ئێرانیش خوازیاری شتێکە، (تەزمینی ئەمنییەتی) کە ئەگەر پێ بدرێ ئەو پرۆژەیەی ئەمریکا کە لەسەری سوورە، تووشی شکست دەبێ، بۆیە ئەو دوو لایەنە بە ئاسانی پێك نایەن، چوونکە خواستەکانیان دژبەیەکە، کە هەر ئەمە کێشەکەی بە شێوەیەکی جیددی قووڵتر کردۆتەوەو بارودۆخەکە بەرەو شەڕ دەبا، کە ئەگەر شەڕێکیش روو بدا، ئێران لایەنی دۆڕاوی ئەو شەڕەیە. چوونکە شەڕەکە، شەڕی تێکنۆلۆژییە کە بەدڵنیاییەوە تێکنۆلۆژیی ئەمریکا تیکنۆلۆژییەکی پێشکەوتووەو ئێران توانایی بەربەرەکانێی لەگەڵ ئەمریکا دا نیە، چوونکە تێکنۆلۆژیی ئێران، تیکنۆلۆژییەکی پاشکەوتوو و هی سەردەمی یەکیەتیی سۆڤییەتە کە لە




**کۆماری ئیسلامی چەکی ناوکیی بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی دەوێ. بۆیە لە وەڵامە ٢١ لاپەڕەیەکەی ، بەڕێزە پێشنیارەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی دا دەردەکەوێ بە دوای بەدەستهێنانی تەزمینی ئەمنییەتییەوەیە، کە ئەمە لەگەڵ ئەو پرۆژەیە کە ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا خەریکی جێبەجێ کردنیەتی یەك ناگرێتەوە، ئەو پرۆژەیە تووشی شکست دەکا.**

**ڕێژیمە تیرۆریست پەروەرەکان جێگایەکیان نیە، چوونکە ئەو پرۆژە نوێیەی ئەمریکا، هەڵگری کۆمەڵێك گۆڕانکاریی سیاسی، فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی لەو ناوچەیەیەو خوازیاری جێگیربوونی ئازادییە سیاسی، فەرهەنگیو کۆمەڵایەتییەکانە کە لەگەڵ ناوەرۆکی ئەو ڕێژیمانەی ناوچە یەك ناگرێتەوە.**

کوردستان نێت

# هێرش بۆ سەر ئازادی لە ١١ی سێپتامبردا

ڕەزا فەتحوڵڵانەژاد

پێنج ساڵ لەمەوپێش و لە ڕۆژی ١١ی سێپتامبردا، کۆنترۆڵی چوار فڕۆکەی نەفەرهەڵگر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، کەوتنە دەست تیرۆریستانی بناژۆخوازی ئیسلامییەوە کە دوو فڕۆکەیان بە بورجە جمکەکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی لە نیۆیۆرکدا تەقاندەوەو یەکێکی دیکەیان بە دیواری ساختمانی پێنتاگۆندا داو ئەوەی دیکەشیان پێش لەوەی بگاتە ئامانجەکەی، هەر لە ئاسمانەوە تەقییەوە. کارەساتی تیرۆریستی ١١ی سێپتامبر، تەنیا مردن و برژانی جەستەی هەزاران مرۆڤ لەنێو ئاگری بورجە جمکەکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا نەبوو، بەڵکوو پێکهاتنی کەشوهەوای نەبوونی ئاسایش لە سەرانسەری جیهان و دڵڕەشبوونی هاووڵاتییانی ئەمبەر بە نیسبەت ئەو بەری جیهان و زیاتربوونی مەوداکانی نێوان مرۆڤەکان بوو. موسوڵمانان لە بەرامبەر ناموسوڵمانان‌دا، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی لە بەرامبەر ڕۆژئاوایی، باشووری لە بەرامبەر باکووریدا، جیهانی پەرەئەستێن لە بەرامبەر جیهانی پێشکەوتوودا و... لەو هێڵە دابەشکردنانەن کە پاش کارەساتی ١١ی سێپتامبر، پڕڕەنگتربوون. ١١ی سێپتامبر، ئاکامی سەرشێتی و ئاکاری نالەباری تاکەکەسی گرووپێک هەر وەك "گرووپی سێپتامبری ڕەش" نەبوو برینەکەشی تەنیا ئەوانەی نەگرتەوە کە ڕاستەوخۆ وەبەر هێرشەکە کەوتبوون، بەڵکوو ئاکامی سەرهەڵدان و هەڵڕسکانی نباژۆخوازیی ئیسلامی و پەرەسەندنی ئەم ئیدئۆلۆژییە لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی‌ناڤین و جیهانی ئیسلام دا بووو سەرانسەری خەڵکی جیهانیشی بریندار کرد.

کارەساتی ١١ی سێپتامبر بووە هۆی ڕاچڵەکینی ڕۆژئاوایی‌یەکان کە وەدووی هۆکارە بنەڕەتییەکانی وەها کردەوەیەکی تیرۆریستی بگەڕێن. ناسینی بکەرانی ١١ی سێپتامبر کە هەموویان ڕۆژهەڵاتی ناڤینی و ئەندامی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بە ڕێبەرایەتیی ئوسامە بن لادەن بوون، بۆ ناسینی هۆکارە بنچینەیی‌یەکانی ئەو کردەوەیە یارمەتیدەر بوو. بناژۆخوازیی ئیسلامی کە خۆی بە ڕاستیی ڕەها لە قەڵەم دەدا بەردی بناغەکەی لە سەردەمی کۆلۆنیالیزم لە سەدەی نۆزدەیەم دانرا، بەڵام لە شێوەی ڕێکخراوو نوێی خۆیدا بە سەر دوو قۆناخی سەردەمی شەڕی ساردو پاش شەڕی سارد دابەش دەکرێ.

لەنێوچوونی جەمسەریی سوسیالیستی و کۆتاییهاتن بە شەڕی سارد لە سەرەتای دەیەی ٩٠ی سەدەی پێشوودا، وێڕای هێنانەگۆڕی مەسەلەگەلێك وەك ئازادی، مافە نەتەوایەتی و دێموکراسی، لەگەڵ پەرەسەندنی تێکنۆلۆژی، پەرەسەندنی پەیوەندییەکان، خێرایی پێوەندییەکان و ئاڵوگۆڕ لە هێزە جیهانییەکاندا هاوکات بوو. لە بارودۆخی پاش شەڕی سارد، بناژۆخوازیی ئیسلامی کە پێشتر بۆ خەبات دژی داگیرکاری و تەشەنەکردنی ئیدئۆلۆژیی کۆمۆنیزم بۆ نێو وڵاتە موسوڵمانەکان ڕێك خستبوو، کەوتە قۆناخێکی نوێوە، بە واتای ڕاستەقینە لە سەردەمی بەجیهانیبووندا ئەو ڕەوتە لە هەوڵی بەجیهانیبوونی خۆیدا بوو. هەر وەك چۆن لە سەردەمی پاش شەڕی سارددا، بیروهزری ڕۆژئاوایی کە خۆی لە چەمکگەلێك وەك دێموکراسی و ئازادی و مافی نەتەوایەتیدا دەبینییەوەو بەرژەوەندیی ڕۆژئاوا، چ لە باری ئابوورییەوەو چ لەباری کولتوورییەوە بە هەموو جیهاندا بڵاو بۆوە، ئیسلامی سیاسییش چوارچێوەی چالاکی و ئۆپەراسیۆنی خۆی تەنیا لە چوارچێوەی وڵاتە ئیسلامییەکاندا نەهێشتەوەو تۆڕگەلێکی پێك هێنا




کە لە نوختە جیاوازەکانی جیهاندا چالاکی بنوێنن.

بە سەرنجدان بەوەی کە بناژۆخوازی (فێندەمێنتالیزم) لە ناوی فێندەمێنتالە خاچپەرستەکانەوە وەرگیراوە کە خوازیاری گەڕانەوە بۆ دەق و بنەما ئایینییەکان لە بەرامبەر سیکۆلاریزم و پرۆتستانیزمدا بوون، ڕوونە کە بناژۆخوازی ئیسلامییش خوازیاری گەڕانەوە بۆ دەق و بنەماکانی ئایینی ئیسلامەو لەنێوبردنی وەها هزرێکیش نەلواوە، بەڵام ئەوەی گرنگەو دەکرێ لێئەستاندنەوەی هێزو لێدانی پەلوپۆکانی بناژۆخوازی‌یە کە نەتوانێ ببێتە هێزێکی مەترسیدارو بەدەسەڵات. ئەو هۆکارانەی کە لەم سەردەمەدا یارمەتیی بە بەهێزبوونی ڕێکخراوو مانەوەی دەسەڵاتە بناژۆخوازەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا دەدەن، هەڵڕسکاوی ئەو بارودۆخە ئابووی، سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتییەن کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە چوارچێوەیان بەند بووە. ڕۆژهەڵاتی ناڤین سەرەڕای ئەوەی لەباری مێژوویی و جوغرافیای سروشتییەوە دەوڵەمەندە، بەڵام خەڵکەکەی بەدەست ژیان لە هەژاریی جۆراوجۆردا دەناڵێنن و ئەمەش مەودای نێوان ناوچەکەی لەگەڵ ڕۆژئاوا لە هەموو بوارەکاندا زێدەتر کردوەو بەرەوڕووبوونەوەیەکی توندوتیژانە ئاراستەی کردوە. هەستکردن بە زۆربوونی مەودای نێوان ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ڕۆژئاوا تەنیا بە ڕوودانی کارەساتی ١١ی سێپتامبر، نەهاتەدی، بەڵکوو پێشترو بە تایبەت پاش شەڕی سارد نیشانەکانی ئەم مەترسییە دەرکەوتوەو باسیشی لەسەر کراوە. ئەو بیرۆکە خۆی بە دوژمنی دێموکراسی و ئازادی و بوونی فرەیی دەزانێ و خۆیشی لەدایکبووی کەشوهەوای داخراو و زۆرەملەیەو هەر بۆیەشە بوونی ئازادی، دێموکراسی و فرەیی بناژۆخوازی دەخنکێنێ و ڕێگای گەشەی لێدەستێنێ.

ـــ لێڕوانینی جیهانیی دژی

## بناژۆخوازی و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی پاش کارەساتی ١١ی سێپتامبر

کارەساتی ١١ی سێپتامبرو ڕۆڵی هەژێنەری ئەو کارەساتە، بەگشتی سێ لێڕوانینی جیاوازی لەمەڕ چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئیدئۆلۆژییەك کە سنووری سروشتیی خۆی بەزاندوەو خۆی گەیاندوەتە نێو دڵی زلهێزترین وڵاتی جیهان هێنایە گۆڕێ. یەکەم: کەمکردنەوەو نەهێشتنی بەریەککەوتنەکانی بەرژەوەندی بناژۆخوازەکان، لەگەڵ بەرژەوەندیی ڕژئاوایی‌یەکان، دووهەم: هەوڵدان لەپێناو گۆڕانکاری و چاکسازیی هەنگاو بەهەنگاو وێڕای خۆپاراستن لە ڕووبەڕووبوونەوەی توندی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتی ناڤین و سێهەم: هەوڵدان بۆ پێکهێنانی کەشێکی دێموکراتیك و ئازاد کە بناژۆخوازی لەخۆیدا نوقم بکات لە ڕێگای ڕادیکاڵەوە.

ڕێگەچارەی یەکەم، واتە کەمکردنەوەو نەهێشتنی بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان لە ناوچەکەدا، ڕەپوراست بە واتای هێشتنەوەی ناوچەکە بۆ بناژۆخوازەکانە کە نە کردەکی و نە ئاوەزپەسندە. ڕێگەدان بە ئیسلامی ڕادیکاڵ واتای زاڵبوونی بەتەواوی ئیسلامی توندڕەوو بناژۆخواز بەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە کە ئەمەش بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ڕۆژئاوا دەخاتە مەترسییەوە، ئاسایشی سەرمایەو بۆرییە نەوتییەکان تێك دەداو بناژۆخوازیی ئیسلامی دەکاتە هێزێکی گەورەی جیهانی. نموونەیەك لە هەڕەشەی ئەم ئیدئۆلۆژییە بۆ سەر جیهان لە ١١ی سێپتامبردا بینرا، چما ببێتە هێزێکی گەورەی ناوچەیی و ددانپێدانراو. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێش ١١ی سێپتامبر بارمتەی ڕێژیمگەلێکی سەرەڕۆی وەك کۆماری ئیسلامی لە ئێران، تاڵیبان لە ئەفغانستان و... بوو، گەر ڕۆژئاوایش پاشەکشەی لێبکا چی ڕوو دەدا. کەوابوو دەکرێ بڵێین ئەم لێڕوانینە ناتوانێ چارەسەر بێ.

ڕێگەچارەی دووهەم، واتە چاکسازیی هەنگاو بەهەنگاو بەرەو ئازادی و دێموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دا، ئەو ڕاستییەی لا پەسندە کە بناژۆخوازی ئیسلامی لە کەشوهەوای ئازادی و فرەیی‌دا گەشە ناکا، بەڵام ڕێگاچارەیەکی بەتەواوی کردەکی نیە. چاکسازی هەنگاو بە هەنگاو پێویستیی بە گوشارهێنانی سیاسیی ڕۆژئاوا، کارکردن لە بواری کولتووری لە سەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و یارمەتیی ماڵی بە خوازیارانی چاکسازی هەیە، بەڵام ئەم هەوڵانەش دەبێ لە خانەی دەسەڵاتەکانی ناوچەکەوە تێپەڕێ کە ئەم هۆکارە دوائاماژەپێکراوە بەربەستی سەرەکی سەر ڕێی چاکسازیی هەنگاو بەهەنگاوە. دەسەڵاتەکانی ناوچەکە لەلایەکەوە هیچیان دێموکراتیك نین و گۆڕانکاریی قووڵ و بەرین بە ئاراستەی دێموکراتیزاسیۆن بە زیانی دەسەڵاتەکەیان دەقەبڵێنن و لەلایەکی دیکەوە ڕێژیمگەلێك دەسەڵاتی هێندێ لە وڵاتانی ناوچەکەیان لەدەست دایە کە نەك بە ڕواڵەتیش بێ وەڵامی ئەرێ بە چاکسازی هەنگاو بە هەنگاو نادەنەوە، بەڵکوو خۆیان بە ئاڵاهەڵگری دژایەتیکردنی ڕۆژئاواو ڕۆژئاوایی دەزانن وەك ڕێژیمەکانی وڵاتانی ئێران و سووریەو پێشتریش تاڵیبان لە ئەفغانستان و بەعس لە عێراق دا دەسەڵاتدار بوون. پەیماننامەی بارسێلون کە لە ساڵی ١٩٩٥ لەنێوان یەکیەتیی ئورووپاو ١٢ وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئافریقادا بەستراوەو ئامانجی پێکهێنانی چاکسازی لەو وڵاتانە بۆ ڕەوینەوەی هەڕەشە ترۆریستییەکان، چەکە کۆکوژەکان، بناژۆخوازی و جینایەتە ڕێکخراوەکان لەسەر ئورووپاو باشترکردنی دۆخی مافەکانی مرۆڤ، دێموکراسی، مافی کەمایەتییەکان و بازاڕی ئازاد لەو ١٢ وڵاتەدا بوو، سەرەڕای ئەوەی هەر ١٢ وڵاتەکە خۆویستانە چوونە نێو ئەو پەیماننامەیەوە، تووشی شکست هات و ئاڵوگۆڕەکان لە ڕادەیەکدا نەبوون کە بە پڕبایەخ بنرخێنرێن. کەوابوو ئەزموونی کۆنفرانسی بارسێلون و چەندین گەڵاڵەی دیکەی لەو چەشنە، دەرخەری ئاسۆی ناسەرکەوتوویی ڕەچاوکردنی بەتەنیایی چاکسازیی هەنگاو بەهەنگاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە.

ڕێگەچارەی سێهەم واتە هەوڵی ڕادیکاڵانە لەمەڕ پێکهێنانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینێکی ئازادو دێموکراتیك بە ڕەچاوکردنی و بەئاگابوون لە دژکردەوەی توندی نەیاران و دەوڵەتە سەرەڕۆکانی ناوچەکە، بەگشتی ڕێگەی ڕاکێشانی ئیدئۆلۆژییەکان بۆ نێو پرۆسەی دێموکراسی، چاکسازی لەو وڵاتانەی کە دەسەڵات خوازیاری چاکسازییەو ڕووخاندنی ئەو دەسەڵاتگەلەی مل بە چاکسازی نادەن و بوونەتە کۆسپی سەر ڕێی دێموکراتیزاسیۆن لە ناوچەکەدا.

پاش ١١ی سێپتامبر، ئامریکاو هاوپەیمانانی بە بەڵگەهێنانەوە لەمەڕ ئەوەی خولقێنەرانی کارەساتی ١١ی سێپتامبر سەر بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بوون و ئەلقاعیدەش لە خاکی ئەفغانستاندا دەسەڵاتدار بوو هێرشی نیزامییان کردە سەر ئەفغانستان. هەر وەك چاوەڕوان دەکرا، پاش هێرش بۆر سەر ئەفغانستان، وڵاتانی جیهان و زلهێزە ناوچەیی و جیهانییەکان سەرەڕای ئەوەی لە پەیماننامەی جۆراوجۆردا جەختیان لەسەر خەباتی جیهانی و هاوبەش دژی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی کردوەو بەسەر چەند بەرەدا دابەش بوون کە هەر کامیان پتر قامکی لەسەر یەکێك لەو ڕێگاچارەگەلە دادەنا کە پێشتر ئاماژەمان پێکردن. ڕووسیەو چین کە هەردووکیان خاوەن مافی ڤێتۆ لە شورای ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانن، بەرژەوەندی خۆیان لە هەنگاوی ڕادیکاڵدا نابیننەوەو بگرە زۆر جار پشتیوانی وڵاتانی سەرەڕۆی ناوچەکەن و زۆرجاریش لە بنەڕەتدا لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستێکی ئازادو دێموکراتیك نین. ئورووپا وەکوو یەکەیەکی سیاسی و ئابووری لە ڕەوتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەسەلەی بناژۆخوازی و تیرۆریزمی نێونەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دا، یەکدەنگ نیەو ڕاراییە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەرەبەرە ئاکاری ڕادیکاڵتری گرتۆتە پێش. ئامریکا کە ڕاستەوخۆ کەوتوەتە بەر گەورەترین هێرشی تیرۆریستی و مانەوەی وەکوو زلهێزترین وڵاتی جیهان بە دوارۆژی ئازادی و دێموکراسی و لە ئاکامدا ئازادی و ئاسایشی سەرمایە بەستراوەتەوە، ڕێگەچارەی چاکسازیی ڕادیکاڵی هەڵبژاردو زۆر جار تاکلایانە جووڵاوەتەوە، بۆ نموونە بە مەبەستی ئاماژەپێکراو بێگوێدان بە دەنگی شورای ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، هێرشی کردە سەر عێراق و ڕێژیمی ئەو کاتەی عێراقی ڕووخاند.

ڕووخاندنی دوو ڕێژیمی سەرەڕۆو بناژۆخوازی ناوچەکە، واتە تاڵیبان لە ئەفغانستان و بەعس لە عێراق لەلایەن ئامریکاو هاوپەیمانانی، درێژەپێدانی "پلانی ڕێگا" لە ڕەوتی ئاشتیی عەرەب ـ ئیسرائیلدا کە پاشەکشەی ئیسرائیل لە کەناری غەززەو ڕاکێشانی ڕێکخراوە توندوتیژخوازەکانی وەك حەماس بۆ نێو پرۆسەی دەنگدانی لێکەوتەوە، وەدەرنانی ٥ هەزار هێزی سووریەیی لە لوبنان بەدوای تیرۆری ڕەفیق حەریری، دوورخستنەوەی حیزبوڵڵای لوبنان لە سنووری نێوان ئیسرائیل ـ لوبنان‌داو جێگیربوونی هێزە فرەرەگەزەکان بەدوای شەڕی ئەم دواییانەی حیزبوڵڵای لوبنان و ئیسرائیل، چاکسازی لە سیستمی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە میسر پاش ٢٠ ساڵ، دانی مافی دەنگدان بە ژنان لە کوێت، بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی شورای شارەکان لە عەرەبستان، ڕاکێشانی لیبی بۆ نێو پرۆسەی دێموکراتیزاسیۆن و چەندین و چەند گۆڕانکاری بەرچاوی پۆزەتیڤی دیکە لە ناوچەکەدا هۆکارەکانی ڕەوایی‌بەخشین بە چاکسازیی ڕادیکاڵانە لە ناوچەکەدان.

بەرهەڵستکارانی چاکسازیی ڕادیکاڵ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە قامك خستنە سەر هۆکارگەلێکی نیگەتیڤ و لێکەوتەگەلێکی نیگەتیڤی چاکسازیی ڕادیکاڵ لە هەوڵی ڕەوایی سڕینەوە لەو هەنگاوانەن. دژبەرانی چاکسازی ڕادیکاڵ بەردەوامی توندوتیژی لە ناوچەکەو ناسەقامگیریی باری ئاسایش لە ئەفغانستانی پاش تاڵیبان و عێراقی پاش بەعس زەق دەکەنەوە، تیشك دەخەنە سەر ترس ڕێنیشتنی وڵاتگەلێك وەك ئێران کە بۆ گەرەنتیکردنی مانەوەی خۆیان لە هەوڵی دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی‌دان و هەروەها لەو باوەڕەدان کە چاکسازیی ڕادیکاڵ ئاکاری تیرۆریستان پاساوهەڵگرترو ڕەواتر نیشان دەدا.

لایەنە دژبەرەکانی چاکسازیی ڕادیکاڵ لە ناوچەکەدا، چاویان لەو ڕاستییانە نووقاندوە کە سەقامگیریی باری ئاسایش لە ناوچەکە هەر لە بنەڕەتدا هیچکات بوونی نەبووەو سپاردنی دەسەڵاتی ناوچەکە بە توندڕەوەکان، ئەوپەڕی بێ‌ئاسایشییە. لایەنە وەسفکراوەکان خۆیان لەو ڕاستییە دەدزنەوە کە ڕێژیمگەلێك وەك ئێران لە ڕێگەی بارمتەگرتن، کاری تیرۆریستی و یارمەتیدان بە تیرۆریستان مەبەستە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆیان بردۆتە پێشێ و هەر ئێران بۆ خۆی زیاتر لە دەیەیەك بە دژی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی و دژ بە پەیماننامەی NPTکە مۆری کردوە، پرۆژەی ناوکیی هەبوە. ئەوان بە ڕواڵەت لەبیریان چووە کە تیرۆریستان بەشوێن وەرگیران و ڕەوایی نێونەتەوەییەوە نین و پێش لەوەی هێرش بکرێتە سەریان هێرشیان کردۆتە سەر ڕۆژئاوا. هەروەها دژبەرانی چاکسازیی ڕادیکاڵ نەدیتن و نکۆڵیکردن لە گۆڕانکارییە پۆزەتیڤەکان لە ناوچەکەدا بە ئەرکی خۆیان دەزانن، هەر بۆ نموونە گەر ئێستا لە عێراقدا ڕۆژانە دەیان کەس لە خەڵکی مەدەنی دەکوژرێن، ئەوە گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە عێراقدا کە لە تەواوبوون نایەن، شایەتی دەدەن کە لە سەردەمی ڕێژیمی سەرەڕۆی بەعسدا کۆکوژی لە ئاستێکی بەریندا کراوەو بە پێچەوانەی ئێستا یان جیهانی دەرەوە نەیانزانیوە یان چاویان لێنووقاندوە.

**پێکهاتنی بەرەی جیهانی ئازادی و دێموکراسی بۆ دووپاتنەبوونەوەی کارەساتی ١١ی سێپتامبر**

پێنج ساڵ لە کارەساتی ١١ی سێپتامبر تێدەپەڕێ و هەر لەو ساڵانەدا چەندین کارەسات لە چەشنی ١١ی سێپتامبر لە ئورووپا، ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ڕوویان داوە، بەڵام هێشتا جیهان و زلهێزە ناوچەیی و جیهانییەکان نەیانتوانی هاودەنگ و هاوهەنگاو ڕووبەڕووی تیرۆرو تیرۆریستان ببنەوە. پێویستی چاکسازی لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ وڵامدەرکردنی ئەم ڕێکخراوە بە نیسبەت سەردەم هاتۆتە گۆڕێ، بەڵام چاکسازییەکان بەرتەسکن و بە ئاهەنگێکی هێور بەرەوپێش دەچن. هەر چەند چاوەڕوان ناکرێ زلهێزەکان لەسەر چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بناژۆخوازی و تیرۆریزم لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بەتەواوی ڕێك بکەون، بەڵام ئاسۆی هاوپەیمانی و لێکنزیکبوونی زیاتری جیهانی ئازادو دێموکرات ڕوونە، لەبەر ئەوەی ئەو ڕاستییە سەلمێنراوە کە ئەوە سامان و سەرمایەی ڕۆژئاوا نیە کە کەوتۆتە بەر هێرشی تیرۆریستان، بەڵکوو ئەوە ئازادی و دێموکراسین کە ڕاستەوخۆ هێرشیان کراوەتە سەرو جیهانی ئازادو دێموکراتیش تەنیا لە سنووری ڕۆژئاوا بەرتەسك نابێتەوە، بەڵکوو سەرجەم ئازادیخوازان و دێموکراتەکانی جیهان و بە تایبەتی دێموکراتەکانی، خودی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەخۆ دەگرێ.

**دژبەرانی چاکسازیی ڕادیکاڵ نەدیتن و نکۆڵیکردن لە گۆڕانکارییە پۆزەتیڤەکان لە ناوچەکەدا بە ئەرکی خۆیان دەزانن، هەر بۆ نموونە گەر ئێستا لە عێراقدا ڕۆژانە دەیان کەس لە خەڵکی مەدەنی دەکوژرێن، ئەوە گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە عێراقدا کە لە تەواوبوون نایەن، شایەتی دەدەن کە لە سەردەمی ڕێژیمی سەرەڕۆی بەعسدا کۆکوژی لە ئاستێکی بەریندا کراوەو بە پێچەوانەی ئێستا یان جیهانی دەرەوە نەیانزانیوە یان چاویان لێنووقاندوە.**

کوردستان
ژمارە:٤٤٥(٣١ی خەرمانانی ١٣٨٥)

## سەرنج وردە

مەسعوود بابایی

سەرنجی نوزدەهەم
زمان و وەرگێڕان (٢ـ٢)

لە شێوازەکانی وەرگێڕان کامیان شیاوترە؟ ئەمە پرسیارێکە کە خوێنەرانی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان رەنگە لە خۆیان بپرسن. لە سرنجی پێشوودا سێ شێوە وەرگێڕانمان دەستنیشان کرد:
وشە بە وشە، رستە بە رستە، پەرەگرافیو دارشتنەوە. ئەم شێوازانە بەپێی ویستی وەرگێڕ بەکار دەهێنرێن، بەڵام لە رووی ئەوەی کە ئایا چ شێوازێکی وەرگێڕان سەرکەوتووترە، بیرورِاکان جیاوازن.

**ـ شێوازی وشە بە وشە:**
لەم شێوازەدا وەرگێڕ جەخت لەسەر سیمای تاقانەی وشەی فەرهەنگی (قاموس) دەکاو بەدوای هاوواتا دەگەڕێ. لێرەدا وشەکان بەپێی ریزبوونیان پاچڤە دەکرێن.

**سوودەکانی ئەم شێوازە:**
١)ـ سیمای دەقی سەرەکی زاڵ دەبێت بەسەر سیمای دەقی وەرگێڕدراو، واتە دەقە وەرگێڕدراوەکە لەرووی فەرهەنگی وشەییەوە یەکسان دەبێت. بۆ نموونە ئەگەر دەقە رەسەنەکە لە هەزار وشە پێکهاتبێ، وشەکانی دەقی پاچەڤەکراو لەرووی ژمارەوە زۆر نزیکە لە دەقی رەسەن.
٢)ـ زەوق و چێژ و ئارەزووی وەرگێڕ کەمتر ئاوێتەی پرۆسەی وەرگێڕان دەبێو ئەمانەت و دەستپاکی وەرگێڕ پارێزراوتر دەبێ.

**زیانەکانی ئەم شێوازە:**
١)ـ کێشەی تێگەیشتن لە واتا: لەم شێوازەدا هەندێ جار شوێنەکانی بکەر و بەرکار و کردار پاش و پێش دەبن، تۆکمەیی واتا هەڵدەوەشێتەوە.
٢)ـ باری جوانیناسانەی دەق رەچاو ناکرێ، روحی دەق دەمرێو لەرووی دەروونییەوە خوێنەر بێزار دەکا.
٣)ـ ئەگەر لە دەقەکە ئیدیۆم، پەند، قسەی نەستەق، مەتەڵ، بژێرویژی (Aphorism) هتد... هەبن، لەم شێوازەدا تەنیا لە چوارچێوەیەکی وشکی واتاییو راگەیەنیدا بەرگوێ دەکەون و باری ئەدەبیی خۆیان لەکیس دەدەن.

**شێوازی رستە بە رستە:**
بەرزترین ئاستی زمان لە دەربڕین دا و لەرووی دەنگی ـ واتاییەوە رستەیە. گرنگترین یەکەی واتایی هەم لە ئاخاوتن و هەم لە نووسین دا رستەیە کە لقێکی زانستی زمان بەناوی سینتاکس لێی دەکۆڵێتەوە. لەم شێوازەدا وەرگێڕ لە چوارچێوەی دەربڕینی نووسەر و بەپێی ریزبوونی کەرەستەکانی زمان کە سەرەکیترینیان بکەرـ بەرکار ـ کردار،ن سەرقاڵی وەرگێڕان دەبێ.

**سوودەکانی ئەم شێوازە:**
١)ـ چوارچێوەی واتاییو تۆکمەیی دەق و واتا دەپارێزێ: واتە لە چوارچێوەی رستەدا بەپێچەوانەی شێوازی وشە بە وشە ـ دەتوانی جوانیناسیی رستە و تەنانەت باری موزیکاڵی دەق بگوازیەوە.
٢)ـ وەرگێڕ ستایل و شێوزای تایبەت بەخۆی پەیدا دەکا، ئەگەر بێت و تەنیا لە بوارێك بۆ نموونە فەلسەفە پاچەڤە بکات، ئەمەش وا لە خوێنەر دەکا لە شێوازی وەرگێڕ رازی بێ.
ئەم شێوازە زیانەکانی زۆر کەمن و دەتوانین بە سەرکەوتووترین شێواز لە قەڵەمی بدەین. تەنیا رەخنەیەك کە دەشێ لەم شێوازە بگرین رەنگە درێژدادڕیی وەرگێڕ زیاد بکات، بۆ نموونە رستەیەکی سادە بکرێت بە رستەیەکی لێکدراو یا بە پێچەوانەوە، یا خۆ رستەیەکی لێکدراو لە دەق دا ببێ بە رستەیەکی ئاوێتە، ئەم بابەتە کاتێك دێتە گۆڕێ کە وەرگێڕ رستەیەکی ئاڵۆز سادە بکاتەوە، ئەوەش لەپێناو رەواندنەوەی تەم و مژی واتایی و روونکردنەوەی هەرچی زیاتری واتا، کە هەندێ جار دەکەوێتە دووریانی راڤەوە، بۆ نموونە لە وەرگێڕانی وتەیەك یا پەندێك، یاخۆ نموونەیەکی شێعری:

**میان گریه می‌خندم چو شمع اندرین مجلس**
**زبان آتشینم هست و لیکن در نمی‌گیرد** (حافظ)

ئەم شیعرە دەتوانێ تەم و مژی واتایی دروست بکا، بۆیە لە وەرگێڕانیدا دەکەوینە تۆڕی راڤەوە و لێرەوە درێژدادڕی دەست پێدەکا، کە هەڵبەت یەکێك لە پێویستیەکانی وەرگێڕانە.

**ـ شێوازی پەرەگرافی و دارِشتن:**
لەم شێوازەدا وەرگێڕ تەواو ئازادەو دەق ئێجگار کراوەیە. وەرگێڕ تەنیا تێگەیشتنی خۆی لە دەقەکە پاچڤە دەکات، واتە لە چوارچێوەی تێگەیشتن لە رستەیەك وەرگێڕ کارەکەی ئاسان دەکا. کورتبڕی و درێژبڕی لەم وەرگێڕانەدا لەوپەڕی دایە، توانای مانۆڕی وەرگێڕ دەگاتە لووتکەی خۆی و هەندێجار شێوازی دارِشتنی نووسەر و تەنانەت باری ئەدەبیی دەقی رەسەن بزر دەبێ.
ئەم شێوازە ئەگەر بۆ هەندێ کاروباری سیاسیو بارودۆخی تایبەتی بێ، بەکەڵکەو زیاتر باری هەواڵدەریو زانیاری گەیاندنی هەیە، بەڵام لەرووی دەستپاکیو ئەمانەتدارییەوە زۆر لاوازە. لەبەر ئەوەی کە وەرگێڕان هونەرەو دەبێ هەموو لایەنەکانی دەق لەبەرچاو بگری، ئەم شێوازە لاوازی زۆری تێدایەو بەگشتی جوانیناسیی دەق دەشێوێنێ. بۆیە هەروەك وتمان شێوازی رستە بەرستە شیاوترین شێوازی وەرگێڕانە. هەندێ لایەنی دیکەی وەرگێڕان هەن، وەکو شێوەی وەرگێڕانی زاراوەو چەمکەکان، کە لە سەرنجی داهاتوودا دەیخەینە بەرباس.

# بۆ یادی د.سەعید شەرەفکەندی



سەلاح کۆنەپۆشی

**ئێواە خەزانێکیتر**
**ئێوارەی مانگی خەرمانان،**
**هەورێکی رەشو تارای سوور**
**سەرتاسەر ئاسمانی داگرتووە،**
**شەقامەکانی شارو کانیاوەکانی دێ**
**هەڵژەنراوەتە تەمێکی رەش**
**جریوەی باڵداران و نەغمەی بولبولان نایە**
**رەشبەڵەكو گۆرانیی، شینگێڕی ئەم ئێوارەیەی کیژو کوڕانە**
**چەمەری دایکی شەهید بە شەپۆل**
**باخچەی شەهیدی پاراو کرد**
**دەریایەك دڵۆپ ... دڵۆپ**
**حەسرەتو ئاخ دەست لە ملی تەزبێحی باوك دەبن!**
**گەڵای داران چەندە زوو خەزانیان کرد**
**ئەی خەزان! چەند زوو هاتی**
**ئەستێرەکان چاوەڕێی شەوێك بوون تاریك ...تا**
**جوانی خۆیان بنوێنن**
**کەچی...!**
**بە لەوەی خۆر هەڵ بێت،**
**کز کز بە دیار شەوێکی تاقەت پڕوکێن دەسوتێن.**
**بەرلەوەی خۆرهەڵات بێت،**
**مانگ دەتوێتەوە...**
**شەماڵ گێژو هیلاك**
**دەمانەوێ ئاشت بینەوە، نا ..نا دەشمانەوێ**
**لە پێناو ئازادیدا گیان بدەین**
**ئاشتبوونەوە، بەر لە هاتنی کۆترە سپییەکان ئیعترافی پێ ناکرێ!**
**هەموو شتێك نامۆیە**
**وابزانم ... خەم رووخساری سروشتی داپۆشیوە**
**ئاخر چ بڵێم کە...؟**
**شێرە سواری مەیدان،**
**بازەکەی قەندیل...**
**پڵینگێ کە شانی دابووە ژێر خەمی نیشتمان**
**کەچی سینگی ئەنجن ئەنجن کرا...!**
**ئێمە بە خەندەو دەریایەك لە کوردایەتی یادی ئەو زیندووین**
**کەچی ئەو بە شاخێك لە هیمەتو ئازایەتی**
**بە ئەوینێکی بەرزەوە هەڵوەریی.**



# هەوارگەی هزرە وردەکان

ئەفراسیاب گرامی

**١ـ دوراودوور**
باخەوانێکی لەسەر خۆو هۆشیار بوو. هەموو رۆژێك بەیانیان بژار. ئێواران، پاراوکردنی گوڵەباخەکان. بوومەلێڵیش چاییەکی شەرابیو خەس و خۆڵی لەسەر هەرزاڵەکەی دەخواردەوە.. شەوانیش بەدەم پوکی جگەرەکەی لەنجەی بە داهاتوویەکی دووراو دوور دەکرد..

**٢ـ گەڕاڵ**
هەموو شوێنەکان گەڕابوو. یەك لە دوای یەك. وەڕەسو پڕوکاو ئیدی تاقەتی دۆزە دۆزەی نەمابوو. کاتێك ناوچاوانی خۆی دەخشاندە نێو کاو کایەن (کادان)ەکە هەموو قوڵاخ بوو بوون. بۆ جارێکیش هەستی کرد کە ئیدی بەتەمای دۆزینەوەی نەبێ. ئاخر دەرزی لە کایەن بکەوێ دەبێ لە چی بگەڕێ؟ هەستاوەو بێدرەنگ بێ ئەوەی لابکاتەوەو بۆ جارێکیتر بڕوانێتە نێو کاکە، هاتەدەرەوەو جلەکانیشی لە پینەکردن واز لێ هێنا...

**٣ـ لەرزانە**
دەسماڵە حەریرەکەم دەرهێناو دەورێك بە بەزمی خۆم چۆپییەکەم گرت. حەوشەیەکی پانو پۆڕ بوو. بتزانیبا تۆش دەهاتیو قۆڵ لە قۆڵی یەکتر رەشبەڵەك هەڵدەپەڕاین. بۆ هەڵپەڕکێ لە شان لەرزێن کەمم نەبوو.. کەچی بەتەمای بەزمێك کە بتوانێ ئەو شانانەم بلەرزێنم. هەتا کۆتایی شاهییەکە دەستم بەرنەداو شانیشم نەلەرزاندەوە...

**٤ـ سێبەر**
سێبەرەکان هەموو خولیای خۆرهەڵات بوون. ئەمە ئەو راستییە بوو کە لەگەڵ سروشت باست دەکردو بە لەدایکبووی (...)یەمین بەرهەمی سرووشتت دەزانی. بەکەمێك رامان لە سپێدەی خۆرهەڵاتنو بەکەمێك دواندنی سێبەرەکان، ناو نیشانی ئەو رازەت لێدەسەندن کە سێبەر پشووی خۆرەو خۆریش ماندووی سێبەر...

**٥ـ ترس**
لە ئێوارەکان دەترسا. هەر ئێوارەی لێدەهات ترس دەچووە باخەڵیو وازی لێنەدەهێنا. شەوان تا بەیان خەیاڵی شەوو ترسی ئێوارەی دەکردە دەمامکێك بۆ نێو بیرەوەریەکانی. ئەوەندە ترس چووبوە ناخیەوە هەموو کاتێکی لە نێو ئێوراەکانو تاریکی شەوان وێنا دەکرد. ئیدی خۆی کردە قوربانی ترسێك کە نەی زانی شەوو ئێوارەکان پێی سپاردوەو دەبێ بیکاتە قوربانی...

**٥ـ ئەڤین**
بە نیگایەك عاشق بوو. تەنیا چاوێك توانی ئەو هەموو رازە بە فرکانسێك وەربگرێتو بە فرکانسێکیش بڵاوی بکاتەوە. تەنیا وشەیەك توانی حەکایەتی چەندین ساڵ وانەی پێ بڵێتەوەو تەنیا وشەیەکیش کۆڵەکەی ژینی دامەزراند. تەنیا ئۆخەیەك توانی هەموو ئەو شتانە بکاتە ژیانو تا کۆتایی مەرگێك لە پێناو یەکتردا بژیەتەوەو ...

# تەنیا بە مۆمێك

سلێمان کەریمی

ناوی ئەم چەند دێڕە چ ناودێر کەم
پتر لە ٤٠ رۆژ لەمەوپێش لە تەنگی دوانیوەڕۆیەکی پڕ لە قرم وقال وتت ووست! !
٤٠ شەو دەبێ هەموومانت تاساندوە، لەرزاندوە، لەدەنگ خستوە لە کاتێکدا هەموو کات و شوێنت بە پێکەنینت رازاندووە.
تاکوو ئێستا پێنووسم سڕو کاس و ماتە. ٤٠ رۆژە دەروونمت شلەژاندوە بە قاقای پێکەنینەکانت، ئەم شەو بۆ ساتێك برووسکەیێك قیژاندی، قیژەی دڵمی زراند، دڵم دەستمی ترساند، دەستم پێنووسی لەرزاندو پێنووس کاغەزی تاساند و نووسی... هەر زیندووی.
لەتەك هاورێم باسمان کردی ئەسرین چاوی داپۆشی، بزەی کەنینێك لە توولە رێگای لێوم تێپەڕی، هەڵچوو! ! داچووم، هێدی دەستم گووشی.
دەزانی جگە لە کەرەتێك نەبێ دڵمت نەڕەنجاند، جەستەی سادت لە باوەشم دڵمی تەزاند بۆ جارێ وەڵامی سکاڵاکانمت نەداوە.
لە چلەی هاوینی ئەمساڵ، خاکی مەزارت بە فرمێسکی هاورێیانت چل جار پەڵەیدا.
دوای چل شەو تاریکی شەوم بە مۆمێك لەسەر مەزارت شکاند و ڕوانیم شۆڕبیەك لە تەنیشتت بەبای شەماڵ پەل و پۆکانی کۆك دەکرد بۆ سازێ! !
فنجێك لەسەر لقێکی هێلانەی کردوو خۆی ساز کردووە ئاهەنگی! !
هەڵاڵە برایمە لەسەر مەزارت دەیگوت شەونمی بەیانم هەڵگرتووە هەتا توخمی ئەوینی نێودڵتی پی تێراو کەم.
تریفە هاتوون بە یارمەتی، نەکا شەماڵ شەماڵ بکوژێنێتەوە!
لەناکاو هەموو چڕیمان وەرن بۆ ئەم ژوانگایە.
ئەم خاکە شۆڕەبی، فنج، هەڵاڵە برایمە، مۆمی فراوانە
ئەم خاکە ژوانگەی شەهیدانە




بێ دوان

# پاش یەك ساڵ لە کۆچی دوایی بەشێك لە ئاواتەکانی مەرزیە هاتنەدی

شەریف فەلاح (هێژا)

دەگمەنن ئەو مرۆڤانەی کە بە شێوەیەك ژیاون کە لەپێناو جوانیی ژیان دا هەموو چرکەساتی تەمەنیان پێشکەش بە گەورەیی ژیان کردوە، بۆ ئەوەی خۆشەویستیی راستەقینەیان هەر بەردەوام بێت، دەگمەنن ئەو مرۆڤانەی هەمیشە بەو خەیاڵەوە دەژین کە چۆن ناو و کارو کردەوەو بەهرەو توانایان، بچێتە خانەی زێرین و مێژوویەکی جوان و پاك و پڕلە شانازی بۆ خۆیان تۆمار بکەن. هونەرمەندی بە تواناو نیشتمانپەروەری ناو کۆڕی پێشمەرگەو خەبات، تێکۆشەری ماندوونەناس و بوێری بواری بزاڤی ژنان "مەرزیە فەریقی" لەو مرۆڤە دەگمەنانە بوو کە بە عەشق و خولیای ژیان و مرۆڤایەتییەوە ژیاو بە دەنگی زوڵالی خۆی بانگی ئازادیخوازیی گەلی کوردی چڕی و بە پێشکەش کردنی دەیان گۆرانیو سروودی شۆڕشگێڕانە نەمریی بۆ رۆحە سپیەکەیو بۆ هونەرەکەی تۆمار کرد. مەرزیەی پێشمەرگە و هونەرمەند وەك ژنێك توانی شان بەشانی پیاو لە ململانێی ژیان دا لە قۆناغێکی پڕ لە مەترسی و گوماندا خۆی بسەلمێنێت و هانی ژنانی دیکە بدات بۆ خۆناسین و بۆ ژیان ناسین، لەلایەکی دیکەوەش وەك پێشمەرگە توانی خەبات بکات و لەپێناو گەورەیی نیشتمان دا هەڵوێستی هەبێت. خاك و چەکی خۆش بوێت بۆ رزگاری نیشتمانی لەت لەت کراوی. لە نیگایەکی دیکەوە دەبێ کۆمەڵگای کوردی بە چاوێکی رێز و حورمەتەوە لە هونەرە رەسەن و جوانەکەی رامێنن چونکە "مەرزیە" وەك هونەرمەندێکی خاوەن هەڵوێست توانی پەیامی مرۆڤایەتی خۆی لەرێگای دەنگە حەزینەکەیەوە بەگوێی



بیسەرانی عاشقی ژیان بگەیەنێت، بۆیە ناکرێت و مەحاڵە لەکات و زەمەنێکی ئاوادا و لە یەکەم ساڵرۆژی ئۆغرکردنی ئەو مرۆڤە مەزنەدا بێدەنگ بین! خاڵی بەرچاو و گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە خاتوو مەرزیە پێش لە مەرگی ئەلبۆمێکی نوێی بەناوی "چاوەڕێ بووم" بەدەستەوە بوو کە بەداخەوە مەرگ بەرۆکی گرت و ئەو هەلەی پێنەدا کە کۆتایی پێ بێنێت، بۆیە دڵنیا رەزازی کچی هونەرمەند وەك ئەرك و مەبەستی وەفاو ئەمەگداری بۆ دایکی ئەو کارەی بە ئەنجام گەیاند و بەو کارەی ئۆگرانی دەنگی مەرزیەی رازی کردو چووە ریزی دەنگی نەمرانەوە. بەشێك لە ئاواتەکانی دایکی هێنایە دی. مەرزیە خولیای نوێگەری و داهێنان، پەیامی ئەڤین و دڵ و عەشق و خۆشەویستی بۆ دەڵە سۆزدارییەکانی عاشقانی وڵات دەناردو بەردەوام "بەڵێن" بدەی پەشێوی کردبووە وتەی سەرزاری عاشقان!!!

هەموومان لەئاست گۆرانییە نەمرەکانی ئەودا هەست بە چێژی مۆسیقیو هەستی نەتەوایەتی دەکەین، کاتێ لە چرکەساتەکانی جەنگ و خەیانەتیو لەت لەتی وڵاتدا، ئەو سڵاوی گەرمی پڕلە هەناسەی بۆ هەڤاڵی پێشمەرگە دەنارد چونکە مەرزیە ژن بوو، دایك بوو، پێشمەرگە بوو، هونەرمەند بوو، خۆشەویستیی ئەو لەناو کۆڕی خەبات و ئۆگرانی دەنگیدا رۆژ لەدوای رۆژ پەرەی دەستاند. بەڵام بەداخەوە لە ساتەوەختێکی چاوەڕوان نەکراودا دڵە سەوز و گەورەکەی لە رێکەوتی ١٨ی خەرمانانی ١٣٨٤ی هەتاوی واتە ساڵێك بەر لە ئێستا لە لێدان کەوتو ماڵئاوایی لە مۆسیقا و هونەرو خاك و نیشتمان و هاوسەر و ژیان و پێشمەرگە کرد و تا هەتایە جێی هێشتین. بەڵام گۆرانییە رەسەنەکانیو هەڵوێستە مرۆیانەکەی هەمیشە لەگەڵمان دەژین و هەمیشە یادی لە دڵان دایە.

# زمان، وەرگێڕان و پێوەندیی کولتوورەکان

ن:حسین یەعقووبی

و: سمایل زارعی

**پرۆسەی وەرگێڕان و نموونەی زەینی وەرگێڕ**

لە کاتی وەرگێڕاندا چ شتێك لە زەینی وەرگێڕدا روودەدا؟ وڵامی ئەم پرسیارە زۆر چەتوون و باشتر وایە بڵێم تاڕادەیەك نەلواوە چونکە دەروونناسان و عەسەب ناسان خۆیان نازانن زانیارییە زمانییەکان بە چ شێوەیەك لە مێشکدا کۆ دەبنەوە. ژان دۆلیل (١٣٨١: ٨٠ – ٧٨) زماننناسی فەڕانسەیی پێی وایە ئەم پرۆسە زەینییە بریتییە لەو قۆناخانەی خوارەوە:

**ئا – تێگەیشتنی بابەت :** لەم قۆناغەدا وەرگێڕ لە بنەڕەتدا هەوڵ دەدا لەو شتە تێبگا کە نووسەر مەبەستی دەربڕینی هەیە. ئەو لەم قۆناغەدا لە گەڵ دوو جۆر پێوەندی لە گەڵ دەقدا رووبەڕوویە دەبێتەوە" پێوەندی واتایی نێوان وشە و ئاخاوتنەکانی دەق، و پێوەندی کۆنی نێوان وتە و دیاردە نازمانییەکان. هەر بۆیە تێگەیشتنی بابەت لە دوو ئاستدا روو دەدا، ئاستێك کە لەودا بەرهۆکان درك پێ دەکرێن و قۆناغێك کە لەودا واتاکان درك پێ دەکرێن.

**ب – دووبارە فۆڕمۆلەکردن:** قۆناغی دوایی دووبارە دەربڕینە، کە بریتییە لە کردەوەی بە لەبز دەرهێنانی تێگەیشتنی دووبارە بە کەڵك وەرگرتن لە هۆکارە زمانییەکانی دیکە. رێزبەندی دووبارە، تەنیا ناو لێنانی چەمکەکان نیە بەڵکو لە بنەڕەتدا کردەوەیەکە کە پێویستی بە وەگەڕخستنی هۆش و هزر، واتە زنجیرەیەك کردەوەی زیندوو و ئەکتیڤە کە وەرگێڕ بەشی هەرە زۆری ئەو کارە بە شێوەی ناخۆئاگا (بێ ئەوەی خۆی ئاگای لێ بێ) ئەنجام دەدا.

**ج – تەئید:** مەبەست لە تەئید واتە سێهەمین و دوایین قۆناغی پرۆسەی ناسینی وەرگێڕان، راستی و دروستی رێگاچارەیە. ئەم کارە بە کۆنترۆڵ کردنی هاوواتای پێشنیار کراو بۆ دڵنیابوون لەوە کە ئایا ئەو هاوواتایە بە شێوەی تەواو و کەماڵ واتای تەواو و پوختی قسەی بنەڕەتی دەگەیەنێ، روودەدا. وەرگێڕ لە گەڵ ئەوەدا کە هەوڵ بۆ تەئیدی وەرگێڕانەکەی خۆی دەدا هەوڵ دەدا رادەی گونجانی دووبارە فۆڕمۆلەکردنی خۆی لە گەڵ واتای دەقی سەرەکیش بگونجێنێ و یان بە واتایەکی وردتر، ئاستی دروستی راڤەی خۆی لە گەڵ مەبەستەکانی نووسەر (دانەر) هەڵسەنگێنێ.

گرووپێکی دیکە لە زمانناسان وەرگێڕان بە پیشەیەك دەزانن کە لەودا وشەکان و پێکهاتە رێزمانییەکانی دوو زمان تەنیا دەبێ لە گەڵ یەکدی، یەکتر بگرنەوە و لە گەڵ یەکدی بگونجێن. زۆر جار ئەم پێناسەیە لە هێندێك خاڵی زۆر ساکاردا راستە بەڵام لە زۆربەی خاڵەکانی دیکەدا وەرگێڕ پەیامێك کە لە زمانی "ئا" وەردەگرێ سەرەتا لە رێگای رەمزشکاندن لە چوارچێوەی واتایەکدا دادەڕێژێ و دواتر ئەم واتایە بنەمای پێویست بۆ واتاگەلێك کە دەبێ لە زمانی "ب" دا شکڵ و فۆڕم بگرێ دابین دەکا.

بۆچوونی دیکەی زمانناسان سەبارەت بە پرۆسەی زەینی وەرگێڕان شێوەی دۆزینەوەیە کە لە نیشاندەر(نمودار) ١ – ٢ دا هاتووە.

تێگەیشتنی بابەت
دەقی زمانی سەرەتا
راڤەی سەرەتا
وتەی بنەڕەتی
رەمزشکاندنی هێماکانی زمان (زمان وەك خاڵی دەستپێك)
تێگەیشتنی واتا (راستی وەك خاڵی دەستپێك)
درووستکردنی
قۆناغی نا ئاخاوتن (چەمکەکانی دروستکردن و کارە
بەلگاندن لە
کۆکراوە
نازمانییەکانی مێشك دەسپێردێن).
رێگای بەراورد کردنەوە
بە لەبز دەرهێنانی دووبارەی
چەمکەکان
وەرگێڕانی کاتی
تەئید
تەئید
هەڵبژاردنی وەرگێڕان
دووهەمین راڤە
دەربڕینی دووبارەی وتە
دەق بە زمانی مەبەست

**پیشاندەری ١– ٢: شێوەی داهێنان لە پرۆسەی زەینی وەرگێڕاندا (سەرچاوە: دۆلیل ١٣٧٤: ٧٨)**

**قۆناغەکانی وەرگێڕان**

(باتنی ١٣٥٤: ١٠٦ – ١٠٤) ئەو قۆناغانەی کە لە کاتی وەرگێڕاندا ئەنجام دەدرێ بەو شێوەیەی خوارەوە:

**ئا –** وەرگێڕ، وەك هەموو خێڵێکی زماندۆست، لە زەینی خۆیدا رێساگەلێکی زەبت کردووە کە بە سەر پێکهاتەی ئەو زمانەدا زاڵن و بە پێی ئەم رێسایە دەتوانێ بڕیار بدا کە ئایا ئەو رستەی دەیبیستێ یا دەیخوێنێتەوە سەر بەو زمانەیە یان نا و ئەگەر رستەکە سەر بەو زمانەیە، بە چ شێوەیەك پێك دێ و بە چ شێوەیەك بە سەر توخمە پێکهێنەرەکانی دا شیتەڵ دەبێتەوە. بە کۆی ئەم رێسا و زانیارییانە کە هەموو کەس لە سەر زمان هەیەتی "رێزمانی زمان"ی پێ دەگوترێ. لە راستی دا ئەم رێزمانە تێگەیشتنی گشتی و ناخۆئاگایە کە هەموو کەس بە پێی کات لە زمانی خۆی وەرگرتووە نەك کۆمەڵی رێسا و یاساگەلێك کە لە کتێبەکانی رێزمانیدا هاتووە. دوای ئەوەی وەرگێڕ رستەیەك وەردەگرێ، کە دەبێ وەریگێڕێ، سەرەتا پێی رێزمانێك کە دەیزانێ دەق بە توخمە پێکهێنەرەکانی شیتەڵ دەکاتەوە و رۆڵی هەموو توخمێك دووبارە دەناسێنێتەوە.

ب – وەرگێڕ وەکوو هەموو خێڵی زماندۆست، کۆمەڵێك لە وشەکانی ئەو زمانە لە بیری خۆیدا دەپارێزێ کە وشەکانی ئەو پێك دێنێ. وشەکانی هەر کەس بەشێکە لە کۆی وشەکانی زمان و وشەکانی هەر زمانێك بریتییە لە وشەگەلێك کە ئاماژە بە راستی و ئەزموونەکانی زماندۆست لە جیهانی دەرەوە و ئەبستراکتە زەینییەکانی ئەوان لە ئەزموونەکاندا دەکا. دوای ئەوەی وەرگێڕ، رستەکەی خۆی بە پێی رێساگەلی رێزمانی بە توخمگەلێکی پێکهێنەر لە زەینی خۆیدا شیتەڵ کردەوە، بۆ ناسینی واتای وشەکانی، ئەوان لە گەڵ وشەگەلێك هەڵدەسەنگێنێ کە لە مێشکی خۆیدا زەبتی کردوون.

ج – وەرگێڕ دەبێ لە زەین و بیری خۆیدا کۆمەڵێك رێسا بۆ هاوتادۆزینەوە هەبێ بۆ ئەوەی لە سەر بنەمای ئەو بتوانێ هاوواتای توخمی ستراکتۆری زمانێك کە لەویەوە وەرگێڕان دەکا (واتە زمانی سەرەتا) لە زمانێکدا کە بەو وەرگێڕان دەکا (واتە زمانی مەبەست) بدۆزێتەوە. دوای ئەوەی کە توخمی پێکهاتە و ستراکتۆری رستەیەك کە بۆ وەرگێڕان دانراوە لە بیری وەرگێڕدا ناسراو لە واتای ئەو وشانە تێگەیشت، لە رێگای ئەم رێسای هاوواتاییانەوە دەدۆزرێتەوە.

د – دەبێ وەرگێڕ وشەگەلێکی لە زمانی مەبەست دا لە بیربێ بۆ ئەوەی بە پێی رێساکانی هاوواتادۆزینەوە، هاوواتای توخمی پێکهاتەی زمانی سەرەتا لە ناو ئەواندا بدۆزێتەوە.

هـ – دەبێ وەرگێڕ رێزمانی زمانی مەبەست بزانێ واتە رێساکانی ئەو لە زەینی خۆیدا زەبت کردبێ بۆ ئەوەی بە پێی توخمە هەڵبژێردراوەکان پێکهاتەیەك بخاتە روو.

بوریس هێلبێك لە بابەتێکدا بە ناوی "هۆکار و قۆناغەکانی وەرگێڕان" دا

## ئاراستەی وەرگێڕان
## کورتە مێژووی وەرگێڕان لە جیهان دا

بەشی حەوتەم

لە گەڵ پەرەگرتنی تیۆری تۆپزی لۆی، قۆناغەکانی وەرگێڕانی بە کورتی بەمشێوەیە باس دەکا:

**١) – زانیاری پێویست بۆ راڤەکردنی دەقی بنەڕەتی**

شێوەیەکی دەروونشیکارانە لە مێشکی وەرگێڕدا هەیە کە تاڕادەیەك هاوشێوەی مێشکی کامپیۆتێرە. لە راستیدا مێشکی ئەو نە تەنیا بریتییە لە زانیاری لە سەر زمانەکانی سەرەتا و مەبەست و گەلێك کۆد و رەمزی دیکە بەڵکو گەلێك بواری جۆراوجۆری دیکە لە خۆ دەگرێ کە وەرگێڕ لەو بوارانەدا خاوەنی هێندێك زانیارییە: وەك شارەزابوون لە دەق و ئەدەبیات، ئاشنایی لە گەڵ زانیارییەکانی دەروونی زمان (دایرەتولمەعارفی، کولتووری و تەکنیکی) و ئاگادار بوون لە نێوانیان واتە ئاگادار بوون لە دەقەکانی دیکەش. کاتێك ئەم هۆکارە بە مەبەستی وەرگێڕان پراکتیزە ببێ رووداوێکی دەروونشیکارانەیە و یەکەمین قۆناغە لە رێگای وەرگێڕاندا.

**٢) – وێناکردنی وەرگێڕ لە بەردەنگ (خوێنەر)ی وەرگێڕان**

خوێنەر / بیسەری راستەقینە یا گریمانەیی وەرگێڕان خاوەنی گەلێك زانیاری، ئەزموون، بەریان (حەزکردن)، زەوق، توانایی و چاوەڕوانییە. تەمەنێکی دیاریکراوی هەیە و سەر بە توێژێکی تایبەتی کۆمەڵگایە. هەر وەك سەبارەت بە ناردنی هەموو جۆرە پەیامێك هەلومەرجێك لە بەرچاو دەگیردرێ، دەبێ ئەم تایبەتمەندییەگەلەش کەم و زۆر لە لایەن پەیامنێرەوە لە بەرچاو بگیردرێ. سەرکەوتنی هەموو وەرگێڕانێك پێوەندی بە کارلێکی پێچەوانەی کۆمەڵی مەبەستەوکانەوەیە و وەرگێڕ دەبێ پێداویستییەکانی بەردەنگ( "مخاگب" لێرەدا مەبەستی لە خوێنەرە. و) – چ دەقێکی ئەدەبی بێ یا زانستی – دابین بکا.

**٣) – هەڵبژاردنی رەمز (کۆد)**

واتە بڕیاردان لە سەر زمانێکی تایبەتی هەموو جۆرە رەمزێکی دیکە کە کەڵکی لێوەردەگیردرێ، ئەم هەڵبژاردنە هۆکارێکە لە وەرگێڕاندا چونکە چاوپۆشی کردن لەو شتێکی نالواوە و ناکرێ دەبێتە هۆی ئەستەمی یا تەنانەت ببێتە هۆی وەرنەگێڕان بوونی تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی. بۆ وێنە **Deare** لە سووناتەکانی شکسپێردا لەودا یەکەیەکی واتایی خۆشەویست و بەهادار دەدا. کاتێك وەرگێڕان دەکەین ئەگەر زمانی مەبەست ئەو وشەیەی نەبێ کە هەر دوو واتاکە بدا پاراستنی ئەم پیشەی شاعیرانەبوونە لە وەرگێڕاندا نالواو دەبێ. جگە لەوانەش، پێویستە لە نێوان کۆد یا رەمزەکان دا وشەگەلێکی، فۆنەتیکی و خەتی جیاوازی دانێین. رەمزی وشەیی یا رەمزی واژەیی بە واتای چەمك و واتای تایبەتی هەموو وشەیەکە. کۆدی دەنگ یا فۆنەتیکی بریتییە لە ئاهەنگ، دەنگدانەوە، وەرتاندنی ژێر لێو، توندی و خێرایی ئاخاوتن و زۆر لە وەرگێڕانە زارەکییەکاندا کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. کۆد یا رەمزی خەتی کەڵك لە پیتە جۆراوجۆرەکان و شێوەی پۆلێنەکردنیان بە شێوەی یەکەگەلێکی دیاریکراو وەردەگرێ. گواستنەوەی تایبەتمەندییەکانی کۆدی خەتی لە رێگای پێکهاتەی کۆدی وشەکان و دەنگەوە واتە گۆڕینی پێوەندی نووسراوە و زارەکی زۆربەی کاتەکان نالواو و نەگونجاوە. بۆ وێنە گواستنەوەی شێوەی خەتی شێعرێك کە بە شێوەی باران یان کلکی ئەسپە بە شێوەی وشەیی یا دەنگی نالواوە.

**٤) – راڤەی دەقی سەرەکی**

بە واتای تەکنیکی و پیشەیی، بە واتای تێگەیشتنی وەرگێردراوێکی باش لە تایبەتمەندی و پەیام و تێگەیشتنی ئەوە. لە راستی دا راڤەی دەق هەمان واتای دەقە کاتێك کە لە شێوەی کۆد هاتبێتەدەر.

راڤە پێوەندی بە زاڵبوونی تەواوە بە سەر زمانی سەرەتا و زانیاری لە بواری کولتووری و کۆمەڵایەتیدا کە دەق لەویەوە سەرووی وەرگرتووە.

**٥ – وێناکردنی وەرگێڕ لەمەڕ دەقی بنەڕەتی**

دەکرێ ئەم خاڵە لە نێوان دوو ئاستی دەروەستانە و بەرژەوەندیخوازانەدا پۆلینە بکەین. لە بەشی یەکەم دا وەرگێڕ دەیهەوێ تەواوی تایبەتمەندییە گرینگەکانی دەقی بنەڕەتی بە گوێی خوێنەر(بەردەنگ)ی خۆی بگەیەنێت لە حاڵێکدا لە بەشی دووهەم دا مەبەستی ئەوەی هەیە وەك دەقێکی سەربەخۆ کار بکا. هەروەها روانگەی وەرگێڕیش سەبارەت بە کردەوە تایبەتییەکانی پێوەندی وەك توێژە جۆراوجۆرەکانی دەق یا ئازادە یا بەویەوە بەستراوەتەوە و نوێنگەی پلەکانی وردەکاری لە چینی وەرگێڕانی دەروەستانە – بەرژەوەندیخوازانەیە. بۆ وێنە ئەگەر وەرگێڕانی یاسای وڵاتێك بیهەوێ تەواوی کردەوە و خاڵە دەرهەستەکانی ئەو – دیاردەیەکی، بەڕێوەبەری و شێوازی – بپارێزێ زۆر دەروەستانە و وەفادارانە دەبێ. وەرگێڕانێکی ئەوتۆ بۆ خوێنەر گونجاوە کە بیهەوێ شتە لاوەکییەکانی دەق بزانێ. وەرگێڕانێکی ئازادتر تەنیا بەشێك لە رۆڵە سەرەکییەکان نەك هەموویان وەك پاڕامێترەکان، پێوەندی بە خواست و هۆگرییەکانی بەردەنگ یا خوێنەرێك کە لە بیردایە – بە دەست لێنەدراوی دەهێڵێتەوە. وێدەچێ وەرگێڕانێکی بەرژەوەندیخوازانە یاسای بنەڕەتی وڵاتێك بکاتە یاسای بنەڕەتی نیزامێکی سیاسی خودی خوێنەر و باسی وەرگێڕدراو بوونی دەق بکا یا باسی نەکا. وەرگێڕانی لەو چەشنە بوونیان نیە (زۆرتر لە جۆری ئەدەبی) کە قووڵی لە گەیشتن بە هەر دوو مەبەستەکە هەڵمالیبێ: ئاشناکردنی خوێنەر لەگەڵ دەقی بنەڕەتی و وێناکردنی دەقی وەرگێڕدراو وەك دەقێکی رەسەن و سەربەخۆ.

**٦ – وێناکردنی وەرگێڕ لەمەڕ شێوەی کۆد(رەمز)ی وەرگێڕان**

رۆڵی سەرەکی شێوەی کۆد لە پێوەندییەکاندا، دابینکردنی ئامرازی دەرهەستی پێویست لە راستای وەرگرتنی هزر و هەستی وەرگردایە بەڵام لە هێندێك خاڵدا شێوەی کۆد پێویستی بە تێڕوانین هەیە. بۆ وێنە کاتێك شانۆنامەیەك بۆ بەڕێوەبردن وەردەگێڕدرێ، دەبێ وەرگێڕ گوتن و بیستنی وشەکان کە دەکەونە سەر زمان لە بەرچاو بگرێ. رووبەڕووبوونەوەی ئەکتیڤی وەرگێڕان لە گەڵ شێوەی کۆد لەم خاڵانەدا و خاڵەگەلێکی هاوشێوەدا تەنانەت وێدەچێ کاریگەری لە سەر مەبەستی وەرگێڕیش هەبێ، چونکە هێندێکجار دەبێ مەبەستی وەرگێڕ بگۆڕدرێ بۆ ئەوەی تایبەتمەندییەکانی شێوەی کۆد روون بکاتەوە. ئەم لە بەرچاوگرتنە تایبەتییەی شێوەی کۆدی وەرگێڕان بۆ وێنە لە دوبلاژ و پەڕاوێزنووسی فیلم دا پێویستە چونکە کاریگەری لە سەر پێویستی هائاهەنگی بزاوتەکانی لێو و کورتکراوەیی لە وەرگێڕاندا دادەنێن.

# سێهەمین فستیڤاڵی منداڵانی کوردستان ئێران لە تاراوگە

ناسر فەتحی

لە خەرمانانی ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی ڕا تا ئێستا بە پێکهێنانی سێ فستیڤاڵ، (جیا لە ساڵی ١٣٨٣)، هەموو ساڵێك، بە دەسپێشخەریی دنیای منداڵان، لە نیوەی دووهەمی مانگی خەرمانان بەولاوە، کۆمەڵێك بەرنامەی ڕەنگاورەنگی فەرهەنگی، هونەری، ئەدەبی‌و وەرزشی و... کە لەلایەن منداڵانی نێو کەمپەکانی حیزبەوە پێشتر ئامادە دەکرێن بە ناوی فستیڤاڵەوە لە سەر سەحنە نومایش دەدرێن. ئەمساڵیش هەروەك ساڵانی پێشوو "دنیای منداڵان" (پاشکۆی ڕۆژنامە کوردستان)، قۆڵی بەڕێوەبردنی فستیڤاڵی سێهەمیشی هەڵماڵی‌و دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

شایانی باسە لەم فستیڤاڵەدا، بە پێچەوانەی فستیڤاڵەکانی پێشوو، ئەرکی بەڕێوەبەری و ڕاهێنەریی منداڵەکان بەدەست ئەو منداڵانەوە بوو کە لە دوو فستیڤاڵی پێشوودا خۆیان پێ‌گەیاند بوو و، ئەمەش وای لێ‌کردبوون بە لەخۆ ڕا ببینییەوە ئەرکی بەڕێوەبەریی فستیڤاڵی سێهەم وەئەستۆ بگرن‌و، هەروەك بینیشمان تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوون.

کە باس لە منداڵ دەکەین، دەبێ بزانین کە منداڵ ئەو بوونەوەرە پاك‌و بێگەردەیە کە خاوەنی جەستەیەکی ناسك‌و حەزوخولیایەکی گەورەیە، کە ئێمەی بەتەمەن گەورەوو بەرپرسیارانی دوارۆژی کۆمەڵگا، دەبێ بە تەواوی توانامان بۆ پەروەردەی هەمەلایەنەیان هەوڵ بدەین‌و دەس لە کەمتەرخەمی هەڵبگرین.

دیارە، ئەمەش ئاوات‌و ئامانجەکانی ئەم چەشنە فستیڤاڵانەیەو نەك شتێکی‌تر.

دایکان، باوکان، مامۆستایان، قوتابخانەکان‌و کۆڕو کۆمەڵە پەروەردەییەکان، هەموو وێڕای یەك، ئەرکی وەدیهێنانی ئاوات‌و ئارەزوەکانی منداڵانیان لەسەر شانەو دەبێ لەم پێوەندییەدا هەوڵی بێ‌وچان بدەن.

دەستەی بەڕێوەبەریی فستیڤاڵی سێهەم، ئەمساڵیش بە دەرکی گرینگیی ئەو لایەنە پەروەردەییانەی باس کران، بە پێویستی زانی بە مەبەستی وەدیهێنانی بەشێکی چووکە لە ویست‌و داخوازییەکانی منداڵانی نێو حیزب فستیڤاڵی سێهەمیش پێك بێنێ. هەر بۆیە، سەرەتا لەلایەن هەیئەتی بەڕێوەبەری فستیڤاڵ بۆ هەماهەنگی‌و ئاگادار کردنەوەی ناوەندەکان‌و کەمپەکانی حیزب لە چۆنێتیی بەڕێوەچوونی فستیڤاڵ، وەفدێکی بۆ باس لەسەر فستیڤاڵ‌و شیکردنەوەی ئامانج، شێوەی کارو بابەتەکانی فستیڤاڵ نێردرا بۆ ناوەندەکان تا لەگەڵ بەرپرسانی دیاریکراو لەو کەمپ یان ناوەندە قسە بکەن‌و، بەم کارە یەکەم هەنگاو هاوێشترا. دواتر بەشی وەرزشیی فستیڤاڵ دە ڕۆژی مەجال بە گرووپە وەرزشییەکان‌و وەرزشوانان دا تا لەو ماوەیەدا خۆیان بۆ پێشبڕکێ وەرزشییەکانی فستیڤاڵ ئامادە بکەن.

بەدوای ئەو مەجالە، یەکەم بەشی فستیڤاڵ بە ڕاکردنی خێرای شەست میتری که له نێوان نزیك به سەد منداڵ لە ئاستەکانی سەرەتایی‌و ناوەندیدا بەڕێوە چوو، دەستی پێکرد. بڕگەی






دووهەمی بەشی وەرزشیی فستیڤاڵ، بە بەشداریی نزیك بە چل منداڵ لە ئاستەکانی سەرەتایی‌و ناوەندی، لە پێشبڕکێی دووچەرخە سواریدا، بەڕێوە چووو، ڕۆژی دواتر بە سەرکەوتوانی ئەم دوو بوارە ڕاگەیەندران کە خەڵاتەکانیان لە ئاخرین ڕۆژی فستیڤاڵدا پێشکەش دەکرێ، هەروەها، بەشی وەرزشیی فستیڤاڵ لە یەکی خەرمانانەوە ئامادەکاریی پێشبڕکێکانی ڕیزگوڵی وەئەستۆ گرت‌و دەستی بە کارەکانی ئەم بەشەش کرد. هەیئەتی بەڕێوەبەریی بەشی وەرزشیی فستیڤاڵ بە دابەشکردنی منداڵەکان بەسەر سێ قۆناخ: ڕیزگوڵ بۆ کچانی سەرەتایی، ڕیزگوڵ بۆ کچانی ناوەندی، ریز گوڵ بۆ کوڕانی سەرەتایی، توانی لە ماوەی پانزدە ڕۆژدا بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە ئەم بەشەش لە چالاکییە وەرزشییەکانی فستیڤاڵ بەڕێوە ببا. جێی ئاماژە پێ‌کردنە کە لەڕۆژەکانی ٢٠ تا ٣٠ی گەلاوێژ لەلایەن بەشێك لە بەڕێوەبەری فستیڤاڵ دوو دەورە پێشبڕکێی نووسین بەڕێوەچوو کە لەو بەینەدا نزیك بە هەشتا بابەتی جۆراوجۆر لە دوو ئاستی تەمەنیی سەرەتایی‌و ناوەندیدا چوونە کێبەرکێوە‌و لە ئاکامدا ناوی سەرکەوتوانی ئەم بەشەش دانرا تا لەڕۆژی ئاخری فستیڤاڵدا بخوێندرێتەوەو خەڵات بکرێن.

بەشی فەرهەنگی، ئەدەبی‌و هونەریی فستیڤاڵ دوای نزیك بە دوومانگ ڕاهێنان‌و بارهێنانی منداڵەکان ڕۆژی ١٨ی خەرمانان بە شێوەی فەرمی دەستیان کرد بە نومایشدانی بابەتەکانی خۆی.

ئەم بەشە لە فستیڤاڵ کە لە ساڵۆنێکی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبدا بەڕێوەچوو، شەش ڕۆژی خایاند کە هەموو ڕۆژێ کاتژمێر پێنجی دوانیوەڕۆ، بەرنامەکەی دەستی پێ‌دەکردو کاتژمێر حەوتی ئێوارەی هەمان ڕۆژ کۆتاییان پێ دەهات، بۆ وێنە ڕیزی بەرنامەکانی ڕۆژی یەکەم بەم شێوەیە بوو:

شانۆیەك بەناوی کۆلکە زێرینە لە نووسینی مەنسوور فەتحی‌و دەرهێنانی مەتین فەتحی،کە شانۆیەکی هێمایی بوو بۆ کردنەوەی فستیڤاڵ. سروودی وڵاتەکەم، سروودێك بوو کە بۆ فەرمی کردنی ڕێورەسمەکە، لەلایەن بەشێك لە منداڵانی ناوەندی یەکەوە پێشکەش کرا.

دواتر بەرێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب، چەند وتەیەکیان لە پێوەندی لەگەڵ فستیڤاڵدا پێشکەش کرد. پەیامی دەستەی بەڕێوەبەریی فستیڤاڵ، سروودی ڕزگاری، پەیامی منداڵانی نێو کەمپەکانی حیزبیش بەشێکی دیکە بوون لە ریزی بەرنامەکانی ڕۆژی یەکەم.

بڕگە سەرەکییەکانی فستیڤاڵ کە لە ریزی بەندیی بەرنامەکانی هەموو ڕۆژێکی فستیڤاڵدا هاوبەش بوون، بریتی بوون لە: شانۆ، هەڵپەرکێ، سروود، گۆرانی، شێعر خوێندنەوە، چیرۆك گێڕانەوو کۆرس، کە بە گشتی ئەم بەشانە زیاتر لە شەست بڕگەی بۆ شەش ڕۆژی فستیڤاڵ پڕ کردبۆوە.

ڕۆژی ئاخری فستیڤاڵ (١٣٨٥/٦/٢٣) لە ڕاستی‌دا هەروەك گوتمان ڕۆژی دابەشکردنی خەڵاتەکان بەسەر سەرکەوتوان لە فستیڤاڵ دابوو.

لە ڕۆژی ئاخردا پەیامی بەشی هەڵسەنگاندنی شانۆکان، هەڵپەرکێکان، نووسینەکان لەلایەن نوێنەرەکانیانەوە پێشکەش کران، پەیامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی بەشی وەرزشیش لەلایەن نوێنەری ئەم بەشەوە خوێندرایەوە، دوابەدوای پەیامەکان گرووپێکی کاراتەی شۆتۆکان پێکهاتوو لە منداڵانی ناوەندی یەکی کوردستان‌و بە ڕاهێنەری کاك خالید سەفەری‌و بە هاوکاریی جەماڵ نەسیرزادە، هاتنە سەر سێن‌و نومایشێکی وەرزشییان بەڕێوە برد. بەدوای ئەو نومایشە وەرزشییە نۆبە گەیشتە دابەشکردنی خەڵاتەکان بەسەر سەرکەوتواندا کە لەم بەشەدا زیاتر لە ٣٠٠ خەڵاتی ڕەنگاورەنگ بەسەر سەرکەوتواندا دابەش کرا. لێرەدا لەبەر ئەوەی کە ئەو کەسانەی لە فستیڤاڵدا خەڵاتیان وەرگرتوە ژمارەیان زۆرن، بەدوای لێبووردنەوە ناویان ناهێنین .

**دەستەی بەڕێوەبەریی ئەم فستیڤاڵە بریتی بوون لە:**

گیابەند نستانی، ئاکۆ مینبەری، ئاسکە عوسمانی، ڕەحیم ئەحمەدی‌پوور، هانا ناسری، ئاکام نستانی، کەیوان ئەمینی، ئاریاکۆ ڕەحیمی، ئەژین بەهرامی، ئاکام قادری، ڕێباز فەلاحی، ساریژ حەکیمزادە، شەهلا مورتەزازادە، تریفە ئەحمەدی، کەریم محەممەدی، فەرهاد سالحی، عەبدوڵا عەلی‌پوور، برایم شیری، گۆران بابایی، حەسەن ڕەزایی، ئەیوب شەهابی‌راد، ژیلا باریکە، ناسر فەتحی.

شایانی باسە، چریکا مەعزووری‌و ئاکام قادری دوو پێشکەش کاری فستیڤاڵ بوون کە لە لایەن بەڕێوەبەرییەوە خەڵات کران، هەروەها جێی ئاماژە پێ‌کردنە کە منداڵێکی ژیرو لەسەرەخۆو بەتوانا لە زۆریەك لە بوارەکان، لەلایەن هەیئەتی بەڕێوەبەریی فستیڤاڵ وەك منداڵی نموونەی فستیڤاڵ دیاریکراو خەڵاتی تایبەتی فستیڤاڵ بۆ خۆی بردەوە، ناوی ئەم ئازیزە "تاژان عەلی‌ڕەمایی" بوو.

ئەو کەس‌و ئورگانانەی کەم‌و زۆر هاوکاریی بەڕێوەچوونی فستیڤاڵیان کردوە. بریتین لە: سەلاح نادری، موزەفەر پێشرەو، ئەهوەن قادری، چەکۆ هەمزەزاد، سەیدئەمیر حسێنی، مەنووچێهر ئاتەش پووش، شەفیع ڕەوشەنی، ڕەئووف خەتیبی، بەیان مێهفەر، نەرمین ئۆرەنگنیا، ئاشتی محەممەدزادە، ژیوار حەسەنپوور، سۆما حەکیمزادە، شنە سالحی، خالید سەفەری، بەهار ڕۆستەمی، جەماڵ نەسیرزادە، ڕەسووڵ سوڵتانی، دیاکۆ عەلیار، شەریف فەلاح، سمایل شەرەفی، مەنسوور ئەلیاسی، زاهید حەنبەلی، سمایل ئەحمەدی، کامیل نەجاری، عەبدوڵا سیگارچی، جوانە ڕەحمانی، کەماڵ شەریفی، حەمید درەخشانی، نادر مینبەری، سوهراب ڕەحمەتی، خەدەمات، ئەمنیەت، پارێزگاری، لاوان، بەشی فیلم، ئاموزش، چاپەمەنی.

وێنەگر: ئەیوب شەهابی‌راد














# "دوکتور شەرەفکەندی، مروڤێکی بەرزو مودیرێکی لێهاتوو..."

ناسر ساڵحی ئەسڵ



**لێهاتوویی، زیرەکیو سادەو ساکاری، لەخۆبردوویی، ڕوكوێژیو سەداقەتو باوەڕ بە خۆ بوون لە تایبەتمەندییەکانی دوکتور سەعید بوون.**

ڕێبەری کاتێك شکل دەگرێ کە تاك بە هەر هۆیەك تێبکوشێ لەسەر خووخدەی تاك یان گروپ کاریگەریی هەبێ، هەر چەند ئەو کارە بۆ وێستو ئامانجی تایبەت یان ئورگانیزاسیونیك ئەنجام بدرێ.

"هرسیو بلانچارد، پژوهشگر رهبری"

شێوەی ژیانی سیاسیی دوکتور سەعید بۆ گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی کورد لە ئێراندا وای لەو پیاوە بەوەجە کرد کە ڕێبەرێکی لێهاتووو مودیرێکی سەرکەوتوو لەکڵ دەرهاتووی لێ بێتە دەر. کاك سەعید ئەگەر چی خاوەنی هزرو تیئوریگەلی شەخسیو تایبەت بەخۆی لەمەر ئامانجو ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، بەڵام تا کاتی شەهیدبوونی هەرگیز لە چوارچێوەو بازنەی تێڕوانینو ئیرادەو ئەندیشەی بە کۆمەڵ لای نەدا.

دوکتور سادق بە پشت بەستن بە ئیرادەی خۆی لە ڕێبەرایەتیی حیزبو بزووتنەوەی حەقخوازانەی نەتەوە کورد دا، وەك ڕێبەرێکی لێهاتوو دەگەڵ مەسەلەگەلی تێئوریو فیکری سەرو کاری هەبوو. هەمیش وەك مودیرێکی شایستە کاری بە کۆمەڵی دەکردو بێزار بوو لە تەکرەوی. هەروەها باوەڕێکی قووڵی بە پلورالیزم هەبووو لەسەر بڕیاردانی ئەندامانی ڕێبەری کاریگەریو ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو. بۆ چەسپاندنی ئەم ئەسڵە، هەروەها باوەڕی بە ڕێبەریی بە تواناو مودیرییەتی دەقیق بۆ دانانی کاریگەری لەسەر هەرچی باشتر بەڕێوەبردنی حیزبی هەبوو، و تەنانەت بە پیوستی دەزانی.

دوکتور سەعید بۆ بەڕێوەبردنی ئەركو کارو بەرپرسایەتیيە حیزبیيەکان ئەوپەڕی دیقەتی دەکرد. ڕۆڵو نەخشی ناوبراو لە ڕێبەریدا خەلاقو داهینەرانە بوو. کارنامەی پرشنگداری ئەو ڕێبەرە نەمرە لە بیاڤی "حوزە" مودیرییەتو بڕیاردانەدا، داڕشتنی برنامەو پرستیژی واقیع بینانە، داهێنەری لە کاری ڕێکخستنو تەشکیلاتیدا، کونترۆڵ بۆ حەللی کێشە نیوخۆییەکانی حیزب، دروستکردنی ئەنگیزەی کارو بەرپرسیاریەتی لە نێو ئەندامانی حیزب دا، ڕێگا نیشاندەرو ئامانجدار بوون لە داڕشتنی سیاسەتی دروستو ئوسولیی حیزب لە هەلومەرجگەلی جوراوجوری خەباتدا، جی پەنجەی دیار بوو. و زۆر خاڵی دیکە نیشانەی لێهاتوویيو شایستەگی ئەو مرۆڤە ئازادیخوازو نیشتمانپەروەر بوون. ئولگووی کرداریی ڕێبەریی کاك سەعید، ماموستای دێموکراسی دوکتور عەبدولرەحمان قاسملووی نەمر بوو. ناوبراو کارو بەرپرسایەتیيە حیزبیيەکانی پێناسە دەکردو بۆ چونیەتی بەڕێوەبردنیان بەرنامەرێژیی دەکرد، ئەرکی هەر یەك لە ئورگانەکانی حیزبی بۆ ئەنجامدانو بەڕێوەبردنی لە چوارچێوەی ئوسوولو پرینسیپە دیاری کراوەکان دیاری دەکردو لە بەڕێوەبردنی کارو ئەرکە حیزبیيەکاندا تەئکیدی دەکردەوەو لە ئاکامو کردەوەکانی دەکۆڵییەوە. کاك دوکتور سەعید وەکوو ڕێبەرو مودیرێکی مرۆڤ دۆست بە دڵسۆزیيەوە دەگەڵ ئەندامانی حیزبی هەڵسووکەوتی دەکرد. پێوەندیيە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر بناغەی مەیلو ئارەزووی خەڵکدا دادەڕشتو ڕێزی لە ویستو داخوازییەکانی خەڵكو ئەندامانی حیزبی دەگرتو باوەڕو متمانەی قووڵی بە کادرو پێشمەرگە هەبوو. شیوەو ستیلی مودیرییەتو ڕێبەریی دوکتور سەعید، بە شێوەی بەشداریدانو پێسپاردن "مشارکت و تفویض" بوو. هێزو پتانسیلی ئەندامەکانی لە بڕیاردانەدا بەشدار دەکردو دیاریکردنی ڕەوەندو ڕیچکەی ئاکامی کارو ئەرکەکانی بە کۆمەڵ دەسپارد. شێوەی ڕێبەریو مودیرییەتی ناوبراو بۆ ئەندامگەلی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر ئەساسی ڕادەی ئامادەیی ئەندامەکان بۆ قەبووڵ کردنی کارو بەرپرسایەتییەکانی حیزبی، بە سەرنجدان بە بارودۆخی شەڕ لە کوردستانو زەختو گوشاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان هەمیشە وەك ئەسڵێك لە بەرچاوی دەگرت.

لێهاتوویی، زیرەکیو سادەو ساکاری، لەخۆبردوویی، ڕوكوێژیو سەداقەتو باوەڕ بە خۆ بوون لە تایبەتمەندییەکانی دوکتور سەعید بوون. بەو هیوایە کە ئەم شیوازە ببێتە هێزو ئەنگیزەیەکی قایمو پتەو بۆ کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەمەڕ بڕیاردان، کاری بە کۆمەڵ بردنە سەری روحییەی شۆڕشگێڕیو پەروەردەو بارهێنانی کادرو پێشمەرگە لاوەکان. چوونکە لە ئەنجامدانو بەڕێوەبردنی کارو بەرپرسایەتیدا پێڕەوی دیسیپلینی حیزب بوو.

دوکتور سەعید بۆ وەدەستهێنانی ئامانجو ویستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەخشی کادرەکانی لە ئورگانەکانی حیزبدا پێناسە دەکرد. ئەو نەخشگەلە بریتین لەو ئەرکانە: داڕشتنی پلانو بەرنامە، ڕێکخستن "سازماندهی" ڕێنوێنیکردنی هێزی پێشمەرگە، کاری بە کۆمەل، چونیەتیی هەڵسوکەوت دەگەڵ خەڵكو ئەخلاقی شۆڕشگێڕانەی لەنێو بەدەنەی حیزبدا. لە لایەکی دیکەشەوە ڕێزی بۆ فیکرو ئیدەی ئەندامانی حیزبی دادەنا، لە دامەزراندنی پێوندیی دوو لایەنەو بەشداری بۆ بڕیاردان هەمیشە هاوسەنگەرانی هان دەدا. ئەم ڕێگە چارە دوو لایەنە ئیمکانی باشی دەرەخساند کە ڕێبەری بتوانێ تەئکیدی زیاتر لە سەر کارو ئەرکەکان بکاتەوە.

کاك دوکتور سەعیدی نەمر ئیمانێکی قووڵی بە کار دانەوەی خەباتی حیزب لە ڕێگەی هاوسەنگیی نێوان روحیەی شۆڕشگێڕیو کارو ئەرکدا هەبوو. هەر بۆیە کەسانی شۆڕشگێڕو بە ئیمان لە ماوەی خەباتی حەقخوازانەی نەتەوەکەماندا کاریان وەئەستۆ دەگرتو لە بەڕێوەبردنی پرینسیپو ئوسولو ڕاکاری ئیستراتێژی سیاسیی حیزبیدا هەمیشە خولقاندنو ڕاهێنانی بەکردەوەی لە دەست دابوو، سەرنجی ئەندامانی حیزبی بۆ بەڕێوەبردنی هەرچی باشتری ئەرکەکانو لە بەرچاو گرتنی ئامانجو ڕێبازو بەرنامەکانی حیزب ڕادەکێشا. شێوەی خەباتی حیزبی دێموکراتی لە کۆبوونەوەکاندا بە لێوەشاوەیيیەوە ڕاڤەو بەیان دەکرد. بەرنامەگەلی ئوسوولیو گونجاو دەگەڵ هەلومەرجی خەبات لە کوردستاندا، هەنگاو بەهەنگاو بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەیی کورد لە پێناو گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسدا شی دەکردەوەو ڕێنوێنی پێویستی بۆ ڕێكوپێك کردنی قەوارەی کارو خەباتی حیزب دەدا بە کومیتەو ئورگانەکانی بەڕێوەبەری لە حیزبدا. هەروەها کاك سەعیدی نەمر شیلگیرانە بۆ سەقامگیرکردنی دیسپلینو فەرهەنگی شۆڕشگێڕانە لە حیزبی دێموکرات دا تێدەکوشا.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی ئەوە بوو کە، هەرکات دیبایی کادر یان پێشمەرگەیەکی حیزبی تواناو مایەی ئەركو بەرپرسایەتی تێدایە، بە تەواو توانایەوە پشتیوانی لەو ئەندامە دەکردو هانی دەدا بۆ وەئەستۆ گرتنی کارو ئەرکی حیزبی. ڕێبەری شەهیدمان ئەو کاتەی وەك ئەندامێکی هەڵسووری حیزب کاری دەکردو چ وەك ئەندامی ڕێبەری یان ئەو کاتەی کە ڕێبەریی حیزبی کەوتە سەرشانی، خاوەنی سروشتی تایبەت بەخۆی بوو، وەکوو خاوەن نفووزێکی باش لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو ئێران، سیاسەتمەدارێکی ناودار، مودیرو وردبینو دیپلوماتێکی بەوەجو ناو بە دەرەوە بوو. شارەزا لە داڕشتنی سیاسەتی ڕۆژو ئاگادار بە ئاڵوگورەکانی جیهان بوو. لەیەك وشەدا بەحەق جێگرێكو قوتابیيەکی شیاوو لێهاتووی ماموستای دێموکراسیو پێغەمبەری ئاشتی دوکتور قاسملوو نەمر بوو. سەرەنجام وەك ڕێبەرێکی سەرکەوتوو لە سەرەتای دەست پێکردنی ئاڵوگورەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا وەدەستپێکی شۆڕشو ڕاپەڕینی خەڵکی کورد لە کوردستان عێراقدا نەخشی پۆزیتیڤی گێڕاو پشتیوانی ڕاپەڕینی خەڵکی وەزاڵە هاتووی باشووری کوردستان بوو. ڕێبەری بلیمەتی نەتەوەکەمان بەحەق یارو پشتیوانی زەحمەتکێشان، ڕووناکبیران، ئازادیخوازانو کومەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستانی ئێران بە تایبەتو پارچەکانی دیکەی کوردستان بەگشتی بوو.

# ئاڵا و تەپوتۆزی شۆڤێنیسم

عەولا بەهرامی



لەم ڕۆژانەی دواییدا هەڵوێستی بوێرانەو نەتەوەیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کاك مەسعود بارزانی، سەبارەت بە هەڵنەکردنی ئاڵای ڕێژیمی بەعس لە هەرێمی کوردستانی عێراق بووەتە هۆی پەرچەکرداری شۆڤێنیزمی عەرەب لە عێراقو ولاتانی ناوچە. ئەو لایەنانە دیسان بە لێدانەوەی قەوانە کۆنەکەیان، واتە جیاییخوازیی کوردانو هەوڵدانی کورد بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، جارێکی دیکە پەردەیان لەسەر مەبەستە شۆڤینیستییەکانیان وەلاناو دەریان خست کە سەرەڕای ئەو هەموو گۆڕانکارییە مەزنانەی چ لە ئاستی جیهانیو چ لە ئاستی ناوچەییو نێوخۆیی ولاتانی ناوچەشدا پێك هاتوون، ئەوان هەروەك دەیەو سەدەکانی پێشوو دەڕواننە کورد، بە هیچ شێوەیەك ڕازی نابن کورد خاوەنی ئیرادەو خواستی خۆی بێ.

گومانێك لەوە نیە کە یەکێك لە مەبەستەکانی لایەنە شۆڤێنیستەکان لە هێنانە گۆڕی ئەم تومەتانە! بریتییە لە دانانی هێڵی سوور بۆ کوردانو زاڵ کردنی خۆیان بەسەر کورددا. دیارە ئەوە تەنانەت بەو مانایەش نیە کە ئەوان لە چوارچێوەی ئەو ولاتانەش دا کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، بڕوایان بە دابین بوونی مافە نەتەوەییيەکانی کورد هەبێ.

سەرەڕای ئەو ڕوونییەی کە لە بڕیارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دا بەدی دەکرێو لە نامەکەشیان بۆ سەرۆك وەزیری عێراقدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەو بیانوو پێگرتنو هەڵلایەی ئەو لایەنانە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا دروستیان کرد، هەڵگری پەیامێکی زۆر ڕوونە کە ئێمەی کورد پێویستە هەر دەم لە یادەوەریمان دا ڕاێگرین، ئەویش ئەوەیە کە ئەوان تەنانەت ئەم مافە بۆ کورد بەڕەوا نازانن کە بڵێ لە سەردەمی ئازادیدا، لەم سەردەمەدا کە ڕێژیمی پێشوو دامودەزگا داپڵۆسێنەرو کورد کوژەکەی تێکەوە پێچراون، ئێمە ئاڵاکەی لە هەرێمەکەی خۆمان هەڵنادەین. ئەمەش ڕاست بەو مانایەیە کە کورد تەنانەت ئەو مافەی نیە ئاڵای ڕێژیمێکی سەرەڕۆ کە لە ژێر سێبەری ئەودا سیاسەتی ژینوسایدی کوردی بەڕێوەبردوە، وەلانێ.

ئەم پرسە تەنانەت ڕووی ڕاستەقینەی ئەو لایەنەشی دەرخست کە لە دەوڵەتی نوێی عێراق دانو بە ڕواڵەت سیستمی فیدراڵییان قبووڵ کردوە. چونکە ئەوان خەریکن دژایەتی لەگەڵ شتێك دەکەن کە بە جەوهەری فیدرالیزم دەژمێردرێ کە ئەویش بریتییە لە پێوەربوونی ویستو ئیرادەی نەتەوەو لایەنە پێکهێنەرکانی سیستمی فیدرالی. فیدرالیسم سیستمێکە کە لەسەر بنەمای ئیرادەی هەرکام لە پێکهێنەرەکان بۆ پێکەوەبوون، بونیادنراوەو لە ژێر پێ خستنی ئەم بنوhشە (اصل) سەرەکییەش، فیدرالیزم لە مانا بە تاڵ دەکاتەوە. بەم پێیە کورد مافێکی بێئەملاوئەولای خۆیەتی کە ئەنجام دانی هەر کارێك کە ویستو خواستی خۆی لەودا ڕەنگی نەدابێتەوە، خۆ ببوێری.

دووبارە کردنەوەی ئەو تۆمەتە سوواوانە لە دژی کورد ئەویش لە کاتێکدا کە سەردانی هەمان ڕێژیم هەر ئێستا لەسەر ژینوسایدی کوردان لە پرۆسەکانی ئەنفالو ... دا خەریکن دادگایی دەکرێن، لە ڕاستیدا بە مانای تەئیدکردنی هەموو ئەو تاوانە درندانانەیە کە ڕێژیمی بەعس لە دژی خەڵکی کورد بەڕێوەی بردوون.

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێین ئەم بڕیارەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەو مانایە نیە کە ئاڵای عێراق نابێ لە هەرێمی کوردستاندا هەڵ بکرێ بەڵکوو دژایەتییەکە لەسەر ئاڵای ڕێژیمی ڕووخاوە کە دەبێ ئاڵایەکی نوێ کە هیمای پێکهاتەی عێراقی ئیمڕوی پێوە دیاربێ دابنرێ کە دەبوا سێ ساڵ پێش ئێستا ئەو کارە کرابایە. ئێستاش دێر نەبووە.

# هەولێر:کۆنگرەی نێونەتەوەیی سەبارەت بە توێژینەوەی کوردی

ئامادە کردنی: ئازاد کوردی

لە رۆژانی ٦ تا ٩ی سێپتامبری ٢٠٠٦، بەرامبەر بە ١٥ تا ١٨ی خەرمانانی ١٣٨٥ی هەتاوی، **کۆنگرەی نێونەتەوەیی سەبارەت بە توێژینەوەی کوردی** لە شاری هەولێر (پایتەختی هەرێمی کوردستان) لە لایەن ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس‌و بە هاوبەشی لەگەڵ زانکۆی سەلاحەدین‌و بە پشتگیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان‌و وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرانسە لە یەکێك لە هۆڵەکانی زانکۆی سەلاحەدین دا بەڕێوە چوو.

بەرنامەی کاری کۆنگرەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بوونن:

رۆژی چوارشەممە ١٥ی خەرمانان، کاتژمێر ٣ تا ٣/٢٠ی دەقیقە دوانیوەڕۆ کردنەوەی کۆنگرەو پێشەکی وتارەکان بوو کە لە لایەن کەسایەتی‌یەکانی خوارەوە پێشکەش کرا:

١ـ دوکتور کەنداڵ نەزان، سەرۆکی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس

٢ـ دوکتور محەممەد خۆشناو، سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین

٣ـ دوکتور محەممەد ئیحسان، وەزیری دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

کاتژمێر ٢٠/ ٣٠ تا ٧ی پاشنیوەڕۆی هەمان رۆژ پانێلی یەکەمی کۆنگرە لە سەر تەوەری **لێکۆڵینەوەی کوردی لە فەرانسە، زمان‌و ئەدەب** دەستی پێکرد. سەرۆکی دانیشتنەکە دوکتور جویس بلۆو (Dr. Blau Joyce)، پرۆفیسۆر لە زانکۆی ئێمێریتۆس (Emeritus) بوو.

لەم پانێلەی یەکەمین رۆژی کاری کۆنگرەی نێونەتەوەیی سەبارەت بە توێژینەوەی کوردی‌دا کەسایەتییەکانی خوارەوە گوتارو لێکۆلینەوەکانی خۆیان پێشکەش کرد:

د. پییەر لێکۆك ( Dr. Pierre Lecoq)، پرۆفیسۆر لە ئێکۆل پرەکتیك دێس هوتێس ئێتودێس ( the Ecole Pratique des Hautes Etudes)ی پاریس

ـ د. سالح ئاکین، زمانزان‌و یاریدەدری پرۆفیسۆر لە زانکۆی رووێن (Rouen)ی فەرانسە

ـ بەڕێز ئیرام سەیدۆ ئایدۆغان زمانزان‌و قوتابیی دوکتورا

ـ د. ژێراد ژوویتەر ( Dr. Gerard Gautier)، پسپۆر لە بوارەکانی مرۆڤناسی‌و کامپیوتێر

ـ د. کلێمینس سکالبێرت (Dr.Clemence Scalbert)

ـ خاتوو ساندرین ترایێدا زمانزان‌و قوتابیی دوکتورا

ـ بەڕێز یوونس کاناکیس، پسپۆر لە بواری مۆسیقای نەژادی

رۆژی پێنج شەممە ١٦ی خەرمانان، بەرامبەر بە ٧ی سێپتامبر کاتژمێر ١٠ی بەیانی هەتا ١ی پاش نیوەڕۆ، یەکەمین پانێلی رۆژی دووهەمی کۆنگرە لە سەر تەوەری **لێکۆڵینەوەی کوردی لە فەڕانسە (زانستە کۆمەڵایەتییەکان)** دەستی پێ‌کرد. سەرۆکی دانیشتنەکە دوکتور حەمید بۆز ئارسلان، پرۆفیسۆری زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێکۆل دێس هووتێس (the Ecole des Houtes)ی پاریس بوو.

بەشدارانی ئەو پانێلە بریتی بوون لەم بەڕێزانە کە هەر کامەیان لێکۆڵینەوەی خۆیانیان پێشکەش کرد:

ـ بەڕێز بۆریس جێمز ( Boris James)، مێژووناس‌و قوتابیی دوکتورا

ـ د. ئەفرەم عیسا یوسف، فیلسووف‌و نووسەر

ـ د. فلۆرینس هێلۆت ( Dr. Florence Hellot)، مێژووناس

ـ خاتوو جوولی فێرناندێز دی بارێنا (Julie Fernandez de Barena)، مێژووناس

ـ بەڕێز کریس کۆچیرا ( Chris Kutchra)، نووسەرو رۆژنامەوان .

کاتژمێر ٢:٣٠ هەتا ٦:٣٠ی پاش نیوەڕۆ پانێلێکی‌تر لەسەر **توێژینەوەی کوردی لە ئالمان** دەستی پێ‌کردو سەرۆکی دانیشتنەکە دوکتور فیلیپ کرێینبرۆك ( Dr. Phlip Kreyenbroek)، پرۆفیسۆر لە زانکۆی جۆرج ئوگست (Georg – August) لە گوتینجێن بوو.

ئەو کەسایەتییانەی کە لەم برگەی کۆنگرەدا لێکۆڵینەوەی خۆیان پێشکەش کرد بریتی بوون لە:

ـ د. خەلیل جندی رەشۆ، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی جۆرج ئوگست لە گوتینجێن

ـ د. بیرکیت ئامان ( Dr. Birgit Amman)، لە بەڕێوەبەرانی ناوەندیی ئورووپا بۆ توێژینەوە کوردییەکان لە بێرلین

ـ د. ئیڤا سالڤێلزبێرگ ( Dr. Eva Savelsberg)، لە بەڕێوەبەرانی ناوەندی ئورووپا بۆ توێژینەوەی کوردی لە بێرلین

ـ خاتوو پەروین محەممەد وەیسی، قوتابیی دوکتورا لە زانکوی جورج ئوگست لە گوتینجێن

ـ خاتوو ئێسزتێر سپات، قوتابیی دوکتورا لە زانکۆی ئورووپای ناوەڕاست بوداپێست

ـ د. خەننا ئۆمەر خالی، فەیلەسووف‌و پسپۆر لە لێکۆڵینەوە ئاینیی‌یەکان

رۆژی هەینی ١٧ی خەرمانانی ١٣٨٥ی هەتاوی بەرامبەر بە ٨ی سپتامبری ٢٠٠٦ی زایینی پانێلی یەکەمی ئەو رۆژە کاتژمێر ١٠ی بەیانی هەتا ١٢:٣٠ی پاش نیوەڕۆ لەسەر تەوەری **توێژینەوەی کوردی لە وڵاتی سوئێد** دەستی بەکارەکانی خۆی کرد. سەرۆکایەتیی ئەم دانیشتنە لە لایەن دوکتور خەلیل سالح، زانای سیاسی لە ئەنستیتۆی کوردی لە پاریس ئیدارە کرا.

لێکۆڵینەرانی ئەم پانێلە کە توێژینەوەی خۆیان پێشکەش کرد بریتی بوون لە:

ـ بەڕێز رەشۆ زیلان، سەرۆکی بەشی زمان‌و ئەدەبی کوردی لە ئەنستیتۆی کوردی لە پاریس

ـ بەڕێز محەممەد تایفوون، زمانزان‌و مێژووناس

ـ د. مینۆ عەلی‌نیا، دوکتۆرای کۆمەڵناسی لە وڵاتی سوئێد

ـ بەڕێز بەرزوو ئەلیاسی، قوتابی دوکتۆرا لە بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆی مید سویدن (Mid – Sweden)

ـ بەڕێز خالید خەیاتی، توێژەر لە ئەنستیتۆی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتی‌و خۆشگوزەرانییەکان لە زانکۆی لینکۆپینگی سوئێد.

پاش نیوەرۆی هەمان رۆژ، کاتژمێر ٢:٣٠ هەتا ٤:٣٠ی پاشنیوەڕۆ پانێلێکی دیکەی کۆنگرەی نێونەتەوەیی سەبارەت بە توێژینەوە کوردییەکان لە سەر تەوەری **توێژینەوە کوردییەکان لە ئەمریکا** دەستی پێ‌کرد. سەرۆکی دانیشتنەکە بەڕێز جاناتان راندڵ (Jonathan Randal)، نووسەرو رۆژنامەڤان بوو.

ئاخێڤەرانی ئەم پانێلە پێك هاتبوو لە:

ـ د. کەیس هیتچینس ( Dr. Keith Hitchins)ـ پرۆفیسۆر لە زانکۆی ئیلیۆنسی ئۆرباناچەمپێین

ـ د. مایکل گانتێر ( Dr. Michael Gunter)، پرۆفیسۆر لە زانکۆی تەکنۆلۆژیی تێسنێی

ـ د. جانێت کلێین ( Dr. Janet Klein)، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی ئاکرۆن ئۆهایۆ

ـ د. نیکۆل ئێف واتس ( Dr. Nicole F. Watts)، پرۆفیسۆر لە زانکۆی ویلایەتی سانفرانسیسکۆ.

کاتژمێر ٥ هەتا ٧:٣٠ دەقیقەی ئێوارەی هەمان رۆژ ، پانێلێکی دیکە لە ژێر ناوی **توێژینەوەی کوردی لە وڵاتانی دیکەدا** بەڕێوەچوو کە سەرۆکایەتیی دانیشتنەکە بە دوکتور عەباس وەلی، سەرۆکی زانکۆی کوردستان لە هەولێر بوو.

ئەم کەسایەتییانەی خوارەوە لەو برگەی کۆنگرەکەدا لێکۆڵینەوەی تایبەتیی خۆیان لەسەر تەوەری پانێلەکە پێشکەش کرد:

ـ د. جووست جۆنجێردێن ( Dr. Joost Jongerden)، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵەی زانکۆی واجێنینجێن (Wageningen)و ئەنستیتۆی ئاتێنا (Athena) ـ ڤیریجە (Vrije)ی ئامێستردامی هولەند

ـ د. هاشم ئەحمەدزادە، وانەبێژ لە زانکۆی ئێکزێتیر (Exeter) لە بریتانیا

ـ د. میرێلا گالێتی ( Dr. Mirella Galletti)، پرۆفیسۆر لە زانکۆی ناپلوس

ـ د. جۆریی تێجێل ( Dr. Jordi Tejel)، مێژووناس‌و کۆمەڵناس لە سویس

ـ بەڕێز عەبدوڵڵا کەسکین، سەرۆکی دەزگای چاپخانەی ئاڤێستا (Avesta) لە ئەستەنبوول

ـ بەڕێز کارلین چاچان، رۆژنامەڤان لە ئەرمەنستان

رۆژی شەممە، ١٨ی خەرمانان، بەرامبەر بە ٩ی سێپتامبری ٢٠٠٦ی زایینی واتە رۆژی دوایی کارەکانی کۆنگرەی نێونەتەوەیی سەبارەت بە توێژینەوەی کوردی، پانێلی یەکەم لە ژێر ناوی **باری توێژینەوەی کوردی لە کوردستان** کە لە سێ تەوەرو ٦ دانیشتنی جیادا بەم شێوەیەی خوارەوە بەڕێوە چوو:

تەوەری یەکەم، کۆمەڵناسی

دانیشتنی یەکەم

کاتژمێر ٩ی بەیانی هەتا ١٠ی بەیانی خایاند سەرۆکی دانیشتنەکە د. محەممەد سەدیق خۆشناو بوو.

ئەم بەڕێزانەی خوارەوە لێکۆڵینەوەی خۆیانیان پێشکەش کرد:

ـ د. خەلیل ئیسماعیل محەممەد (کێشەی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستانی عێراق)

ـ د. نووری یاسین هەرزانی

ـ د. قادر محەممەد پشدەری (دەربارەی ریشە مێژوویەکانی ژیانی رێکخراوەیی‌و حیزبایەتی لە کوردستان)

ـ د. ئەحمەد میرزا ( پەیوەندی بەردەوامی مێژوویی‌و شارستانییەتی کوردستان لە چاخەکانی بەردینی کۆن تا سەدەی بیستەم).

دانیشتنی دووهەم کاتژمێر ١٠ هەتا ١٢ی پێشنیوەڕۆ دەستی بەکارەکانی خۆی کرد. سەرۆکی دانیشتنەکە د. رەشاد میران بوو. ئەم بەڕێزانەی خوارەوە توێژینەوەی خۆیانیان ئاراستە کرد:

ـ د. تاهیر حەسۆ زێباری (پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی)

ـ د. عەبدولحەمید سەعید (گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردستان)

ـ د. ئەحمەد عەبدولعەزیز

ـ مامۆستا نازناز محەممەد قادر (رەگەزەکانی بە عەربکردنی کەلتووری کوردی)

ـ مامۆستا عارف زێرەڤان (ئەلفو بێی رێنووسی کوردی). مامۆستا عارف لە توێژینەوەی خۆیدا لە سەر پێویستی بەکارهێنانی ئەلفو بێی لاتینی‌و لایەنە ئەرێنی‌و نیگاتیڤەکانی هەر دوو ئەلفو بێ قسەی کرد.

دانیشتنی سێهەم، کاتژمێر ١٢ هەتا ١:٣٠ی دوانیوەڕۆی خایاند. سەرۆکی دانیشتنەکە دوکتور موحسین محەممەد حوسێن بوو. لەم دانیشتنەدا ئەم کەسایەتییانەی خوارەوە قسەیان کرد:

ـ د. محەممەد عەبدوڵڵا عومەر

ـ د. حەکیم ئەحمەد

ـ د. محەممەد عەبدوڵڵا کاکەسوور

ـ خاتوو سۆنیا سەدیق بە لێکۆڵینەوەی "کۆمەڵگای مەدەنی‌و ئایین ـ شاری هەولێر) کە بە هاوبەشی کاك سەرۆ قادر ئەنجامیان دابوو خاتوو سۆنیا لە کۆنگرەکەدا پێشکەشی کرد.

تەوەری دووهەم: زمان‌و ئەدەب

دانیشتنی یەکەمی ئەو تەوەرە لە کاتژمێر ٣ هەتا ٤ی ئێوارەی خایاند مامۆستایەکی زانکۆی سەلاحەدین سەرۆکایەتیی دانیشتنەکەی وەئەستۆ گرت. ئاخێڤەرانی ئەم دانیشتنە پێك هاتبوون لە:

ـ د. ئیبراهیم ئەحمەد حوسێن شوانی (نامۆیی لە شێعرە کوردییەکانی "مەحوی"دا)

ـ د. فەرەیدوون بەرزنجی (بایەخدان بە زاراوەکانی زمانی کوردی)

ـ د.عەبدوڵڵا حوسێن (جیاوازی زمانی کۆمەڵایەتیی دێهات‌و شارەکان)

ـ د. عەبدولواحید دزەیی (رێزگرتن لە کولتووری کوردەواریدا)

لە کاتژمێر ٤:٣٠ی هەتا ٦ی هەمان رۆژ دانیشتنی دووەمی کۆنگرەی نێونەتەوەیی سەبارەت بە توێژینەوەی کوردی دەستی پێ‌کرد. سەرۆکی دانیشتنەکە د. شوکوریە رەسووڵ ئیبراهیم بوو. قسەکەرانی ئەم پانێلە کە توێژینەوەی خۆیان پێشکەش کرد بریتی بوون لە:

ـ د. دلشاد عەلی (گرنگی بەکارهێنانی ئەلفو بێی هاوبەش لە بواری کوردۆلۆژی‌دا)

ـ د. رەفیق شوانی (کوردناسی‌و دەوری لە ناساندنی کورددا)

ـ د. هۆگر مەحموود فەرەج (لە پەراوێزی زمانی ئەدەبی‌و زمانی یەکگرتوودا)

ـ د. مستەفا زەنگەنە (لێکدانەوەی واتای کۆمەڵایەتی لە هێندێك بواری نەریتی)

تەوەری سێهەمی رۆژی کۆتایی کاری کۆنگرە لەسەر توێژینەوەی کوردی چییە؟ دەستی پێ‌کردو سەرۆکی دانیشتنەکە د. سەلاح سەلاحەدین بوو ئەم بەڕێزانەی خوارەوە لێکۆڵینەوەی خۆیانیان پێشکەش کرد:

ـ د. محەممەد دلێر ئەمین

ـ د. عەتا قەرەداغی

ـ د. هیمداد حوسێن

ـ د. مامۆستا سەدیق سالح

لە کۆتایی هەموو دانیشتنێکدا کات‌و دەرفەت بە بەشدارانی کونفرانس دەدراو لە هەموو ئەو دانیشتنانەدا بەشداران بە شێوەیەکی بەربلاو راوبۆچوون‌و تێبینی‌و پرسیارەکانی خۆیان ئاراستەی توێژینەران دەکردو باس‌و گەنگەشە لە نێوانیاندا بەڕێوە دەچوو.

کۆنگرەی نێونەتەوەیی سەبارەت بە توێژینەوەی کوردی، یەکێك لە گرنگترین کۆنفرانسەکان لە ئاستی جیهانی‌دا بووەکە لە سەر بوارە جۆراوجۆرەکانی لێکۆڵینەوەی کوردی بەڕێوە چووو لە سەر خاکی ئازادی کوردستان گیرا.




## بۆ یەکەمین جار لە پارلمانی ئورووپادا، کۆبوونەوەیەك سەبارەت بە ڕەوشی کەمایەتییە ئیتنیکییەکانی ئێران پێك هات

وەرگێڕان لوقمان عەبدوڵڵازادە

رۆژی پێنج شەممە ١٤ی سیپتامبری ٢٠٠٦، کاتژمێر ١١:٣٠ بەکاتی ئورووپای ناوەندی هەیئەتی پارلمانی ئورووپا، بۆ پێوەندی دەگەڵ ئێران، کۆڕێکی لە ژێر ناوی: رەوتی کەمایەتییە نەتەوەیی‌یەکان لە ئێراندا، لە بنکەی پارلمانی ئورووپا، لە بروکسیل، پێتەختی وڵاتی بێلژیك، گرت.

بۆ باس‌و بیرورا دەربڕین سەبارەت بەم مەسەلەیە سێ کەس بۆ ئەو کۆبوونەوەیە بانگهێشت کرابوون.

ـ نوێنەری کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ.

ـ نوێنەری باڵیوزخانەی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتی بێلژیك.

ـ کار ناسێك لەلایەن ئەنیستیتوی ئورووپایی، لێکوڵەر لە کاروباری ئەمنییەتیدا.

سەرەتا خانم "ئەنجلیکا" ( Angelika beer)، سەرۆکی هەیئەتی پارلمانیی ئورووپا، بۆ پێوەندی دەگەڵ ئێران، کە بۆ خۆی کۆبوونەوەکەی بەڕێوە دەبرد. پاش بەخێرهاتن کردنی میوانان‌و بەشداربوان، ئەو کەسانەی کە وتاریان پێشکێەش دەکرد بە بەشدار بوانی ناساندن‌و داوای لەو بەڕێزانە کرد کە قسەکانیان پێشکێەش بکەن.

ئاغای د. والترپوش ( walter posh)، لە ئەنستیتۆی ئورووپایی بۆ لێکۆڵینەوە لە کاروباری ئەمنییەتیدا، وەك یەکەمین قسەکەری ئەم کۆبوونەوەیە، ئاماژەیەکی کورتی بە مێژووو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئێران کردو کێشەی کەمایەتییە نەتەوەیی‌یەکانی بۆ کاتێك گەڕاندەوە کە رەزاشا ویستی بە لاسایی کردنەوەی "مستەفا کەماڵ (اتاتورك)"لە تورکیە، هەنگاوی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناوەندگرا هەڵ بگرێ‌و بە لەبەرچاونەگرتنی فرە نەتەوەیی‌و فەرهەنگیی کۆمەڵی ئێران، کەمایەتییە نەتەوەیی‌یەکانی خستە پەراوێزەوە. ئاغای پووش (poosh) هەروەها وتی: بەڕێوە نەبردنی ئەم ئەسڵە لەقانوونی بنەڕەتیدا کە پێوەندیی بە مافی کەمایەتییەکانەوە هەیە، هۆیەکی دیکەی نائارامی‌و نارازیبوونی کەمایەتییە ئێتنیکییەکانە.

کاك مێرۆ عەلیار، دووهەمین قسەکەری ئەو کۆبوونەوەیە بوو، کە بە نوێنەرایەتی لەلایەن کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ بە چڕوپڕی باسی لە بارودۆخی وەزعییەتی نەتەوەکانی غەیرە فارس لە ئێراندا کرد، کە لە کۆماری ئیسلامیدا لە ژێر ستەمی میللی، فەرهەنگی، مەزهەبی‌و کۆمەڵایەتیدا دەناڵێنن. ناوبراو هەروەها جەختی کردەوە کە ساوکە بوونی دێموکراسی، سەقامگیر بوونی مافی مرۆڤ لە ئێراندا لە گرێوی چارەسەری کێشە نەتەوەیی‌و سیاسییەکان، بە شێوە عادیلانەدایە. کاك مێرو پاشان باسی لە دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ کردو وەك هەنگاوێکی مێژووی لە قەڵەمی داو، سیاسەت‌و هەڵوێستەکانی ئەم کۆنگرەیەی روون کردەوە. نوێنەری کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ، لە کۆتاییدا بە نێگەتیڤ هەڵسەنگاندنی ئاکامی سیاسەتی وڵاتانی ئورووپایی لەمەڕ کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە ماوەی ٢٦ ساڵی ڕابردوودا هیوای خواست کە، یەکیەتیی ئورووپا، بە سەرنجدان بە گۆڕانکارییەکانی چەند مانگی ڕابردوو لە ئێراندا، بە هەڵوێستەکانی خۆیدا بچێتەوەو سیاسەتێك لەمەڕ ئێراندا بگرێتە پێش، کە لەسەر بناغەی داکۆکی جیددی لە سەقامگیرو ساوکە بوونی ئازادی‌و دێموکراسی‌و، دابینکردنی مافە میللی‌و مرۆڤانییەکانی نەتەوەکانی بندەستی رێژیمی ئێران دابێ.

پاشان "ئاغای رەزا زەبیب" نوێنەری باڵیوزخانەی کۆماری ئیسلامی لە بێلژیك، لەسەر داوای بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە دەستی بە قسەکانی کرد. "ئاغای زەبیب" مافی کەمایەتییە ئیتنیکییەکانی بەشێك لە مافی مرۆڤ داناو لەبەر چاوگرتنی ئەم مافەی بۆ هەمووان بە پێویست زانی. ناوبراو پێشنیاری بە ئورووپا کرد کە سەرەتا کێشەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤی نێو وڵاتەکانی خۆیان چارەسەر بکەن. رەزا زەبیب، وڵاتانی ئورووپایی سەبارەت بە داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ بە ڕواڵەت بینی تاوانبار کردو بە نەزەری ناوبراو لە هەمبەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لوبناندا، لەلایەن ئیسرائیل ـ دەوە بێدەنگ بوون. دیپلۆماتی ئێرانی سەرەڕای ناساندنی ئەمریکا وەك بەرپرسی ئالۆزی‌و نائارامییەکان لەنێو کەمایەتییە ئیتنیکییەکاندا وتی: ئەقوامی ئێرانی سەدان ساڵە لەپاڵی یەکتریدا بە ئاشتی‌و تەناهی دەژین‌و، لەمافی وەك یەك لە وڵاتدا هاوبەشن‌و خاوەنی نوێنەری خۆیان لە مەجلیس دان!؟ ناوبراو بۆ سەلماندنی قسەکانی لەمەڕ یەکسان بوونی مافی کەمایەتییەکان، ئازەری بوونی "خامینەیی"و ژمارەیەکی دیکەی لە کاربەدەستانی رێژیم‌و هەروەها ئاماژەی کرد بە بوونی وەزیرێکی عەرەب زمان لە دەورانی دەوڵەتی خاتەمی‌دا. بەڵام ئاغای زەبیب، روونی نەکردەوە کە: یەکەم: ئەگەر کەمایەتییە نەتەوەیی‌یەکان لەوپەڕی نازونیعمەتدا دەژین‌و لە مافی یەکسان دەگەڵ هاونیشتمانە فارسەکانیان بەهرەمەندن، ئەدی بۆ دەچنە ژێر باری دنەدانی بێگانەکان؟ پشت لەو هەمووە نازو نیعمەت‌و ئاسایش‌و ئاسوودەیی‌یە دەکەن‌و لە گیانی خۆیان بێزار بوون دەرژێنە سەر شەقامەکان‌و دەست بە رێپێوان‌و ئیعتراز بکەن. دووەم: ئازەری بوونی هێندێك لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی‌و بوونی وەزیرێکی عەرەب زمان، چ دەردێکی لە دوو نەتەوەی تورك‌و عەرەب دەرمان کردووەو، چ سوودێکی پێ‌گەیاندوون؟

ئاخرین برگەی کۆبوونەوەکە تەرخان کرابوو بۆ باس‌و وەڵامدانەوە بە پرسیارەکان. کە چەند کەس لە پارلمانترانیش تێدا بەشدارییان کردو بیروبۆچوونی خۆیان هێنایە گۆر.

ئەو کۆبوونەوەوە یەك ساعەت‌ونیوی خایاندو، ژمارەیەکی زۆریش بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە بوون کە لە نێویاندا ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی پارلمانی ئورووپا بۆ نموونە پارلمانتارگەلێ وەك: ئاغای ئینگۆ فریدریش ( Ingo friedrich)، یەکێك لە جێگرانی سەرۆکی پارلمانی ئورووپا ـ خانم ئەنجلیکا بیر (Angelika Beer)، ئاغای میکایل ـ گالر (Michael Gahler)، ئاغای پاولۆ کاساکا (Paulo Casaca)، ئاغای بوش ماتیو (bush Mathew) بەرچاو دەکەوتن.

بایەخی ئەو کۆبوونەوەیە بەتایبەتی لەوە دایە کە پارلمانی ئورووپا یەکەمین جارە بە شێوەی رەسمی کۆبوونەوەیەکی بۆ باس‌و ئاخفتن سەبارەت بە رەوشی نەتەوەکانی ژێر ستەمی رێژیمی ئێران، تەرخان کردوە.

# سەرهەڵدان و جۆراوجۆریی ڕێبازە فیمینیستییەکان

## بەشی یەکەم

و:شنۆمێهرپەروەر

فیمینیزم، ڕەوتێکە خشکەیی کە لە هەناوی هزرگەلی فەلسەفی و ئیدئولۆژیکی ڕۆژئاواوە سەری هەڵداوەو بە هێنانە گۆڕی ئایدیا و دروشمگەلی بەڕواڵەت مافخوازانە سەبارەت بە ژنان، توانی بە پەلە لە ئاست دونیا دا بڵاوبێتەوە و وڵاتە ئیسلامییەکان دابگرێ. بەگوێرەی ئەو شارەزاییەی کە ڕۆژئاوا لە نەریتە قەومی، خێڵەکی و مەزهەبییەکانی وڵاتانی ئیسلامی و حەساسییەتی موسوڵمانەکان لە پێوەندی لەگەڵ ژن هەیبوو، دەستی دایە پڕۆپاگەندە لە ئاستێکی بەربڵاودا. هێندێك لە ڕەوتە ئیسلامییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ڕەوتی فیمینیزم یەکێك لەو سەدان شمەکەیە کە ڕۆژئاوا بۆ مانەوەو بەردەوام بوونی خۆی لەلایەك و زیاد کردن و هەرمین بۆ پەیدا کردنی خۆی لەلایەکی دیکەوە، بیچمی خۆی گۆڕیو لە شێواز و مۆدیلێکی نوێ بەناوی فیمینیزمی ئیسلامییەوە هاتە وڵاتانی ئیسلامییەوە. فیمینیزم بزووتنەوەیەکە بۆ وەدی هێنانی داخوازییە قانوونییەکانی ژنان کە لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ی زایینی و لە درێژەی نارەزایەتی دەربڕین لەمەڕ هیندێك لەو نابەرابەرییە کۆمەڵایەتییانە پێك هات و کەوتە تاوتوێ کردنی ئەو نابەرابەرییانە و ڕوانگەی جۆراوجۆریشی پێشنیار کرد، هەروەها بەهۆی بەستراوەیی ڕوانگەکان و بەریانە فیمینیستییەکان بۆ قوتابخانە فەلسەفیو سیاسییەکانی ڕۆژئاوا، لقگەلی جۆراوجۆر لە فیمینیزم بوونەوە کە هەرکام لە ڕوانگەیەکی تایبەت و جیاوازەوە دەڕواننە کێشە حقووقییەکانی ژنان کە گرینگترینیان: فیمینیستە ڕادیکاڵ، مارکسیست، سۆسیالیست، لیبراڵ، بان مۆدێرن و ئیسلامییەکانن.

لەم وتارەدا هەوڵ دراوە باس لە هۆیەکانی سەرهەڵدان و جۆراوجۆریی قوتابخانە فیمینیستییەکان بکرێ و شێوەی لێکدانەوەیان لەسەر مەسەلە و گیروگرفتەکانی ژنان و ڕێکارە پێشنیار کراوەکانیان بۆ ناساندنی ئەم گرووپانە شی بکەینەوە. بۆ نموونە فیمینیستەکان هۆی ژێردەستەیی و زوڵم لە ژنان بۆ گۆڕانکارییە ئابوورییەکان بەتایبەتی بۆ پاش ڕێنیسانس دەگەڕێننەوە و تەنیا ڕێگای ڕزگاریی ژنان لە ڕەدکردنەوەی سەرمایەداریدا دەبینن. لەحاڵێکدا کە ڕادیکاڵە فیمینیستەکان سروشتی توندوتیژانەی پیاو و پیاوسالاری بەهۆی

کاری سەرەکیی زوڵم کردن لە ژنان و چارەسەریی مەسەلەکانی ژنان لە وەگەرخستنی خەباتێکی سیاسیی ڕێکخراو دژی ئەم سیستمە بە پێویست دەزانن، بە بڕوای هیندێك لە فیمینیستە ئیسلامییەکان دەبێ ئیمانداری و هێزی ئایینی لێك جیا بکرێتەوە، هیندێکی دیکە ڕاشکاوانە باس لە نیزامی سکۆلار ناکەن، بەڵکوو خوازیاری خوێندنەوەیەك لە ئیسلام و بنەما ئایینەکانن کە بەپێی فەرهەنگی ڕۆژئاوا بێ.

ئێستاش گەشتێکی ڕاگەیەنی لەو بوارەی کە فیمینیزم چیە؟ دەست پێ دەکەین و لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە ودوای ئەم ڕەوتە خشکەییە دەکەوین.

**فیمینیزم چیە؟**

فیمینیزم، بزووتنەوەیەکی ڕێکخراوە بۆ دەست ڕاگەیشتن بە مافەکانی ژنان و ئیدئۆلۆژییەکە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا کە مەبەستەکەی تەنیا وەدیهاتنی بەرابەریی کۆمەڵایەتی ژنان نیە، بەڵکوو خەون بە لابردنی هەر چەشنە زوڵم و هەڵاواردن و جیاوازیدانانێکی ڕەگەزییەوە دەبینێ، هەموو ئەو مەیل ڕێبازانە کە لەژێر چەتری بەربڵاوی ئەم بزووتنەوەیەدا کۆبوونەتەوە، لەسەر ئەو بڕوایەن کە ژنان لەگەڵ بێ عەداڵەتی و ناوبەرابەریدا بەرەوڕوون، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ هۆیەکانی زوڵم و ستەم و چەوسانەوە لەسەریان ڕاڤەی جۆراوجۆر پێشکەش دەکەن و هەر بەو پێیە ڕێکار و شێوازی جۆراوجۆر پێشنیار دەکەن.

یەکەمجار وشەی فیمینیزم (Feminisme) بە شێوەیەکی نیمچە شیکراوە و لە بابەتێکی پزیشکیدا بە زمانی فەرانسەویی، بۆ گەشەی ئەندامەکان و تایبەتمەندیی ڕەگەزیی نەخۆشەکان، بەتایبەتی بۆ پیاوێك بەکار هات کە وای بۆ دەچوون کە لە ژن جەستەیی خۆیەوە ئازاری دەکێشا، پاشان ئەلێکساندێر دۆما نووسەری فەرانسەوی، ئەم وشەیەی لە نامیلکەیەکدا لەژێر ناوی "ژن و پیاو"دا



سەبارەت بە ژنی مێرددار و ئەو ژنانە بەکار برد کە بە شێوەیەك بە ڕواڵەت پیاوانە هەڵسوکەوتیان دەکرد.

فیمینیزم وەك دەستەواژەی سیاسی، لە ساڵی ١٨٣٧ی زایینییەوە هاتە نێو فەرهەنگی فەڕانسەو هەر ئەم وشەیە ڕواڵەتێکی گشتیی هەیەو تایبەتمەندییەکانی هەڵگری پێناسەو پێکهێنەری ڕێبازێکی تایبەتن، وشەیەکی ڕوونو ساکارە، بەڵام بە هەبوونی ئەم چەمکە گشتییە، لە هێماو نیشانەی بیرۆکەیەکی تایبەت بێبەشە. بۆ تێگەیشتن لە مانای تایبەتی ویستراو لە فیمینیزم، پاشگرگەلێك پێویستن. چونکە ئەم چەشنە پاشگرانەن کە جۆری پەرەسەندن، تایبەتمەندییەکانو مەبەستە دیاری کراوەکان دەستنیشان دەکاو بەم شێوەیە کە بۆ نموونە فیمینیستی ڕادیکاڵ لە فیمینیستی سۆسیالیست جیادەکاتەوە. لە باسە ئاکادێمیکەکاندا فیمینیزم بە مانا گشتییەکەی بریتییە لە هەر چەشنە داخوازییەکی قانونیو کۆمەڵایەتیی ژنان، بەڵام ئەوەی کە ئەمڕۆ وەك فیمینیزم باسی لێوە دەکرێ، فیمینیزم بە مانای تایبەتییەکەیەتی کە بزووتنەوەیەکی بەتەواوی سیاسی - ئیدئۆلۆژیکییە کە لە لایەن ناوەندە

تایبەتییەکانەوە پشتیوانیی لێدەکرێ. وا باشتریشە بڵێین پێش ئەوەی کە قوتابخانەو ئیدۆلۆژییەکی سەربەخۆ بێ، بزاڤێکی کۆمەڵایەتییە بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی ژنانی چەوساوەی ئورووپاو ڕۆژئاوا. لە دەیەی ١٨٤٠ی زایینیدا، بزووتنەوەی مافەکانی ژنان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دا سەری هەڵداو هەوڵی دا پێگەی ژن لە کۆمەڵگای ئەمریکادا دیاری بکا کە خوازیاری لە بەرچاوگرتنی بنەماکانی ئازادیو بەرامبەری لە پێوەندی لەگەڵ ژناندا بوو، پێش لە سەرهەڵدانی بزوتنەوەکانی داکۆکیکەری مافەکانی ژنان، نووسەرانی ژن سەبارەت بە نابەرامبەریو بێ عەداڵەتیە کۆمەڵایەتییەکان، گەلێك بابەتیان نوسیبوو. لە ڕاستیدا دەستپێکی ئەم بزووتنەوانەو سەرچاوەی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی فیمینیزم، هەر ئەم نوسراوانە بوون کە بە پێکهێنانی گۆڕانکارییە کولتوورییەکان، بواریان بۆ جموجوڵی ژنان لە پێناو وەدەستهێنانی داخوازییەکانیاندا ڕەخساند.

بۆ نموونە دەتوانین ناوی خاتوو" مێری وێڵستن کرافت" نووسەری دابینبوونی مافەکانی ژنانو "سیمون دۆبوار" نووسەری کتێبی "ڕەگەزی دووهەم" بێنین. لە کۆبەندێکی گشتیی پێناسەی فیمینیزم دا دەتوانین بڵێین: گەلێك بزووتنەوەی چالاکی بواری مافەکانی ژنان، چ لە جیهانی ڕۆژئاوادا و چ لە وڵاتانی ئیسلامی، لە نارەزایەتی بە هێندێك لە نابەرابەرییە کۆمەڵایەتییەکان پێك هاتن، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات بوونە ڕەوتگەلێکی کولتووری کە بە پێی بۆچوونە ناسراوە باوەڕییەکان، کەوتنە لێکدانەوەی نابەرامبەرییەکانی ژنانو ئامانجە ژنانەکانیان. ئەمڕۆژە وشەی فیمینیزم بە داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان لە سەر بنەمای ئامانجی بەرامبەری مانا دەکرێتەوە.

**هۆیەکانی سەرهەڵدانی فیمینیزم:**

فیمینیزم وەك ڕێبازێك کە هەوڵی پێشخستنی مافەکانی ژنان دەدا، پێویستیی بە خوێندنەوەی بایی مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیو مێژووی ڕۆژئاوا هەیە کە لەم باسەی ئێمە ناگونجێن، بەڵام بۆ هەڵسەنگاندنی هۆیەکانی سەرهەڵدانی فیمینیزم ناچارین چەمکی ژنو مافەکانی لە ڕوانگەی مێژووییەوە بە کورتی باس بکەین. لە ڕۆمی کۆندا، ژنان مافی کۆمەڵایەتییان نەبووو لە میراتیش بێ بەش دەکران. ژن لە دوای مردنی مێردەکەی وەك کەلوپەلەکانی دیکە بۆ میراتگرەکانی دەمایەوە، ڕۆمییەکان لەگەڵ ئەوەی کە لە بواری یاساو مافەوە پێشکەوتنی زۆریان وەدەست هێنا بوو، بەڵام بیروڕای گشتی سەبارەت بە ژنان لە توندوتیژیو سەختگیرییەوە نزیك بوو.

لە دێموکراسی ئاتێندا ژنان لەگەڵ کۆیلەو بەرەڵاکاندا یەکسان بوونو مافی دەنگدانو خاوەندارێتیی ئابووریان نەبوو. بەهەرەسهێنانی ئێمپراتوورییەتی ڕۆم، فەزای کۆمەڵایەتی لە ژێر کاریگەریی کولتووری مەسیحییەت دا تا ڕادەیەك لەبار بوو، لەگەڵ ئەوەی کە سەدەکانی نێوەڕاست قۆناخی حەسانەوەی ژنانی ئورووپایی کۆن بوو، بەڵام سەدەکانی شەشو حەوتی زایینی کە هاوکات بوو لەگەڵ پەرەسەندنی بیروباوەڕی مەسیحییەت بە چاوی ڕێزەوە دەیڕوانیە ژن، بە شێوەیەك کە توانی بۆچوونی دواکەوتوانەی پێش لە مەسیحییەت سەبارەت بە ژن بگۆڕێ. چونکە ئەم ئایینە لەسەر بناخەی ژنێك بە ناوی مەریەم (د.خ) پێکهێنرا، لەسەدەکانی دەیەمو یازدەهەمی زایینیدا، ژنان هێدی هێدی هاتنە نێو کاروباری سیاسی، حکوومەتیو قەزاییەکانەوە. ئەم قۆناغە هاوکات بوو لەگەڵ هاتنو بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ئورووپادا، کە چوونەسەری ڕێزی مافەکانی ژنانو مافە ماددیو مەعنەوییەکانو فەرهەنگی ئورووپایی لەگەڵ خۆی هێنا. لەسەدەکانی سێزدەهەمو چواردەهەمی زایینیدا پێکهاتەی کۆمەڵایەتیو ئابووریی ئورووپا گۆڕانی بەسەردا هات کە بووە هۆی بەرتەسکردنەوەی مافەکانی ژنانو هاتنە خواری ڕێزو حورمەتی ژنی ئورووپایی لێ کەوتەوە، زۆرترین قۆناخی هێرش بۆ سەر ڕێزو کەرامەتی ژنو مافە ماددیو مەعنەوییەکانی لە ڕۆژئاوا لە دوای ڕێنیسانس بوو، قۆناخێك کە بە

مردنی شارستانییەتی ژن ناوی لێ دەبرێ. لووتکەی ئەم هێرشانە لە سەدەکانی یازدەهەمو شازدەهەمی زایینیدا بوو، لەم قۆناخە ژنانی داهێنەر لە مەیدانی زانستو هونەرو ئەدەبیاتدا، ناچارن شوێنەوارو بەرهەمەکانیان بە ناوی پیاوانە ئیمزا بکەن. بۆ وێنە دۆزینەوە گرینگەکانی "تێکۆبراهە" لە بواری بە ئەستێرەناسیدا بەرهەمی هەوڵو ماندووبوونە زانستییەکانی خوشکەکەی بوو.

لەسەدەکانی هەڤدەو هەژدەی زایینیدا کە هاوکات لەگەڵ خێراتربوونی سێکولاریزاسیون لە ئەخلاقو فەرهەنگ، ئاڵۆزیی کۆیلەکانو هەژار بوونی بەشێك لە مرۆڤایەتیو کۆکردنەوەی سامان، حورمەتیمرۆڤ لە ئورووپا، بە ڕێژەی بەرهەمهێنانی کاڵاو پاشکەوتە ماددییەکانی هاتە خوارەوە، لەم نێوەدا، بارودۆخی ژنان لە چاو پیاوان دژوارترو خراپتر بوو، ژنی ڕۆژئاواییش فیمینیزمی بە تاکە پشتیوانیی قانوونیو ڕێزوحورمەتی لە دەست چوونی خۆی دادەنا، ڕەخنە لە یاسا نا عادڵانەو نادادپەروانەکان، پێکهاتەی دەسەڵات، فەرهەنگ، بایەخەکانو دابونەریتە پیاوسالارەکانی کۆمەڵگا دەزانێ. دەوتوانێ ڕەوتی مێژوویی سەرهەڵدانی فیمینیزم بە دووبەشی سەرەکیی ناودێر بە شەپۆلە دوو لایەنەکان پۆلێن بەندی بکەی. شەپۆلی یەکەم فیمینیزم تیشك دەخاتە سەر بزووتنەوە فیمینیستەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەمی زایینی. تەوەری چالاکییەکانیان وەدەستهێنانی مافە یەکسان بۆ ژنانو بە تایبەت مافی دەنگدان بوو، شەپۆلی دووەم لە کۆتاییەکانی دەیەی ٦٠و تەواوی دەیەی ٧٠ی سەدەی بیستەمی زایینی، نارەزایەتییەکی سەرلە نوێیە دژی نەبوونی یەکسانیی ژنان.

ئەم دوو شەپۆلە فیمینستییە پێیان وایە کە بیاڤگەلێکن کە هەڵگری بیروباوەڕەکان، کورنە مێژووو هەنگاوگەلی تایبەتی خۆیانن. بەڵام لە کردەوەدا لە نێوان ئەم بیروباوەڕو کردەوانەدا هیچ یەکگرتنێك بەدی ناکرێ.

سەرچاوە:
www.arialewasi.com

# لە قامووسی فیمینیزمدا

وەرگێڕانی: ب.هانا

(١٩)

**فیمینیزمی ڕەش** Black Feminism

بریتییە لە تیۆریی تایبەت بە خەباتی ژنانی ڕەش. فیمینیزمی ڕەش لە سەر بناغەی نەریتی خەباتگێڕانەی چەپ دامەزراوەو سەرمەشقەکانی خۆی لە فیمینیزمی سوسیالیستی وەردەگرێ.

لە سەرەتادا فیمینیزمی ڕەش ئەم باسەی دێنایەگۆڕێ کە گۆڕانی ئامانجدار لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا ـ کە هەم پیاوو هەم ژن سەرکوت دەکا ـ دەتوانێ بە یەکگرتنی ژنانی ڕەنگی (لە باری ڕەنگی پێستەوە جیاواز) لە گەڵ بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکان، بە ئاکام بگا. فیمینیستە ڕەشەکان، بۆ وێنە باربار سمیت، ئەدرێ لۆرد، گلۆریا جوزێف، گلۆریا هال یا ئالیس واکێر هەوڵی داهێنانی هێندێك تیۆری دەدەن کە پێویستییەکانی ژنانی ڕەش دابین بکەنو لە پێوەندی لەگەڵ هێندێك کێشەدا کە کاریگەریی ڕاستەخۆیان لە سەر چۆنایەتیی ژیانیان هەیە تا یارمەتیی ئەوان بدەن، بێنە مەیدان. بیردۆزەی فیمینیستیی ڕەش، چاو بە سنوورەکانی خوشکایەتی لە گەڵ فیمینیستە سپییەکاندا دەخشێنێتەوە تا لە هەناوی کۆمەڵێکی ڕەگەزپەرستەوە، بە شێوەیەکی گشتگیر لە ناتەباییییە شاراوەکان لە بوارەکانی جینسیەت، ڕەگەزو چیندا بکۆڵێتەوە (Amos& Parmar ,1984).

فیمینیستە ڕەشەکان دەڵێن هەموو تیۆرییە فیمینیستییەکان دەبێ بە هەبوونی ناسیاویی تەواو لە بارەی



ئیمپریالیزمەوە، لە گەڵیدا بکەونە بەربەرەکانی. "ئێمە بۆ بەرەنگار بوونەوەی سەرکوتی خۆمان لە تەواوەتیی خۆیدا .... ناتوانین سەبارەت بە یەکێك لە ڕەهەندەکانی سەرکوتمان دا ڕەهەندەکانی دیکە بخەینە دواوە." تەنیا ئامێتەیەك لە چین، ڕەگەز، جینسییەتو هەستە جینسییەکان، دەتوانێ ئێمە بەرەو پێش ببا" (Amos&Parmar,1984,P.18).

ژنانی ڕەشو ژنانی سەر بە ڕەنگەکانی دیکە، ڕەخنەیان لە کەمتەرخەمیی فیمینیستە سپییەکان لە قەبوولکردنی ئەم گریمانەدا هەیە کە ئەزموونی ژنانی سپی دەتوانێ دەربڕی ئەزموونی گشت ژنان بێ. بۆ وێنە ئاماژە بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی ڕەشەکان وەك خوازەیەك بۆ ژنانی سپی دەکەن کە بێ سەرنجدان بە ڕەگەزپەرستیی دەرهەستانەی زبانو گریمانەکانی خۆیان، ئەنجام دەدرێ (hooks, 1981).

ئوودرێ لۆرد سەبارەت بە قسەکردن لە ئەزموونی ژنانی ڕەنگی تەنیا بە مەبەستی نیشاندانی زۆرلێکراویی ئەوانو بە بێ باسکردنی ئەزموونی ئەوان بە تەواوی، بە توندی ڕەخنە لە ماری دەیلی دەگرێ (Lorde,1984 b).

تەنیا ژنانی ڕەش دەتوانن لەو ڕۆڵە تێبگەن کە جینسییەت لە هزری پیاوی ڕەشدا هەیبووە (Combahee River Collective,1981).

هەروا کە باربارا سمیت دەڵێ: "پێداگرتن لەسەر جنسگەریی پیاوانی ڕەش بەم مانایە نیە لە پیاوان بێزار بین یا لە جێدا بەو مانایە نیە کە پیاوان لە ژیانمان دەرهاوێژین، بەڵکوو بەو مانایەیە کە دەبێ بۆ پێکهێنانی پێوەندییەکی دوو لایەنە لەگەڵ پیاوان لە سەر بناغەیەکی جیاواز، خەبات دەکەین." (B.smith,1979). هەر ئێستا ڕەخنەگرانی ئەدەبیی ڕەشپێست خەریکی پێکهاتەکانی ئەو پرۆسە دەلالەتییانەن کە لە دەوری وشەگەلی وەك "دوو ڕەگە (دوڕە)ی ڕەشو سپی" (mulattoa) پێك هاتوون. بە جۆرێك تیۆریی جیاواز بە قازانجی ژنانی ئەمریکایی بە ڕەچەڵەك ئەفریقایی، دابێنن (M.Davis,etal, 1987).

سەرچاوە: کتێبی "فرهنگ نظریەهای فمینیستی"
لاپەڕەکانی ٥٨ و ٥٩

**بۆ هاوکاریی هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 445 22 Sep 2006

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com http://www.pdk-iran.org www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com

e- mail: pdkiran@club-internet.fr

e- mail: rdk_iran@yahoocom



# چەپکێك

## لە بیرو بۆچوونەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی

### لە بارەی دیموکراسی لە نێو خۆی حیزبدا

بە شێوەیەکی گشتی دەبێ هەر کەسێك بتوانێ لەنێوخۆی حیزبدا بۆچوونی خۆی وەك بۆچوونی موخالیف دەربڕێ‌و بە شێوەیەکی ئازادانە بۆ [بردنەپێش]ی ئەم بۆچوونەی لە نێو حیزبدا، هەوڵ بدا. لە کۆنفرانسەکان‌و کۆبوونەوە حیزبی‌یەکاندا، ئەو بۆچوونەی ڕابگەیەنێ‌و لە کۆنگرەی داهاتوودا کە پێك دێ بۆچوونی خۆی بەرێتەپێش. دەتوانێ نامیلکەی نێوخۆیی هەبێ، لە نامیلکەی نێوخۆییدا بیروڕای خۆی بێنێتە گۆڕێ‌و داکۆکیی لێ‌بکا، بەڵام لە دەرەوەی حیزب، دەبێ هەوڵ بدا وەك یەکەیەك، وەك گشتێك [حیزب] پیشان بدا.

.... لە نێو حیزبدا، دەبێ دیموکراسیی تەواو هەبێ قسەی من لە سەر دەنگدانەوەکەی لە دەرەوەی حیزبە. وەك وتم [موخالیفان] تەنانەت دەبێ بتوانن لە نامیلکەی نێوخۆیی حیزبدا، بۆچوونی موخالیفی خۆیان دەربڕن. بگەڕێینەوە سەر دەوڵەتی دیموکراتیك، بۆ وێنە نوێنەری ڕەسمیی وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتێکی دیموکراتیك ناتوانێ بچێ بۆچوونی خۆی، ئەگەر موخالیفی بۆچوونی دەوڵەت بێ‌و بۆخۆشی سەر بە حیزبێکی ئۆپوزیسیۆن بێ، دەربڕێ .... لە نێوخۆی حیزبیشدا دەبێ ئەوەندە دامەزراوەی دیموکراتیك هەبن کە هەر کەسێك بتوانێ ڕای خۆی دەربڕێ‌و کار بۆ پێشچوون‌و سەرکەوتنی بکا.

لە وتوویژی دوکتور شەرەفکەندی لە گەڵ "سعید رهنما"دا، گۆڤاری "مهرگان"، هاوینی ١٣٧٢

### ئەگەر خەڵك حکوومەت بە هەڵبژاردەو نوێنەری خۆیان بزانن

لە دنیای پڕ پێچ‌و خەمی ئەوڕۆدا ئەو شتە سەرەکی‌یە کە دەتوانێ دەستەبەری سەربەخۆیی ڕاستەقینەی سیاسی لە وڵاتی ئێران دابێ "دیموکراسی"یەو، "بەستراوەیی" ئاکامی بێ‌ئەم لاو ئەولای دیکتاتۆری‌و سەرەڕۆیی‌یە. تەنانەت لە باری ئابوورییشەوە هەر وەك گوتمان "خودکفایی" مانایەکی ڕوونی نیە، ئەوە دیموکراسی‌یە کە نەخشی هەرە کاریگەر دەگێڕێ، وڵاتێك ناتوانێ خۆ لە پێوەندیی ئابووری لەگەڵ وڵاتانی دیکە ببوێرێ. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو پێوەندی‌یە نەبێتە بەستراوەیی، پێویستە کە خەڵکی وڵات لە کاروباری ئابووری‌و بەرهەمهێنان دا چالاکانەو دڵسۆزانە بەشداری بکەن، ئەمەش وەدی نایە مەگەر لە سایەی دیموکراسی‌یەوە. یانی کاتێك کە خەڵك حکوومەت بە هەڵبژاردەو نوێنەری خۆیان بزانن‌و هەست بە کاریگەر بوونی بەشداریی خۆیان لە کاروباری بەڕێوەبردنی وڵات دا بکەن.....

وتاری: "دیکتاتۆری‌و سەربەخۆیی"، نووسینی دوکتور شەرفکەندی، ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژمارە ١٤٣، خەزەڵوەری ١٣٦٧

### نەبوونی ئازادیی بەیان، تایبەتمەندیی سیستمێکی دیکتاتۆر

نەبوونی ئازادیی بەیان دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەو کەسەی یان ئەو تاقمەی بە هەر شێوەیەك حکوومەتیان بە دەستەوە گرتوە، هەرچی پێیان خۆش بێ‌و هەر شتێکی بە فکریان بگا ئەنجامی بدەن بێ ئەوەی بزانن نەتیجەو ئاکامی ئەو بڕیارەو ئەو هەڵوێستە لە کۆمەڵداو لە وڵاتدا چۆن بووەو چۆن دەبێ‌و کەم‌و کووڕی‌یەکان - ئەگەر هەن - چۆن‌و لە چ ڕێگایەکەوە دەکرێ چارەسەر بکرێن. ئەوە [ش] دیکتاتۆری پێك دێنێ، یان ڕوونتر بڵێین: بەرگرتن‌و لابردنی ئازادیی بەیان یەکێك لە تایبەتمەندی‌یەکانی بەرچاوی ڕێژیمێکی دیکتاتۆرو سەرەڕۆیە.

وتاری "ئازادی دەربڕینی بیروڕا لە کۆماری ئیسلامی‌دا"، کتێبی هەڵبژاردەیەك لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرفکەندی، ل ١١٦ و ١١٥

### گرنگی خەبات بۆ ئازادیی ژنان

ئەرکی سەر شانی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتە کە زۆر بە جیددی‌و بە شێلگیری‌یەوە تێ‌بکۆشن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزە [نەهێشتنی زوڵم‌و زۆر لە سەر ژنان] بە هەموو توانایانەوە یارمەتیی برایان‌و خوشکان‌و بابان‌و دایکانی کوردستانە خۆشەویستەکەمان بدەن. لەبیرمان بێ کە خەباتی ئێمە بۆ گەیشتن بە ئازادی‌و بەختەوەری لایەنی جۆربەجۆری هەیە کە خەباتی چەکداری لە دژی دوژمنی داگیرکەرو چەوسێنەر تەنیا یەکێك لەوانەیەو خەبات بۆ ئازادیی ژنانیش کە نیوەی کۆمەڵن، یەکێکی دیکە لەو لایەنانەیە کە گرنگی‌یەکەی زۆر لە خەباتی چەکداری بۆ ئازادیی گەلی کورد کەمتر نیە.

وتاری "ڕۆژی جیهانیی ژن" بە بۆنەی ١٧ی ڕەشەمەی ١٣٦٣ لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بڵاوبۆتەوە

### یاسای زۆرداران

"تا کاتێك لە دنیادا ماف‌و ئازادی‌یە ئینسانی‌یەکان، "تابع"ی هەواو هەوەسی زۆرداران بێ‌و قانوون لە لایەن زۆردارانەوە بنووسرێ، نەك هەر ترۆریزم بەڵکوو زۆر کاری دیکەش مانایەکی دیاریکراویان نابێ‌و زۆرداران دەتوانن هەموو جووڵانەوەیەکی عادڵانەو هەموو ڕاپەڕینێك‌و کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بە خیلافی قانوونەکانی خۆیان دابنێن‌و بە عینوانی تیرۆریزم مەحکوومی بکەن، لە بەرامبەردا هەموو جینایەتێکی خۆیان بەڕەواو عادڵانەو قانوونی لە قەڵەم بدەن."

وتاری تیرۆریزم بە چی دەڵێن"، کتێبی "هەڵبژاردەیەك لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی ١٣٦٨ _ ١٣٦٢ لاپەڕەی ١٦٦

### فیدرالیزم، باشترین سیستەم بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی لە ئێران دا




... لە ئێران دا، کە وڵاتێکی فرەنەتەوەیەو دیارە زۆرایەتییش بە فارسەکانە، کێشەی نەتەوەیی، شتێکی حاشا هەڵنەگرە. هەر بۆیە، لە ئێران دەبێ جگە لە فارسەکان، میللییەتەکانی دیکەش لە چوارچێوەی ئێران دا مافی خۆیان پێ‌بدرێ، واتە بوونی ئێرانێکی یەکگرتوو و یەکپارچە دەبێ لەسەر بناغەی بنەماکانی دێموکراسی‌و بە گوێرەی حەزو مەیلی دەروونیی هەموو دانیشتووان‌و خەڵکی ئەم وڵاتە، دابمەزرێ. ئەمەش تەنیا ئەو کاتە دەگونجێ کە خەڵکی ئێران، چ کورد، چ فارس‌و چ بەلووچ، خۆیان بە بەشێك لەم وڵاتە بزانن‌و خاوەنی هەموو ئەومافانە بن کە بۆ هاونیشتمانێك هەیە. بەڵام هەرکە هاونیشتمانی پلە یەك، پلە دووو پلە سێ هەبوو، شتێکی زۆر سروشتی‌یە کە دژکردەوەی جۆراوجۆر پەیدا ببن. ئەگەر لە ئێران دا، دروشمەکانی پێوەندیدار بە دێموکراسی بکەونە سەرووی هەموو دروشم‌و داواکان‌و، ئێران بەڕاستی دێموکراتیك بێ، لە ڕاستی‌دا مەسەلەی خودموختاری یا مافە نەتەوایەتی‌یەکان‌و کێشەی نەتەوە نافارسەکان نایەنە گۆڕێ. لەڕاستی‌دا ئەم دێموکراسی‌یە لە ناوچە نەتەوەیی‌یەکان دا، جێبەجێ بوونەکەی بە شێوەی سپاردنی دەسەڵاتی خۆجێیی بە خەڵکی ئەو ناوچانە دەبێ. خودموختاری فۆرمێکە لە دێموکراسی. لە ئێران دا، ڕەنگە باشترین سیستەم، سیستەمی فیدراڵی بێ. ئێمە کە باسی خودموختاری دەکەین لەڕاستی‌دا لەبەر ئەوەیە کە نەمانویستوە ببینە وەکیلی نەتەوەکانی دیکە.

دوکتور سادق شەرەفکەندی لە وتوویژ لەگەڵ "سعید رهنما"دا، گۆڤاری "مهرگان"، ساڵی ١٣٧٢

## تازەترین ژمارەی گۆڤاری "ژنان"

لەم دواییانەدا، ژمارەی تازەی گۆڤاری "ژنان" بلاو بۆوە.

پازدەیەمین ژمارەی گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ڕێکەوتی گەلاوێژی ١٣٨٥ (ئووتی ٢٠٠٦)ی لە سەرە، لە ٥٢ لاپەڕدا چاپ‌و بڵاو بۆتەوە. هێندێك لەو وتارو بابەتانەی لەم ژمارەیەی گۆڤاری "ژنان"دا سەرنج ڕادەکێشن، بریتین لە:

نەمانی چەوسانەوە باوەڕی قاسملوو بوو* پەیامی یەکیەتیی ژنان بە بۆنەی ٦١مین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات* ساتوسەوداکردن بە ژنان‌و منداڵانی بێدەنگ لە لایەن مرۆڤەوە* ژن‌و بازنەی شوناس* یاسای مەدەنی‌و داخوازیی ژنانی ئێران بۆ گۆڕانکاری* کچانی لەژیان بێ‌بەشکراو* ژنان‌و داهاتووی ئابووریی جیهان* بێدەنگی لەئاست خۆسووتاندنی ژنان لە کوردستان* ژنان‌و بازاری کار* مافەکانی ژنان مافی مرۆڤن‌و هتد. بەشێك لە لاپەڕەکانی ژمارە ١٥ی گۆڤاری ژنان بۆ کارو چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنان‌و هەواڵەکانی تایبەت بە ژنانی کوردستان، ئێران‌و جیهان تەرخان کراون.




## مرواریی دەریای وشە

حەقێقەت، ئەڵماسێکە کە بلێسەکانی تەنیا بۆ لایەك تیشك ناوێن، بەڵکوو هەموو لایەك نوقمی تیشکە بەهێزەکانی خۆیان دەکەن. (ئاگۆست شاتۆبێریان)

ئەوەی خەڵك زانا دەکا، ئەو بابەتانە نین کە دەیانخوێننەوە، بەڵکوو ئەو شتانەن کە فێریان دەبن. (فرانسیس بیکەن)

هەر کەسێك دەبینم لە بارێکەوە، لە سەرووی منەوەیە، هەر بۆیەشە کە من لە هەموو کەس ئامۆژگاری وەردەگرم‌و شت فێردەبم. (ئێمێرسۆن)

ئەو شتەی دەتەوێ بە هەڕەشە وەدەستی بێنی، بە زمانی خۆش زووتر پێی دەگەی. (ستوارت میل)

## بەر لەماڵاوایی

# ئەو تیرۆرەی، ڕیسوابوونی کۆماری ئیسلامیی لێ کەوتەوە

قادر.وریا

٢٦ی خەرمانان (١٧ی سیپتامبر) بۆ حیزبی دێموکرات، گەلی کوردو تەواوی ئازادیخوازانی ئێران وەبیر هێنەرەوەی کارەساتێکی تاڵ‌و خوێناوی‌یە. لە ١٧ی سیپتامبری ١٩٩٢دا، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوکتور سادق شەرەفکەندی‌و هاوڕێیان فەتتاح عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی‌و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، هومایوون ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئەڵمان‌و خەباتگێری ناسراوی ئێرانی‌و دۆستی لەمێژینەی حیزبی دێموکرات، نووری دێهکوردی، لە بێرلین کەوتنە بەر دەسڕێژی تیرۆریستە بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی‌و شەهید بوون.

دوکتور شەرەفکەندی (دوکتور سەعید)و سێ شەهیدی دیکەی ئەو کردەوە تیرۆریستی‌یە لە کاتێکدا کەوتنە بەر پەلاماری تیرۆریستەکان کە لەگەڵ ژمارەیەك لە نوێنەران‌و تێکۆشەرانی ئۆپوزیسیونی ئێراندا، لە ڕیستۆرانی میکونووس کۆبوونەوەو، لە سەر چۆنیەتیی هاوکاری‌و هاوخەباتیی هێزو لایەنەکانی ئۆپوزیسیون لە دژی کۆماری ئیسلامی، خەریکی بیروڕا گۆڕینەوە بوون. دوکتور سەعیدو سێ هاوڕێی شەهیدی هەمووی چەند سەعاتێك بوو لە کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست گەڕابوونەوە.

دوکتور شەرەفکەندی لەو ڕۆژەوە کە هەموو کات‌و توانای خۆی نایە خزمەتی حیزبی دێمۆکرات‌و خەباتی ڕزگاریخوازانەی میللەتەکەی، زۆر ئەرکی گرینگ‌و بەرپرسایەتیی قورسی لە ئاستی حیزب‌و جووڵانەوەدا، کەوتە سەر شان. ئەو نەمرە بە تایبەتی لە قۆناغێکی سەخت لە ژیانی حیزبەکەی‌دا، ئەوکاتە کە دۆست‌و دوژمن چاویان بڕیبووە حیزبی دێمۆکرات‌و دەیانەویست بزانن چارەنووسی حیزبی دێمۆکرات‌و جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوودا، چی لێ دێتەوە، بەرپرسایەتیی بەڕێوەبردنی حیزبی دێمۆکراتی کەوتە سەرشان. دوکتور شەرەفکەندی لە ئاکامی زانایی، تایبەتمەندی‌یە بەرزەکان‌و لێوەشاوەیی خۆی‌داو پشت ئەستوور بە وەرەی شۆڕشگێڕانە، هەست بە بەرپرسایەتی کردن‌و هاوکاری‌و هاودڵیی ڕێبەری‌و بەدەنەی حیزب‌و دڵگەرم بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان‌و دۆستانی حیزبی دێمۆکرات، لە ماوەیەکی کەم‌دا توانی نیگەرانیی دۆستان‌و دڵسۆزان بڕەوێنێتەوەو خەیاڵی خاوی دوژمنان پووچەڵ بکاتەوە. هەربۆیە لەنێو بردنی بوو بە یەکێك لە ئامانجە بە پەلەو گرنگەکانی دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی‌و، لەسەرووترین ئاستدا نەخشەیان بۆ کوشتنی داڕشت.

دیارە هەرکام لەو هاوڕێیانەش کە لەگەڵ دوکتور شەرەفکەندی‌دا گیانیان لێ ئەستێنرا، ڕابردوویەکی چەندین ساڵەیان لە خەبات لە پێناوی ئازادی‌دا هەبوو و ئەرك‌و بەرپرسایەتیی گرینگیان لە کوردستان‌و دەرەوەی وڵات لەسەرشان بوو. بۆیە ڕێزنان لە باوەڕی پتەویان بە ئازادی‌و دێمۆکراسی‌و ڕزگاریی گەلی کورد لە بندەستی‌و، وەبیرهێنانەوەی زەحمەت‌و شەونخوونی‌و فیداکاریی بێدریغیان لەو پێوەندی‌یەدا ئەرکی هەموو لایەکمانە.

کۆماری ئیسلامی کە سێ ساڵ پێشتر، لە وییەن‌و لە سەر مێزی وتوویژ دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات‌و هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری ئازەر، نوێنەری حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵاتی تیرۆر کردبوو، دەیەویست بە دووپات کردنەوەی زەبری بە ژانی خۆی لە حیزبی دێموکرات، ئەو حیزبەو بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە جارێك لاواز بکاو لە مەیدانی خەبات‌و بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو ڕێژیمە وەدەریان بنێ. بەڵام تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات‌و کۆمەڵانی دێموکراتدۆست‌و دێموکراتپەروەری خەڵکی کوردستان، بە وەفاداری‌و بەردەوامی لە سەر ڕێگاو ڕێبازی ڕێبەرانی شەهیدیان‌و بە نیشاندانی پشتیوانی‌و خۆشەویستیی بێ‌سنووریان بۆ حیزبی دێموکرات، کۆماری ئیسلامییان ناکام‌و ناهومێد کرد. جگە لەمەش، ئەمجارەیان ئەو ڕێژیمە تیرۆریست‌و تیرۆریست پەروەرە، کلکی بە تەڵەوە بووو ئەنجامدانی جینایەتی ڕێستۆرانی میکونووسی زۆر بە گران لە سەر تەواو بوو. چونکە بە دوای گیرانی هێندێك لە بەشداران‌و بەڕێوەبەرانی کردەوە تیرۆریستی‌یەکە لە لایەن پۆلیسی ئەڵمانەوە، دەزگای قەزایی ئەو وڵاتە لە موحاکەمەیەکی مێژوویی‌دا کە سێ ساڵی خایاند، پەردەی لە سەر دەست هەبوونی ڕاستەوخۆی ڕێبەرانی پلە یەکی کۆماری ئیسلامی لەو جینایەتەو زۆر کردەوەی تیرۆریستیی دیکەدا بە گشتی لاداو، لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا مەحکووم‌و ڕیسوای کردن.

ئێستا پاش ١٤ ساڵ لە جینایەتی ڕیستورانی میکونووس، لە کاتێکدا یادی ڕێبەری شەهیدمان دوکتور شەرەفکەندی‌و هاوڕێیانی دەکەینەوە کە بەردەوامیی ئەو ڕێژیمە لە سەر سەرکوت‌و لە نێو بردنی ئازادیبیران‌و ڕەفتارە جینایەتکارانەکانی بۆ هەموو دنیا دەرکەوتوەو هومێد بەوە کە ئاڵوگۆڕ لە خۆی‌دا پێك بێنێ‌و دەست لە گاڵتە کردن بە ڕێوشوێنە پەسندکراوە نێونەتەوەیی‌یەکان‌و یاغیگەری لە ئاست جیهاندا بێنێ، بە تەواوی لە نێو چووە. هەر بۆیە خۆشحاڵین کە هاوکات لەگەڵ خەباتی خەڵکی ئێران بۆ لە سەر کار لابردنی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرو ئینسانکوژە، فشاری نێونەتەوەییش بۆ سەر کۆماری ئیسلامی لە زیاد بوون دایە.

لە ١٤ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور شەرەفکەندی، فەتتاح عەبدولی، هومایوون ئەردەڵان‌و نووری دێهکوردی‌دا، ڕێز لە یادو بیرەوەریی ئەوان‌و هەموو ئازادیخوازانی شەهیدی قوربانیی سەرکوت‌و تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دەگرین. هەر لەو کاتەدا لە سەر پێویستی یەکیەتی، لێك نزیکبوونەوەو هاوخەباتیی هەرچی پتری ئازادیخوازانی ئێران لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات‌و توندکردنی خەبات بە مەبەستی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی‌و هێنانە سەر کاری نیزامێکی دێموکراتیك لە ئێراندا پێ دادەگرین‌و بە باشترین پاداش بۆ ئەوان‌و بە تاقە ڕێگای بە فێڕۆنەچوونی خوێنیانی دەزانین.